**هەرێمی کوردستان - عێراق**
**پەرلەمانی**
**کوردستان - عێراق**

# پڕۆتۆکۆلەکان

# ١٢٦

سالٚی/ ٢٠٢٢ – بەرگی سەدو بیست و شەش

---

چاپی یەکەم/ سالٚی ٢٠٢٣

# پێڕیست

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤) ی خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە ٢٠٢٢/٦/٧ ل ٥
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥) خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – یەك شەممە ٢٠٢٢/٦/١٢ ل ٩٧
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٦)ی خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە ٢٠٢٢/٦/١٥ ل ١٦٧

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو کاك بژار.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بابەت ڕاپۆرتی لیژنەی تایبەتمان، کە ڕەخساندنی بۆ کراوە لەلایەن لیژنەی کاروباری یاسایی لیژنەی کاروباری یاسایی ڕۆژی دووشەمە ڕێککەوتی ٢٠٢٢/٣/٢٨ کاتژمێر(١١)ی پێش نیوەڕۆ کۆبوونەوەی خۆی ئەنجامدا بەمەبەستی پێداچوونەوەو داڕشتنی و دڵنیابوونەوە لە دژنەبوونی دەقەکان لەگەڵ دەستوور و یاسا کارپێکراوەکان بەپێی حوکمەکانی ماددەی(٨٥) بڕگەکانی( یەکەم، سێیەم) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان تایبەت بە دەقی ڕاپۆرتی لیژنەی ناوخۆو ئاسایش و ئەنجوومەنە خۆجێییەکان بۆ خوێندنەوەی دووەم سەبارەت بە پێشنیازە یاسای بەرکارکردن و هەمواری یاسای گرتنی ماددە قاچاغ و قەدەغە کراو بۆ ئاڵوگۆڕ کردن لە بازاڕە نێوخۆییەکان ژمارە(١٨)ی ساڵی ٢٠١٨ی هەموارکراو لیژنەی یاسایی ئەم داڕشتنەوەی خوارەوەی پێ پەسەندە.

پێشنیازە یاسای گرتنی کاڵای قاچاغ و قەدەغەکراو لەمامەڵە پێکردن لە هەرێمی کوردستان-عێراق

ماددەی(١):

بۆ مەبەستی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەستەواژەو زاراوەکانی خوارەوە ماناکانیان بەرامبەر دەگەیەنن.

١- هەرێم: هەرێمی کوردستان-عێراق.

٢- ئەنجوومەن: ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێم.

٣- کاڵای قاچاغ: ئەو کاڵایانەیە کە هێنان و بردنیان پێدەکرێت بەبێ دانی ڕەسم و باجی گومرگی بەپێی حوکمی یاسا بەرکارەکان.

٤- کاڵای قەدەغەکراو: ئەو کاڵایانەیە کە لەلایەن دەسەڵاتە پەیوەنیدارەکانەوە مامەڵە پێکردن یان لە بازاڕەکانی ناوخۆی هەرێم قەدەغە دەکرێت.

٥- لیژنە: ئەو لیژنە تایبەتمەندەیە کە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە پێکدەهێنرێت.

ماددەی(٢):

هەردوو وەزارەتی ناوخۆو کاروباری پێشمەرگە و دەزگای ئاسایشی هەرێم و بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگەکان دەسەڵاتیان هەیە بۆ گرتنی.

١- ئەو کاڵایانەی کە بۆ قاچاغی پێکردن ئامادەکراون لەگەڵ ئامرازی بەکارهاتوو لە گواستنەوەیان دا.

٢- گرتنی کاڵای قەدەغەکراو.

ماددەی(٣):

١- لەهەر ئیدارەو پارێزگایەکی سەربەخۆ لیژنەیەك بە سەرۆکایەتی جێگری پارێزگار یان جێگری سەرپەرشتیار پێکدێت بە ئەندامیەتی نوێنەری هەریەك لە وەزارەتەکانی ناوخۆو کاروباری پێشمەرگەو دارایی و ئابووری و بازرگانی و پیشەسازی و دەزگای ئاسایشی هەرێم و داواکاری گشتی.

٢- لیژنە ئەم ئەرکانەی خوارەوە لە ئەستۆ دەگرێت.
- وەرگرتنی ئەم کاڵایانەی بەپێی حوکمی ئەم یاسایە گیراوە.
- خەمڵاندنی بەهای کاڵای دەست بەسەر داگیراو بەپێی نرخی بازاڕ بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان.
- ڕادەستکردنی کاڵای گیراو بە فەرمانگەی پەیوەندیدار.
- دەست بەسەر داگرتن و فرۆشتنی ئەو کاڵایانەی گیراون کە بەهایەکەیان کەمترە لە پێنج ملیۆن دینار وە دابەشکردنی بڕە پارەکە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە ئەوانەی بەهاکەیان لەو بڕە زیاترە بۆ دادگای گومرگی تایبەتمەند ڕەوانە دەکات.
- فرۆشتنی ئەو کاڵایانەی کە گیراون بە زیادکردنی ئاشکرا دەبێت بەپێی حوکمەکانی ژمارە(١)ی ساڵی ٢٠٢١ یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی موڵك وماڵی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان-عێراق، ئەگەر بۆ لیژنە سەلمێنرا کەوا بە قاچاغی ئامادەکراوە.
- فرۆشتنی ئامرازی کاڵای گیراو بە زیادکردنی ئاشکرا بەپێی حوکمەکانی یاسای بەرکار لە هەرێم پاش ئەوەی حوکمی دەرچوو لە داوای پەیوەست بە کاڵای گیراو پلەی بنبڕ وەردەگرێت.
- ڕەوانەکردنی قاچاغچی وەك کەسێك مامەڵە دەکات بە کاڵای قەدەغەکراو شۆفێری ئامرازی گواستنەوەی کاڵای گیراو وە ئەوەی لەگەڵیاندا بەژداربووە بۆ دادگای گومرگی تایبەتمەند و ئازاد ناکرێن لە ڕاگرتن تاوەکو حوکمێکی بنبڕ لە داواکەیاندا دەرنەچێت.
- خەرجکردنی پاداشت و ئەو بڕە پارانەی لە هەردوو ماددەی(٥، ٦)ی ئەم یاسایەدا هاتوون بۆ کەسانی شایستە پاش ئەوەی حوکمەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت.

١- سەرۆکی لیژنە دەسەڵاتی پیادەکردنی حوکمی ماددەی(١٩٤) یەکەم(ب) لە یاسای گومرگی ژمارە(٢٣)ی ساڵی(١٩٨٤)دا دەبێت بۆ مەبەستی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

ئەو کاڵایانەی دەگیرێن بەپێی یاسای گومرگی بەرکار لە حوکمەکانی هەردوو بڕگەی(یەکەم و دووەم)ی ئەم ماددەیە بەدەردەکرێن.

٢- حوکمەکانی ئەم یاسایە بەسەر ئامرازی بەکارهاتوو لە گواستنەوەی کاڵای گیراو بەکرێ گیراوبێت یان خاوەنداریەتی بۆ قاچاغچی بگەڕێتەوە جێبەجێ دەکرێت.

٣- بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان تەکمیلەکە لەلایەن بەڕێز سەرۆکی لیژنەی تایبەتمەند کاك شاخەوان دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك شاخەوان.

**بەڕێز شاخەوان رؤوف مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی(٤):

ئەو کاڵایانەی کە بەقاچاغ هاوردە یان هەناردە کراون لە ماددەکانی(١٩٥)ی یەکەمی یاسای گومرگی بەرکاردا هاتوون بەهاکەیان پێنج ملیۆن دینار دەبێت بۆ ئەوەی بەهاکەی لەوە زیاتر بێت ڕەوانەی دادگای گومرگی تایبەتمەند دەکرێت.

ماددەی(٥):
١- ئەو کەسانەی هەڵدەستن بە ئاشکرا کردنی یان گرتنی کاڵای قاچاغ و قەدەغەکراو کە حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە پاداشتێکی داراییان پێدەبەخشرێت بەڕێژەی٢٠%ی کاڵای دەست بەسەر داگیراو.
٢- پاداشتی هاتوو لە بڕگەی(یەکەم)ی ئەم ماددەیە بەپێی ئەم ڕێژانەی خوارەوە دابەش دەکرێت،
- لە ٥٠% بۆ هەواڵدەر.
- لە ٥٠% بۆ ئەو کەسانەی هەڵساون بە ئاشکراکردن و گرتنی کاڵاکە.
٣- لە حاڵەتی نەبوونی هەواڵدەر تەواوی بڕی ئەو پاداشتە لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیەدا هاتوون دەبەخشرێتە ئەو کەسانەی هەڵساون بە ئاشکرا کردن و گرتنی کاڵاکە.
٤- ڕێـژەی ٨٠%ی بەهـای ئەو کاڵایـانەی بەپێـی حوکمەکـانی ئەم یاسـایە دەسـتیان بەسـەرداگیراون داهاتێکی کۆتایی بۆ ژمێرەی گەنجینەیی گشتی تۆماردەکرێت.
مادده(٦):
١- وەزارەتی دارایی و ئابووری بڕی ئەو پاداشتانەی بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە خەرج دەکرێـت سەبارەت بەو کاڵایانەی لەلایەن وەزارەتی بازرگـانی و پیشەسـازی لەنـاودەبرێن و شـیاوی فرۆشـتن نین لە ئەستۆ دەگرێت.
٢- وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی دەتـوانێ ڕەفتـار بە کـاڵای قەدەغەکـراو کە بەپێـی حوکمەکـانی یاسایە ڕادەست کراون بکات، بە هەناردەکردن یان لەناوبردنیان.
ماددەی(٧):
١- بەرامبەرەکـانی فرۆشـتنی ئەو کاڵایـانەی حوکمەکـانی ئەم یاسـایە دەیـانگرێتەوە لای بـانکێکی حکومی بەناوی لیژنەوە ئەسپاردە دەکرێت و تا حوکمی ماوە پەیوەست بەو کاڵایانە پلەی بنبڕکردن وەردەگرێت.
٢- دوای ئەوەی حوکم دەرکراو لەداوای پەیوەست لەو کاڵایانەی دەستی بەسـەرداگیراوە پـلەی بنبـڕ وەردەگرێت بەم شێوەیەی خوارەوە ڕەفتارکاری بەو بەرامبەرە لەگەڵ بڕگەی(یەکەم)ی ئەم ماددەیە هاتووە ئەنجام دەدرێت.
- ئەگەر حوکمـدرا بەدەسـت بەسـەرداگرتنی کـاڵاکە ئەوا بەپێـی یاسـای بەرکـار لەهەرێـم کە ڕەفتارکاری لەگەڵدا دەکرێت.
- ئەگەر حوکمـدرا بە گەڕانـدنەوەی کـاڵاکە بـۆ خـاوەنەکەی ئەوا بەرامـبەری فرۆشـتنەکەی بـۆ دەگەڕێندرێتەوەو ئامرازی گواستنەوەش بۆ خاوەنەکەی دەگەڕێتەوە.
- سوودی ئەو کاڵایانەی لە بڕگەی(یەکەم)ی ئەم ماددەیەدا هاتووە لەو بانکە سـپێردراوە بەنـاوی شارەوانی پەیوەندیدار لە پارێزگاکەدا تۆماردەکرێت.
ماددەی(٨):
دادگای گومرگی تایبەتمەند بەشـێوەی خێـرا دەروانێـتە ئەو داوایـانەی حوکمەکـانی ئەم یاسـایە دەیانگرێتەوە.

ماددەی(٩):
پێویستە لەسەر ئەنجوومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.
ماددەی(١٠):
وەزیری ناوخۆ بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزیری دارایی و ئابووری ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەردەکەن.
ماددەی(١١):
کار بەدەقی هیچ یاساو بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت.
ماددەی(١٢):
ئەم یاسایە لەڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقائیعی کوردستان جێبەجێ دەکرێت.
هۆیەکانی دەرچوواندن بۆ ڕێگرتن لە قاچاغچیەتی و لەپێناو دەست بەسەرداگرتنی ئەو کاڵایانەی کە مامەڵە کردنیان لە بازاڕە نێوخۆییەکاندا قەدەغەکراون بەمەبەستی ئاشکراکردنی ئەو تاوانانەی کە حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە ئەو یاسایە دەرچووێندرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان ئەو ڕاپۆرتە ئەخەینە دەنگدان وەکو بنەمای موناقەشە هەر بەڕێزێك لەگەڵییەتی بە پێی ماددەی (٨٧) لە پەیڕەوی ناوخۆ؟بەڵێ پەسەندە فەرموون ناونیشان بخوێننەوە بەڕێزان لە لیژنەکان. فەرموو کاك جەلال.

**بەڕێز جەلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ناونیشان پێشنیازە یاسای گرتنی کاڵای قاچاغ و قەدەغەکراو لە مامەڵە پێکردن لە هەرێمی کوردستان-عێراق، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بەڕێزێك ئەیەوێت لەسەر ئەم ناونیشانە قسەبکات با ناوی خۆی بنوسێت؟ (د. شێرکۆ، د.اسماعیل، بدریە خان، کاك، مەم، د. هەورامان، گوڵستان خان، ڕووپاك خان، کاك بەڵێن، کاك دیاری، هەژان خان، د. ڕێبوار، کاك سەروان، مامۆستا ابوبکر، حاجی سفین، شیخ ظاهر) کاك شێخ ظاهر فەرموو.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیازە یاسای گرتنی کاڵای قاچاغ و قەدەغەکراو لە مامەڵە پێکردن لە هەرێمی کوردستان-عێراق، پێم باشە بکرێتە پێشنیازە یاسای دەست بەسەرداگرتنی، چونکە لە ضەبتیش پێم وایە دەست بەسەرداگرتنە نەك گرتنە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك سفین.

**بەڕێز سفین اغا عمر ئاغا:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
قسەکەی من لای شێخ ظاهر کرا پشتگیری دەکەم، زۆر سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس، فەرموو کاك ڕێبوار.
**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
سەبارەت بە ناونیشانەکە وشەی گرتن هاتووە، گرتن لە ئەدەبیاتی ئاسایشدا بۆ ئەوە دێت کە کەسێك بگیرێت، بەڵام بۆ کاڵا دەست بەسەرداگرتن دێت بۆیە من پێشنیار دەکەم وشەی (گرتن) بکرێتە (دەست بەسەرداگرتن) پشتگیری کاك شێخ ظاهر کاك حاجی دەکەم، هەروەها ( لە مامەڵە پێکردن) بکرێت (وەمامەڵە پێکردن)، (وە)ی لۆ زیادکرێتن لەجیات (لە)، زۆر سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس، فەرموو کاك سەروان.
**بەڕێز سەروان محمد علی:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
هەمان پێشنیاری کاك ظاهر و د. ڕێبوارم هەبوو قسەکانم کرا، زۆر سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس، فەرموو کاك هەورامان.
**بەڕێز هەورامان حمە ڕشید:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
منیش پێم وایە ئەم ناونیشانە دەبێت سیاغە بکرێتەوە ڕەکاکەتی پێوە دیارە، زۆر سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس، فەرموو گوڵستان خان.
**بەڕێز گوڵستان سعید حمد:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
پێشنیار دەکەم ئەم عینوانە بەم شێوەیە بخوێندرێتەوە، یاسای دەستبەسەر داگرتن و قەدەغەکردنی مامەڵە پێوە کردن بە کاڵای قاچاغ، زۆر سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
سوپاس، فەرموو ڕوپاك خان.
**بەڕێز ڕوپاك احمد رحمان:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
لە ناونیشان خۆی ئەو پێشنیازە کە هاتووە بە بەرکارو هەموار هاتووە، بەڵام دیارە لیژنەی یاسایی وایان پێ باش بووە یاسای سەربەخۆ بێت ڕاستە من ئەندامی لیژنەم، بەڵام کە ڕوونکردنەوە بۆ ئەندامانی پەرلەمان لەلایەن سەرۆکی لیژنە بدرێت لەوانەیە باشتر بێت،

هەروەها بۆ وشەی دەستبەسەر گرتن پشتگیری لە کاك شێخ ظاهر و د. ڕێبـوار و ئەو بەڕێـزانە دەکەم کە ئەو پێشنیارەیان کرد، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو کاك بەڵێن.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر ناونیشانەکە پێم باشە بەو شێوازە دابڕێژرێتەوە وێڕای پشتیوانیم لە کاك ظاهر، پێشنیازە یاسـای دەستبەسـەر داگرتنـی کـاڵای قاچـاغ و قەدەغەکـراو لە هەرێمـی کوردسـتان، وشـەی مـامەڵەکردن، مـن پـێم وایە کـاڵایەکی قاچـاغ کە دێـتە هەرێمـی کوردسـتان، ئەگەر هێشـتا نەچـووبێتە قۆنـاغی مـامەڵە پێکردنیشـەوە لەبەینـی خـاوەنی قاچـاغچییەکەو هـاووڵاتی یـان دامودەزگایەکە، بەڵام زانیاری هەبێت لەسەری پێویست ئەکات دەستی بەسـەرا بگیرێـت یەعنـی پێویست ئەکا وشەی مامەڵە کردنەکە لابرێت، هەروەها پشتیوانی لە کاك شێخ ظـاهر دەکەم کە وشەی (گرتن) بکرێتە (دەستبەسەر گرتن)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێـزان ئەوە بـاس لە دەسـت بەسـەرگرتنی دوو نەوع کـاڵا دەکـات، بـا بەڕێـز سـەرۆکی لیـژنەی یاسایی ئەوەمان بـۆ ڕوونکـاتەوە باسـی مـامەڵەکردن ناکـات ڕەنـگە لە ئیعـادەی سـیاغەیا باشـتر بکرێتەوە ناونیشانەکە، کاك د. بژار فەرمووون ئێوە.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

زۆر سـوپاس بـۆ پێشـنیارەکانی ئەنـدامانی بەڕێـزی پەرلەمـان، سـوپاس بـۆ روپـاك خـان فعلـەن پێویسـت بـوو لە بیـدایەت ئامـاژەش پـێ بـدەین لەسـەر داوای ڕاپـۆرتی لیـژنەی تایبەتمەنـد داواکرابوو کە لەجیاتی ئینفاز کردنی یاسای عێراقـی شـتێك ئامـادەکەین و کـاربکەین بـۆ ئەوەی ببتە یاسایەکی کوردستانی، سەبارەت بە عنوان کە باسکرا، پێشنیازە یاسای گرتنی کـاڵای قاچـاغ لە قانوونی عێراقیش ضبط هاتووە ئێمە مەبەستمان ئەوەیە لە بەرامبەر ئەو ضبطە گرتنە ئێسـتا ئەگەر ئـێمە بێـین لە عنوانـدا بکەیـنە دەسـت بەسـەرداگرتن، دەسـت بەسـەرداگرتن مصـادریە، مصادرەش مەوزووعێکـی تـرە لە گـرتن نـاتوانی لە عنـوان بکەیـنە مصـادرە، چـونکە ئەم یاسـایە جارێ تایبەت نییە لەسەر مصـادرە دیـارنییە ئایـا مصـادرە دەکرێـت یـان نـا، بەڵام ئەگەر تەماشـا بکەین لە مـاددەی(٧) لەوێ دەستبەسـەر داگـرتن هـاتووە ئەوەش دوای ئیجرائـات، لە مەحـکەمە بڕیار دەدرێت بە مصادرە کردن یان نا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو هەژان خان.

**بەڕێز هەژان حسن احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار دەکەم کە پێشنیازە یاسای گرتن و دەست بەسەرگرتنی کـاڵای قاچـاغ و قەدەغە کـراو لە مامەڵە کردن لە هەرێمی کوردستان-عێراق، لەبەر ئەوەی لە ماددەی (٧) باسی دەستبەسەر گرتن

ناكات لەبەر ئەوەی هەندێ مەواد هەیە لە هەندێ بۆنەدا بۆ نموونە لە یاریە ئاگرینەکان کە دێنە ناو هەرێمی کوردستان لە هەندێ ماوەدا قەدەغە دەکرێت بۆ نموونە لە جەژنەکاندا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك دیاری.

**بەڕێز دیاری انور حمە رحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەبەر ئەوەی بـرادەران پێشـنیازەکەیان وت یەکەم، دوای بەرمەبنـای ڕوونکـردنەوەکەی بەڕێـز سەرۆکی لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك شێرکۆ.

**بەڕێز شێرکۆ جودت مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە، پشتگیری لە قسەکانی خاتوو ڕوپاك ئەکەم کە ئایا ئەم یاسایە یاسایەکی سەربەخۆیە یان هەمواری بەرکارکردنی هەمـوارە لەبەر ئەمە ڕوونکردنەوەمان ئەوێـت لەم ڕووەوە بۆ یەکلاکردنەوی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو بدریە خان.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە پێشنیازی کاك ظاهر و د. ڕێبوار و ڕوپاك خان ئەکەم سەبارەت بە دەستبەسەراگرتن کە لە مـاددەی (٣،٧)دا هـاتووە، بـڕگە (چـوار)ی مـاددە (٣)، وە سـەبارەت بە بەرکـارو هەمـوار پشتگیری ڕوپاك خان دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان کاك د. بژاریش ڕوونیکردەوە ئێمە دوو موصتەلەحمان هەیە (ضـبط و والمصـادرە) ئەم قانوونە قانوونی ضبطە دواتر مصادرە ئەکرێـت، یەعنـی ئەگەر ئـێمە ئەم عینـوانە ڕاسـتە لە وتنـا خـۆش نیـیە، ئەگەر شـتێکی ترتـان هەیە بـۆ موقـابیلی ضـبط بۆمـان بێـنن زۆر باشـە، بەڵام دەستبەسەراگرتن مصادرەیە لەڕووی قانوونییەوە لیژنەی قانوونی نـاتوانن عینـوانەکەی بگـۆڕن خۆ ئەگەر بـۆ بەرامـبەری کەلـیمەی ضـبط شـتێکتان هەیە، ئەوە ئەتـوانن بە لیـژنەکە بڵـێن، بەڵام دەست بەسەراگراتن ضبط جیایە، المصادرە جیایە، دوو موصتەلەحی قانوونی زۆر جیـاوازن، د. اسماعیل فەرموو جەنابتان.

**بەڕێز اسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بسـم الله الـرحمن الـرحیم، والله مـن هەر پرسـیارەك هەبـوو ل لیژنـا تـایبەت ل ڕاپـۆرتێ دا ب شکلەکی هـاتیەو نـاڤ وەسـا هـاتیە کـو یاسـایەکا سـەربەخۆیە موسـەقلە ئەڤە ڕاپۆرتێـدا هـاتیە

یەعنی هەموارەو جێبەجێ کردنە وە د ڤێرێ دا وەکو یاسایەکا موسەقلەك بۆمـان ڕوونکردنەکێ بدەن چونکە کیش کشوان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك مەم.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پاڵپشت بەو ڕوونکردنەوەی جەنابت وەئەوەی بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی باسیکرد، ئەگەر بە وشەی گرتن بێت گرتن بە مانای ضبط نییە قەبچە، مەسەلەن القبچ علـی فلانـی، وە پرۆسێسـی گرتن وەکو برادەران بەشـێکی ئەنـدامانی بەڕێـز تەئکیـدیان لـێ کـردەوە مەسـەلەی پرۆسێسـێك هەیە ناوی دەست بەسەراگرتنە وە گرتنە، گرتن حادەتەن بۆ چ شتێك ئەبێت بۆ زیندەوەر ئەبێـت بۆ ئاژەڵ ئەبێت بـۆ مـرۆڤ ئەبێـت عەمەلیـیەکە ئەکـرێ، بەڵام کـاڵایەك مـاددەیەك ئەڵـێ دەسـتم بەسەراگرت ئەم موصادەرەیە ئەکرێ کاتی بێت بـۆ سـەعاتێك بێـت ئەکـرێ بـۆ حەفـتەیەك بێـت ئەکرێ بۆ مانگێك بێت، بەڵام ئەگەر وشەکە ضبط لە بەرامـبەر عەرەبـی بەڕاسـتی لێرەیـا وشـەی گرتن جێگەی خۆی ناگرێ یەعنـی ئەوە ئیشـکالێکە، تەبعەن مـن پاڵپشـت بەوەی کە تەئیـدی ئەو ئەنــدامە بەڕێــزانە ئەکەم کە جەختیــان کــرد لەســەر مەســەلەی چەمکــی موصــادرە واتە دەستبەسەراگرتن بەشیاوتر دەزانم نازانم ئەگەر چەمکێکی تر هەبێت ئەگەر لێـرە بەکـاری بێنـین بــۆیە پێشــنیاز دەکەم داڕشــتنەوەکە کــۆی بەم شــێوەیەی لێبکرێــت پێشــنیازە یاســای دەستبەسەراگرتنی کـاڵای قاچـاغ و قەدەغەکـراو نەك لە مـامەڵە پێکردنـا قەدەغەکـراو و مـامەڵە پێکردنیان لە هەرێمی کوردستان، ئەم چەمکانە لەناو تەبعەن زمانی کوردی دەوڵەمەنـدە هەنـدێ موڕادیف هەیە ڕەنگە ئێستا لەبەردەستا نەبن، ضبط تەئکید دەکەمەوە گرتن نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك ابوبکر.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تەبعەن لە زمانی عەرەبی هەر سێ وشەی (ضبط، حجز، صادرە) مان هەیە، فعلەن مـن ئەم شـەو لە فەرهەنگی قانوونی د. نـوری تاڵەبـانی و لە هەنبـانە بۆرینەشـا گەڕام نزکتـرین دەسـتەواژە بـۆ ضـبط گـرتنە یەعنـی لە هەموویـان نزیکتـرە هەروەهـا لە مـاددەی (٥٧)ی پەیـڕەویش لە ئینزباتـا بەرزەفت کردنمان داناوەتەوە بۆیە نزیکترینیان بریتیە لە گرتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك سیروان فەرموو نوقتەی نیزامی.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەنسبەت ئەو ضبطە......

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نوقتە نیزامی نیە ئەوە دەی قسە بکە.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

.... ئاخر ناوم نەنووسی بوو بەس دەمەوێ قسە بکەم لەسەر ئەو پێشهاتەیە یەك پێشنیازم هەیە ناوم نەنووسی بوو، بەڵام بەڕووخسەتی جەنابت ئەگەرنا بە نوقتە نیزامی قسە ناکەم.......

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

نانا دەست خۆش والله پێم خۆشە فەرموو.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

..... من وەك وەرگێڕێك لە ئەڵمانی ئەم شتە بە گلدانەوە دێتەوە، گلدانەوە گلی ئەدەنەوە تا ئەو حاڵەتە یەکلا ئەبێتەوە ئینجا گلدانەوە لە وشەیەکی ئەڵمانیەوە ڕێك کوردیەکەی وا ئەکات ضبط ئەوەیە حاڵەتێکە نارِوونە پۆلیسێك پێی وایە ئەمە قاچاغییە وەری ئەگرێت ئەیدا بە دادگا دادگا بڕیار ئەدا ئایا ئەمە قاچاغ بوو یان قاچاغ نەبوو بۆ گلدانەوەی وەکو تەئمین دائەنرێت تەئمینەکە ئەوەیە یان ئەوەیە یاسا بەسەریا ئەسەپێ سزای لەسەرە سزای ئەدەن یاخود سزای لەسەر نییە، پۆلیسەکە تەهوینی کردووە پاداشتیشی ئەکەنەوە تەئمینەکەشی بۆ دەگەڕێننەوە کەواتە وشەی گلدانەوە لە ضبطەکەیا دێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بەڕێز سەرۆکی لیژنەی یاسایی ڕوونکردنەوەشتاندا، بەڵام ڕوونکردنەوەی زیاتر بۆ لە ئینفازەوە کردمان بە قانوونێکی سەربەخۆ؟ فەرموو کاك بژار.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دووبارە زۆر سوپاس، بەپێویست دەزانم جارێکی تر تەوزیح لەسەر هەردوو بابەت بدەم جارێ پێشتر ئەم پێشنیازی یاسایە لە کاتی خۆیدا لە ساڵی(٢٠١٩) بۆ خوێندنەوەی یەکەم کە ئاڕاستەکراو خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کرابوو ڕاستە بەرکارکردنی یاسای ئیتحادی بوو لێرە دوای ئەوە ئەمە ڕاپۆرتی لیژنەی ناوخۆیە لەم ڕاپۆرتە داوایان کردیە پێمان باشە لە جیاتی باسکردنی قانوونی ئیتحادی با قانوونێکی کوردستانی بێت، بۆیە ئێمە ناتوانین لە کلیشەی یەکەم و دووەمی ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی یەکسەر عنوان بگۆڕین ئەو دەسەڵاتەمان نییە بەس کەدێین یەکسەر دەڵێین لیژنەی یاسایی ئەمەی خوارەوە یان ئەو داڕشتنەی خوارەوەی پێ پەسەندە یەکسەر عینوان لەوێ ئەو عنوانەیە کە ئێمە دامانناوەو بەشێوەیەك کە یاسایەکی کوردستانییە بۆ، چونکە ئەو ڕاپۆرتەی دێتە ناو جەلسە لێرە بە دەنگدان دەبێتە بنەما دوای ئەوەیکە دەنگ لەسەر ئەم ڕاپۆرتەدرا، ئینجا ئەوە عینوانەکەی تەسبیت بوو بۆیە لە کلیشەی یەکەمی ڕاپۆرتی ئێمەدا ناتوانین دەستکاری عینوان بکەین چۆن تەقدیم کراوە دەبێت ئەوە دانێین لە بەرنامەی کاریشدا بەڕێزان سەرۆکایەتی پەرلەمان ناتوانن، چونکە تا ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی دەنگی لەسەر نەدرێت نابێتە بنەما ئەوە یەکەم، بەس سەبارەت بە ئەویتر سەبارەت ناونیشان، یەعنی وەکو جەنابت ئاماژەت پێدا ئەگەر دەستەواژەیەك هەیە بەدیل بۆ گرتن لای ئێمە هیچ کێشەمان نییە وابزانم لای لیژنەی یاسایی و لیژنەی ناوخۆش، بەس ئەگەر بۆ مصادرە بێت فعلەن لە ڕووی قانوونیەوە ناتوانین ئەم یاسایە هەمووی تێك دەدات جارێ ئەم کاڵایانە تا هەموو ئیرائاتەکان تەواو نەبێت وە قەراری مەحکەمە دەرنەچێت کە ئەم کاڵایانە قاچاغن یان هاتوون بەبێ ئەوەی

ڕسم و گومرگی دابێت ناتوانین یەکسەر بێین مصادرە بکەین، چونکە مصادرە چیە یەعنی گواستنەوەی موڵکیەتە لە ئی مەحکوم علەی بۆ دەوڵەت بەبێ ئەوەی هیچ تەعویزێك بدات ناتوانین یەکسەر کە کاڵایەك دەستبەسەرداگیرا ئەگەر بەس بە نموونەش بێنم صەفعەی پێنج لەم ڕاپۆرتەدا خاڵی پێنجەم لە کۆتاییەکەیا دەڵێت ئەگەر بۆ لیژنە سەلمێنرا کەوا بەقاچاغی ئامادەکراوە ئاخر ئەگەر نەسەلمێنرا، چۆن مەعقولە لە بیدایەت مصادرە بکرێت پێش ئەوەی ئیسپات بێت فعلەن ئامادەکراوە بۆ قاچاغی یان نا بۆیە دوو شتی لێکجیان یەعنی گرتن و دەست بەسراگرتن دوو شتی لێکجیان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو ڕێبوار.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای دەست خۆشیم بۆ ڕوونکردنەوەی جەنابت و بەڕێز سەرۆکی لیژنە، من ئەمەوێ ئەمە بخەمە ڕوو کە ئێمە لە مەجلس نوابی عێراقی نین ئێمە لە پەرلەمانی کوردستانین وە موشەرەع کوردەو بە نیەتێکی کوردی و بە گوێرەی ئەو وشانەی کە باون لە کۆمەڵگای کوردی و لە ئەدەبیاتی بوارە جیاجیاکانا هاتووە تەشریع دەرئەچوێندرێ لە پەرلەمانی کوردستانا، بۆیە تەئکید دەکەمەوە وشەی دەست بەسەراگرتن بەگوێرەی ئەدەبیاتی ئاسایش کاڵاییەك پێی نالێن گرتن پێی ئەڵێن دەست بەسەرگرتن، کەواتە دەست بەسەرگرتن لە فەرهەنگی کوردی بەمانای مصادرە نایەت بەهیچ جۆرێك بەمانای ضبط کردن دێت بۆیە من جەخت ئەکەمەوە لە بری وشەی گرتن وشەی دەستبەسەرگرتن بکرێ کاتێك ئەگەر پێویست بوو ئەم یاسایە تەرجوومەی عەرەبی بکرێتەوە ئەوکاتە لە بری مصادرە بکرێتە ضبط، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئێمە دەیان قانوون لەم پەرلەمانە دەرچووە دەست بەسەرگرتن لەجیاتی مصادرە بەکارهاتووە یەعنی ان شاءالله بیردەکەینەوە لە زۆر یاسا هەتا لە تازەترین یاسا یاسای چەك یەعنی مصادرە حوکمە لێرە بە دەست بەسەرگرتن تەرجوومە کراوە، فەرموون ماددەی(١) بخوێننەوە، فەرمو کاك جەلال.

**بەڕێز جەلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ مەبەستی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەستەواژەو زاراوەکانی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریان دەگەیەنن.

١- هەرێم: هەرێمی کوردستان-عێراق.

٢- ئەنجوومەن: ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێم.

٣- کاڵای قاچاغ: ئەو کاڵایانەیە کە هێنان و بردنیان پێدەکرێت بەبێ دانی ڕەسم و باجی گومرگی بەپێی حوکمی یاسا بەرکارەکان.

٤- کاڵای قەدەغەکراو: ئەو کاڵایانەیە کە لەلایەن دەسەڵاتە پەیوەندیدارەکان مامەڵە پێکردنیان لە بازاڕەکانی ناوخۆی هەرێم قەدەغە دەکرێت.

٥- لیژنە: ئەو لیژنە تایبەتمەندانەیە کە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە پێکدەهێنرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان لەسەر ماددەی (١) کێ قسەی هەیە؟ هەموو ناوەکان دەخوێنمەوە نەوەك یەکێکمان نەنووسی بێت دوای ئەوە کاك جەمال بەڕێزت قسەبکە، (کاك سیروان، کاك مەم، مژدە خان، کاك جەمال، کاك کاروان، کاك بەڵێن، شیرین امین، کاك ڕزگار، کاك عثمان، د. ڕێبوار، جوان خان، کاك چیا، حسیبە خان، کاك هێڤیدار، لیزا خان، سەوسەن خان، د. گەلاوێژ، کاك شێخ ظاهر، کاك علی، کاك بختیار، نجاة خان)، کاك جەمال فەرموو.

**بەڕێز جەمال حویز مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەماددەی(١) من تێبینیم لەسەر ئەو خاڵانەی خوارەوە هەیە:

یەکەم: هەرێم: هەرێمی کوردستان-عێراق نووسرایە، بەڵام ئەبێت بکرێتە هەرێمی کوردستان-عێراق.

سێیەم: کاڵای قاچاغ: ئەو کاڵایانەیە ئەوە جەمعە بەخۆی ئەبێت بنووسرێت ئەو کاڵایانەن.

چوارەم: ئەو کاڵایانەیە کە مامەڵە پێکردنیان لە ناوخۆی هەرێم قەدەغە دەکرێت لەلایەن دەسەڵاتە پەیوەندیدارەکانەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو شیرین خان.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (١) من تێبینیم لەسەر بڕگەی سێیەم و بڕگەی چوارەم هەیە.

بڕگەی سێیەم: کاڵای قاچاغ: ئەو کاڵایانەیە کە هێنان و بردنیان پێدەکرێت بەبێ دانی ڕەسم و باجی گومرگی بەپێی حوکمی یاسا بەرکارەکان، پێشنیار دەکەم وشەی پێدەکرێت بکرێتە (پێوە دەکرێت) هەروەها بەبێ دانی ڕەسم و گومرگی بەپێی حوکمی یاسا بەرکارەن بکرێتە (لە دەرەوەی ڕێکارە یاساییەکان). بڕگەی چوارەم: کاڵای قەدەغەکراو: ئەو کاڵایانەیە کە لەلایەن دەسەڵاتە پەیوەندیدارەکان مامەڵە پێکردنیان لە بازاڕەکانی ناوخۆی هەرێم قەدەغە دەکرێت، پێشنیار دەکەم دەسەڵاتە پەیوەندیدارەکانەوە بکرێت بە (دەسەڵاتی پەیوەندیدار)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاروان.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمان عبدالله (کاروان گەزنەیی):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (١) لە بڕگەی چوارەم من تێبینی ئەوەم هەیە کە ئەو کاڵایانەی لە لایەن دەسەڵاتە پەیوەدیدراەکان، ئەمە یاسای بۆ زیادبکرێت یاسا بەرکارەکان ڕاستە لە بڕگەی سێیەمیش لە شوێنەکانی تریش ئاماژەی پێکراوە، بەڵام لێرە تۆزێك مەطاطیە بۆیە ئێمە کێشەیەکی گەورەی قاچاغمان هەیە لە هەرێمی کوردستان، بۆیە وابکەین کە نەك تەنها ئەوەی کە بەرێنمایی لە حکومەتەوە دەردەچێت بەڵکو ئەوەی بە یاسا بەرکارەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان

ڕێگری لێکراوە ئەمە قوفلی دەکات تا ڕادەیەك وا ئەکات کە ئەم مەطاطی بوونە نەهێڵن لەناو بڕگەکەدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموو کاك عثمان.

**بەڕێز عثمان کریم سوارە (عثمان سێدەری):**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی لە قسەکانی کاك جەمال هەروتی دەکەم لەو دوو بڕگەیەی کە ئیشارەتی پێدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك بەڵێن.

**بەڕێز بەڵێن اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر بڕگەی (چوارەم) جارێکی تر من دیسان داوای ڕوونکردنەوە لە بەڕێزان لە لیژنەی قانوونی دەکەم، مەسەلەن ئەگەر ماددەیەکی قاچاغ لە دەروازەکانی هەرێمی کوردستانەوە بهێنرێتە ناو هەرێم، بەڵام لەناو هەرێم مامەڵەی پێوە ناکرێت، مەسەلەن ئەچێتە باشوری عێراق یان ئەچێتە شوێنێك، بەڵام لەو کاتەیا کە لەناو هەرێمە پێی ئەزانرێت هەواڵ دەرەکە یەعنی ناگیرێت لەبەر ئەوەی مامەڵەی پێوە نەکراوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو جوان خان.

**بەڕێز جوان یونس محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری لە قسەکانی کاك جەمال دەکەم سەبارەت بەو داڕشتنەی دووبارە دابڕێژرێتەوە، لەهەر یاسایەك کە ئێمە دەیهێنین و باسی پێناسەکان دەکەین هەر دەستەواژەیەك لەناو فەرهەنگەکاندا هاتبێت لە ماددەی (١) پێناسەی بۆ دەکرێت، لە ماددەی (٢) باسی وەزارەتی ناوخۆو پێشمەرگە دەکرێت، پێم باشە وەزارەتیش زیادبکرێت لە پێناسەکان وەزارەتی ناوخۆ، وەزارەتی پێشمەرگە، لە ماددەی (٨) باسی دادگای گومرگی دەکرێت، دادگای گومرگیش پێناسەیەکی بۆ بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك چیا.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیا من لسەر خالا چارێ بیت لڤێرێ هاتیە کو ئەڤ کالایانەی کە لەلایەن دەسەڵاتە پەیوەندیدارەکان هاتووە معامەلە پێدەکرێن لە بازاڕەکانی ناوخۆی کوردستان قەدەغە دەکرێت، من پێم باشە بەپێی یاسا قەدەغە دەکرێت لە بازاڕەکانی ناوخۆ، چونکە گەلەك جارا تشتەك وەکو بڕیار دێتە ئەڤ بڕیارا نەیاسایيە ژبەر هندێ سەرۆکێ لیژنا یاسایی کاك بژار ئەکەر بەپێی یاسا لە

بازاڕەکانی ناوخۆی هەرێمی کوردستان قەدەغە بکرێت، چونکی هەر ل خاڵا پێنجییش نقیسیە ئەم یاسایە یەعنی عەینەن بابەتی یاسی لێ زێدە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو حسیبە خان.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خودای مەزن و دلۆڤان، لە پێناسەکان من پشتگیری جوان خان دەکەم کە وەزارەتەکان دیار بکرێن وە بڕگەی سێیەمیش بەم شێوەیەی لێبکرێت، ئەو کاڵایانەن کە هێنان و بردنیان پێدەکرێت لە دەرەوەی یاسا بەرکارەکان بەبێ دانی ڕەسم و باجی گومرگی، بۆ بڕگەی چوارەمیش پشتگیری کاك کاروان دەکەم ئەو کاڵایانەیە کە لەلایەن دەسەڵاتە پەیوەندیدارەکانەوە مامەڵە پێکردنیان لە لە شارەکانی ناوخۆی هەرێم قەدەغە دەکرێت بەپێی یاسا بەرکارەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو سەوسەن خان.

**بەڕێز سەوسەن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بڕگەی چوارەم لە کاڵای قەدەغە کراو پشتگیری کاك چیا دەکەم وە من پێم باشە لەو بڕگەیە کە دەڵێ ئەو کاڵایانەیە کە لەلایەن دەسەڵاتە پەیوەندیدارەکان بکرێتە دامودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەپێی یاسا مامەڵە پێکردنیان لە بازاڕەکانی ناوخۆی هەرێم قەدەغە دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو گەلاوێژ خان.

**بەڕێز گەلاوێژ عبید عثمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١) خاڵی سێیەم کاڵای قاچاغ پێم باشە بەشێوەیەکی تر دابڕێژرێتەوە ئەو کاڵایانەن کە هێنان و بردنیان پێدەکرێت بە شێوەیەکی نا ڕەسمی بەبێ دان و باج و ڕەسمی گومرگی بەپێی حوکمی یاسا بەرکارەکان یانی شێوەیەکی نا ڕەسمی بۆ زیاد بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك ڕێبوار.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحيم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم: من هەست دەکەم ئەم پێشنیازە یاسایە وشەیەکی گرینگی لێ نقووستانە، چونکە ناکرێت تەنها تەرکیز لەسەر کاڵا بکەین، ئێمە وشەیەکی تریشمان هەیە پێی دەوترێت شتومەك کاڵاو شمەك یا کاڵاو شتومەك، ئێستا بۆ نموونە جل و بەرگ شتومەکە، بەڵام ئەم پێنووسە کاڵایە

ئایا مەبەستی موشەرەح تەنها کاڵایە قەدەغە بکرێت دەستبەسەرا بگرێت، یان شتومەك، بۆیە ئەمە زۆر گرینگە ئەم تەوزێعە لە لیژنەی تایبەتمەن وەربگیرێت لە لیژنەی یاسایی.
دووەم: لە خاڵی سێیەم هاتووە تەنها بەگوێرەی یاسا بەرکارەکان قەدەغە کراوە ڕێنماییەکان زۆر دەوری هەیە لەکاتی پێویست دا بە ڕێنمای کاڵایەك قەدەغە دەکات، بۆیە گرینگە وشەی ڕێنمایشی بۆ زیاد بکرێت لە خاڵی سێیەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو نجاة خان.

**بەڕێز نجاة شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من دوو تێبنی هەین، تێبینیا یەکێ یەکەم: هەرێم هەرێمی کوردستان هەڵەی چاپ دیارە هەی هەرێمی کوردستانی دبیتە هەرێمی کوردستان، وە لە بڕگەی چوارێ کاڵای قەدەغە کراو لێرە ئەز پشتڤیا ئاخافتنێ کاك چیا و سەوسەن خانێ دکەم کو ب یاسا قەدەغە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك بختیار.

**بەڕێز بختیار شوکری سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

یەکەم: سەبارەت بە ماددەی (١) سێیەم کاڵای قاچاغ باسی ئەوەی دەکات ئەو کاڵایە ڕەسم و باجی گومرگی نادات ئێمە لە یاسای وەبەرهێنان و یاسای تەلمیعی سناعی مەوادمان هەیە مەعفیە لەڕەسم و گومرگیش ئایا ئەوە دەچێنە ناو خانەی کو ئەو کالایە قاچاغە؟ پێم باشە بە ڕەزامەندی جهێتی پەیوەندیدار یان حکومەت تێدا دیاربکرێت.
دووەم: ماددەی(٣) دووەم: بەعسی کەسانی شایستە دەکات ئەو کەسانەی شایستەن تەعریفی نەکراوە یەعنی ئەوە بە عمومیەت هاتیە کە چییە ئەوە پێم باشە ئیزافە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك سفین.

**بەڕێز سفین اغا عمر اغا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش هەر تێبینیم لەسەر وشەی کاڵا هەیە وەکو د. ڕێبواری گوتی، کاڵا بە هەندەك ماددەی تایبەت دەگوترێ، خۆراکمان هەیە، مەسەلەن شتومەك و جل وبەرگ و ئەو شتانەمان هەیە، پێم باشە وشەی کاڵا بگۆڕدرێتن ئەوەش بگرێتەوە یەعنی بە عام وشەك دابنرێتن ئەوەی هەموو بە قاچاغ دێتن وەکو خۆراك و جل وبەرگ و ئەوشتانە بگرێتەوە، پشتگیری د. ڕێبورار دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك ظاهر.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیم لەسەر بڕگەی سێیەم و چوارەم هەیە، بڕگەی سێیەم کالای قاچاغ ئەو کاڵایانەیە کە هێنان و بردنیان پێدەکرێت بەبێ دانی ڕەسم و باجی گومرگی بەپێی یاسا بەرکارەکان، لێرە پێشنیاز دەکەم بکرێتە ئەو کاڵایانەی کە هەناردەو هاوردە دەکرێن بەشێوەی قاچاغ و ئەوەی تر لابرێت، چونکە شتێك کە بەقاچاغ بوو چۆن ڕەسم و باجی گومرگی دەدات، چوارەم کاڵای قەدەغەکراو ئەو کاڵایانەیە کە لەلایەن دەسەڵاتی پەیوەندیدارەکانەوە مامەڵە پێکردنیان لە بازاڕەکنی ناوخۆی هەرێم قەدەغە دەکرێت، پێشنیار دەکەم بەم شێوەیەی لێبکرێت (کاڵای قەدەغەکراو ئەو کاڵایانەیە کە لەلایەن دەسەڵاتە پەیوەندیدارەکان لە هەرێم)، لەبەر ئەوەی تایبەتە بە هەرێم مامەڵە پێکردنیان لە بازاڕەکانی هەرێم قەدەغە دەکرێت، بکرێتە (قەدەغەکراوە)، چونکە پێشووتر قەدەغەکراوە مەرج نییە ئێستا قەدەغە بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك هێڤیدار.

**بەڕێز هێڤیدار احمد سلیمان:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پاڵپشتی بەڕێز کاك بختیار دەکەم قسەکانی منی کرد، یەعنی لە کوردستان عەفووی گومرگی هەیەئێ ئەو شتانەی کە بە عەفووی گومرگی داخڵ بوو ئەوکاتە قاچاغە یان نا، هیچ باج نادات زەریبە نادات، هەر داخڵی دەبێت وە شەرت نییە لەناو گومرگ داخڵ ببێت، لە شوێنێکی تری سنوورەکە داخڵ دەبێتن ئەو تەعریفەیە زیاتر ئەوبێت هیچ مەجال نەدات، چونکە پێناسەیە بۆ ئەم یاسایەو هەموو یاسایەکی تری کە لە پەرلەمانی کوردستان دەردەچن، هەرێم وەسفە ئەم هەرێمە کوێیە، هەرێم ناوەکەی کوردستانە هەرێمی کوردستانە مەسەلەن، دووەم ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێم، کام هەرێم؟ ئەبێ مەسەلەن هەرێمی کوردستانە کوردستان ئەصڵەکەیە هەرێمی کوردستان، یەعنی بۆ ئەم قانوونەو هەموو قانوونەکانی تر یەعنی کوردستان لە تەنیشت هەرێمەکە زیاد بکرێتن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو لیزا خان.

**بەڕێز لیزا فلك الدین صابر:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە بڕگەی پێشووتر زۆر موناقەشەی ئەوە کرا، کە گرتن یان دەست بەسەرگرتن بەکاربێت لێرە دەتوانین حەلی ئەم موشکیلەیە بکەین لە پێناسەکان دەتوانین زیادی بکەین بۆ نموونە کە پرۆژەکە دەخوێنیتەوە یان پێشنیازە یاساکە دەبینی هەم دەست بەسەرداگرتن بەکارهاتووە هەم گرتن ئایا یەکە یان جیاوازە؟ ئەگەر مەبەستیان ئەوەیە گرتنەکە پێش حوکم دانە با پێناسەی بکرێت ئەگەر مەبەستیان ئەوەیە کە یەك وشەیە با ڕێکبخرێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەم پێشنیازە یاسایە جوانتر بێت لە ڕووی یاساییەوە، ئەگەر بێت و ئەم وشەیەش بەکارهێنرا لەلایەن ئەندام پەرلەمانێکەوە وشەی گلدانەوەش جوانە دەتوانی بەکاری بێنین وە ئەگەر کاڵای دەست

بەسەرگیراویش ئەتوانێتن ئەمە حەلی موشکیلەیەکە بەم شێوەیەش پێناسەی بکەین، ئەگەر پێش حوکمدان بێتن نازانم ئەوە با برادەرانی لیژنەی یاسایی جوابمان دەنەوە.
کالای دەست بەسەرگیراو: ئەو کالآیەیە کە لەلایەن هەردوو وەزارەتی ناوخۆو پێشمەرگەو دەزگای ئاسایشی هەرێم و بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگەکانەوە دەستیان بەسەرداگیراوە، مەبەستی ئەوە ئەبێت کە هێشتا حوکم نەدراوە، لەبەر ئەوە ئەم وشەیەمان بەکارهێناوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەستتان خۆش بێت، دوای لیژنەی قانوونی ڕوونکردنەوەیەك بدەن بۆ هەمووی، بەسەر چاو كاك علی ئاخر کەس ناوت نووسی بوو بۆیە فەرموو كاك سیروان.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من قسەکانم لەلایەن زۆربەی هاوڕێیانەوە کرا، بۆیە بە پێویستی ئەزانم کە پشتگیری لە قسەکانی كاك جمال بکەم بەتێکڕایی وە كاك بەڵێن و كاك کاروان گەزنەییو بەشی دووەمی قسەکانی د. ڕێبواریش پێم پەسەندە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك مەم.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئیشکالیەت هەیە لەناو پێناسەکانی ئەوەی کە لیژنەی بەڕێز بەسەریان تێپەڕیوە زۆر دیقەتمدا بزانم پەرلەمانتارە بەڕێزەکان ئەو خەلەلە ئەگرن یان نا، مەسەلەن پێناسەی سێیەم تەماشاکەن کالآی قاچاغ پێناسە بەخۆی پێناسە ناکرێت، ئەوە وەکو ئەوە وایە بڵێی کالا ئەو کالآیەیە وەکو ئەوەی بڵێی گەنم چیە بڵێی ئەو گەنمەیە کە نانی پێ دروست دەکرێت، یەعنی ئەبێت پێناسەیەك بێت ماددەکەمان پێ بناسێنێت، یەعنی کالآی قاچاغ ئەو کالآیانەیە کە هێنان و بردنیان ئەمە لە پێشا جارێ نازانین کالا چییە تاوەکو کالآی قاچاغ، بۆیە من ئێستا هەندێ پێشنیاز بۆ چۆنیەتی داڕشتنەوەی بڕگەی سێیەم وە بڕگەی چوارەم کە کالآی قەدەغەکراوە دیسانەوە کالا ئەو کالآیەیە گەنم ئەو گەنمەیە کە نانی پێ دروست ئەکرێت وەکو ئەو پێناسەیە لە کاتێکدا ئەبێ بڵێی گەنم ئەو بەرهەمە خۆراکییەیە کە لە ئاش دەکرێتە ئاردو نانی لێ دروست ئەکرێت بۆ نموونە، مەسەلەی بڕگەی سێیەم بڕگەی سێیەم پێناسەکە پێشنیاز دەکەم بەم شێوەیەی لێبکرێت، جارێك ئەم یاسایە من لەلیژنەی بەڕێز دەپرسم ئایا پێویست ناکات کالا بناسین چییە؟ جارێ بزانین کالا چییە پێناسەیەکمان هەبێت بۆ کالا بەدێڕێك بە دوو دێڕ دواتر کالآی قاچاغ ئەمەیە وە کالآی قەدەغەکراویش بەم شێوەیە، بۆیە من پێناسەکانم بەم شێوەیە دەبێت تەبعەن کالا لە ماددەی (١)ی قانوون ژمارە (٢٣)ی ساڵی١٩٨٤ کەکاری پێدەکرێت بەم جۆرە هاتووە.
بڕگەی (سێزدە) ماددەی (١) کالا: هەر ماددەیەك یان بەرهەمهێنراوێکی سروشتی یان ئاژەڵی یان کشتوکاڵی یان پیشەسازی دەگرێتەوە، ئەگەر ئەم پێناسەیەی کە لە قانوونی ژمارە (٢٣)ی ساڵی

١٩٨٤ كە بەرکـارە، چـونکە لەنـاو ماددەکـانی تـریش دا ئەڵێـت ئەوە پێویسـت ئەکـا لیـژنەی پەیوەندیدارە ئەوە جێبەجێ بکات، ئەوە بەم پێناسـەیە دابنـرێتەوە خزمەتـی پێشـنیازە یاسـاکە ئەکات، بڕگەی سێیەم پێشنیاز دەکەم بەم شێوەیەی لێ بکرێت.
کاڵای قاچاغ: هەر ماددەیەك یان بەرهەمهێنراوێکـی سروشـتی یـان ئـاژەڵی یـان کشـتوکاڵی یـان پیشەسازی دەگرێتەوە کە بەبێ دانـی ڕەسـم و بـاجی گـومرگی بەپێـی حوکمەکـانی ئەم یاسـایە هێنان و بردنیان پێوە دەکرێت.
بـڕگەی چـوارەم کە کـاڵای قەدەغەکـراوە هەر مـاددەیەك یـان بەرهەمهێنراوێکـی سروشـتی یـان ئاژەڵـداری یـان کشـتوکاڵی یـان پیشەسـازی دەگـرێتەوە کە لەلایەن دەسـەڵاتی پەیوەندیـدارەوە پاڵپشت بە حوکمەکانی ئەم یاسایە مامەڵە کردنیان لە ناوخۆی هەرێمدا قەدەغەکراوە، بۆ بـڕگەی چوارەمین.
بەنسبەت بڕگەی پێنجەم تەبعەن ئەو کـاتە ئەگەر کـاڵا پێناسـەکەین کـاڵا ئەبێـتە بـڕگەی سـێیەم، بڕگەی سێیەم کاڵای قاچاغ دەبێتە چوارەم، چوارەم ئەبێتە پێنجەم، پێـنجەم کە لیـژنەیە ئەبێـتە شەشەم بەم شێوەیە پێناسە کرێت لیژنەکە کە ئەڵێ بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە مـن پێشـنیاز دەکەم ئیزافەیەکی بۆ بکرێت بەپێی حوکمەکانی مـاددەی (٣)ی ئەم یاسـایە، چـونکە لە مـاددەی (٣) ئەم ڕوونکراوەتەوە باشتر دێ، ئیشـکالیەتێك لەنـاو ئەم یاسـایە ئەبیـنم حەزئەکەیـن لیـژنەی یاسـایی بۆمـان ڕوونکـاتەوە مەسـەلەی لێـرە ئەوەیە دەسـەڵاتە پەیوەندیـدارەکان ئەو کـاتە هەر فەرمـانگەیەك هەر وەزارەتێـك خـۆی بەخـاوەنی ئەم مەسـەلەیە ئەزانێـت، یەعنـی بـۆ نمـوونە دەسەڵاتی پەیوەندیدار لە قۆناغێکدا بۆ قەدەغەکردنی تەمـاتەو خەیـار لە وەرزی بەرهەمهێنـانی تەماتەیـا ئەو قەدەغەی دەکـات کە پەیوەنـدی بە وەزارەتـی کشـتوکاڵەوە هەیە کە لێـرە ئەرکـی جێبەجێ کردنی تەنیا وەزارەتی نـاوخۆو دارایـیە، بـۆیە مەسـەلەی دەسـەڵاتە پەیوەندیـدارەکان بەبڕوای من پێویست ئەکات چەند پێناسەیەکی کەی هەبێت وەکـو دەسـەڵاتە پەیوەندیـدارەکان وە لایەنــی پەیوەندیــدار وە فەرمــانگەی پەیوەندیــدار، لەنــاو ئەم یاســایەیە زۆرجــار هەنــدێ فەرمانگە خۆی ئەکات بەخاوەنی، من لایەنـی پەیوەندیـدارم جـێگەی بکـرێتەوە بـۆ نمـوونە مـن پێشنیاز دەکەم بۆ دەسەڵاتە پەیوەندیدارەکان، دەسەڵاتە پەیوەندیدارەکان وەزارەتەکانی ناوخۆ، کاروباری پێشمەرگە، دارایـی و ئـابووری، بازرگـانی و پیشەسـازی، کشـتوکاڵ، دوزگـای ئاسایشـی هەرێم و بەڕێوەبەرایەتی گومرگەکـان دەگـرێتەوە، بـۆ لایەنـی پەیوەندیـدار ئێسـتا پێناسـەیەکم لەبەردەستدا نیە ئەگەر پێتان باش بێت یان فەرمانگەی پەیوەندیدار دواتر لە ڕاپـۆرتی هاوبەشـا ئەکرێت سیاغەی بدۆزنەوە، زۆر سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
زۆر سـوپاس ئەو پێناسـانەی کە کردبـووت کـاك مەم والله بەنووسـراو بینێـرە بـۆ لیـژنەکە بـێ زەحمەت. فەرموو مژدە خان.
**بەڕێز مژدە محمود محمد:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
بەنـاوی خـوای گەورەو میهرەبـان، لە مـاددەی (١) بـڕگەی یەکەم هەرێمـی کوردسـتان، مـادام ئەو داشە کە هەیە ئەو (ی) لێبکرێتەوە دەبێتە هەرێمی کوردستان-عێراق.

ماددەی (١) خاڵی سێیەم: کاڵای قاچاغ بەر لەوە پێناسەش بکرێت بۆی زیاد ببێت، ماددەی (١) پێناسەکان لە پێنج پێناسەوە بکرێت بە حەوت پێناسە هەم دادگای گومرگی پێناسە بکرێت، لەبەر ئەوەی لە یاساکەدا ناوی هاتووە دەبێت تەعریفێکی هەبێت وە هەم کاڵاش مەفروزە تەعریفێکی هەبێت، لە خاڵی سێیەم کاڵای قاچاغ ئەو کاڵایانەیە کە هێنان و بردنیان پێدەکرێت مادام لێرە ئەو کاڵایانەیە بە کۆ هاتووە هێنان و بردنەکە پێدەکرێت وشەیە زۆر جوان نییە، پێویستە بکرێتە (پێوە دەکرێت) ئەو کاڵایانەن کە هێنان و بردنیان پێوە دەکرێت بەبێ دانی ڕەسم و باجی گومرگی بەپێی حوکمی یاسا بەرکارەکان.

لەخاڵی چوارەم کاڵای قەدەغەکراو پێشنیار دەکەم بەو شێوەیەی لێبێت، ئەو کاڵایانەن کە لەلایەن دەسەڵاتە پەیوەندیدارەکانەوە لە بازاڕەکانی ناوخۆی هەرێم بەپێی یاساو ڕێنماییەکان قەدەغە دەکرێت، وشەی مامەڵە پێکردن لادەن لەبەر ئەوەی قەدەغە دەکرێت کەواتە مامەڵەی پێوە ناکرێت، لەبەر ئەوەی قەدەغەکراوە مەفرووزە لەگەڵ یاسا وشەی ڕێنماییەکانی بۆ زیاد بکرێت لە هەندێك وەرزدا بەپێی ڕێنمای مەوادێك قەدەغە دەکرێت لە خاڵە سنووریەکان، بۆیە پێویستە لێرە ئیشارەی پێبدرێت لە یاساکەدا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو کاك علی.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان، من تێبینیەکانم لەسەر خاڵی سێیەم و چوارەمە کە پێم وایە تەحەکوم دەکات بە ناوەڕۆکی قانوونەکەوە، ئەو کاڵاو شمەکانەی کە هاوردەو هەناردەیان پێوە دەکرێت هێنان و بردن مەعنای نییە یەعنی ئەکرێت لە بەینی دوو دوکانیشادا بێت یان دوو ماڵ بێت بۆیە بکرێتە هاوردەو هەناردەکردنیان، یان ناوە زانستیەکەشی لەدەرەوەی یاساو ڕێنماییە بەرکارەکان لە دەرەوەی ڕەسم و باجی گومرگ دەقیق نییە چ بە بەخشینە، بەیاسای وەبەرهێنانە، قونسوڵگەرییەکانە، نوێنەرایەتییەکانە ئەمانە هیچی ڕەسم و باجی گومرگی نادەن و کاڵای یاساین، بۆیە بکرێتە لە دەرەوەی یاساو ڕێنماییەکان، وە وشەی (هێنان و بردن) بکرێتە (هاوردەو هەناردە)، وشەی (پێبکرێت) بکرێتە (پێوە دەکرێت).

خاڵی چوارەم دیسانەوە مامەڵە پێکردنە هاوردەو هەناردە کردنیان ئەو کاڵایانەی کەلەلایەن دەسەڵاتە پەیوەدیدارەکانەوە هاوردەو هەناردە کردنیان وە لە بازاڕەکانیش قەدەغە دەکەن مەبەستمان چییە لێرە، مەبەستەکە ئەوەیە کۆمەڵێك کاڵا هەیە لە بازاڕا قەدەغە نییە، بەڵام هاوردەو هەناردە کردنی قەدەغەیە، بۆ نموونە هێلکە بەڕەسمی ناتوانی داخڵی کەی، بەڵام لە بازاڕیش ئێستا مامەڵەی پێوە دەکرێ و هیچ قەدەغەش نییە مریشك و زۆر موادی تریش ئەتوانین باسکەین بۆیە ئەبێت تۆ تەرکیزت لەسەر خاڵی سنووری بێت لەوێ دیاریی ئەکرێت ئەوە پێی دەوترێت هاوردەو هەناردە کردن دیسناوە بۆ ئەڵێم لە ناوخۆیا ناییێکێ کۆمەڵێك کاڵای زۆرهەن لەناوخۆیا مامەڵەی پێوە ناکرێت هێنانیشیان قەدەغەیە بردنیشیان قەدەغەیە، بۆ نموونە فافۆن و مس و ئەوانە بە قاچاغ ئەبردرێنە دەرەوە لەبەر ئەوەی گومرگەکەی زۆرە بە قاچاغ ئەبردرێن گومرگێکی کەمترە لە ناوخۆیا هیچ مامەڵەی پێوە ناکرێت، بەڵکو هەناردەی

دەرەوە ئەكرێت یان كۆمەڵێك كاڵای زۆر هەیە بۆ ناوچەكانی تر ئەبردرێن بۆ عێراق ئەبردرێن واتە لە ناوخۆیا مامەڵەی پێوە ناكرێت بەڵكو هەناردە كردن و هێنانیشی قەدەغەیە، بۆیە هیوادارم بۆ ئەوەی یاساكە ئەو وشەی( هەناردەو هاوردە) بەكاربهێنرێ، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس كاك علی حەمە صالح، لیژنە تایبەمەندەكان بێزەحمەت فەرموون، با كاك د. زێدان قسە بكات ئەویش، فەرموو كاك زێدان.

**بەڕێز زێدان رشید خان اودل:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرەڕای تێبینیەكانم پشتگیری لە بەڕێزان شێخ ظاهرو د. ڕێبوار و كاك مەم و كاك علی دەكەم، تێبینیەكەم لەسەر خاڵی سێیەم و چوارەمی ماددەی(١)، دەكرێ بڵێین ئەو كاڵایانەی هاوردەو هەناردە دەكرێن بەبێ مۆڵەت لەپێش ڕەسم و باج مۆڵەت ئاماژە پێبكەین، چونكە هەندێكیان بەبێ ڕەسم و باج، بەڵام ئاماژە بە وشەی مۆڵەت بكرێت كە ئەوانە مۆڵەتیان هەبێت یان نا، كاڵای قەدەغەكراو كە باس دەكرێت لەلایەنە پەیدوەندیدارەكان لە بازاڕەكانی ناوخۆی هەرێم بەشێك لە كاڵاكان هەن لە ئاستی جیهانیدا قەدەغە كراون، ئایا ئەوانە ڕاستەوخۆ لە هەرێمیش قەدەغەكراو دەبن؟ ئەوەش پێویستە ئاماژەی پێوە بكرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك بژار.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سوپاس بۆ پێشنیارەكانی ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان، لە كاك بەڵێن دەست پێدەكەین پرسیارێك ئاراستە كرابوو بەڵێ كاك بەڵێن، ئەگەر مەمنوع بێت لێرە بێت هەتا بۆ عێراقیش بچێت هەتا موخەدەراتیش مەسەلەن ئەوە هەرنابێت، یەعنی دەستی بەسەرا دەگیرێت مامەڵەشی پێوەبێت دەگیرێت هەتا ئەگەر بۆ عێراقیش بچێت ئیلا ئەگەر شتێك لێرە، بۆ نموونە یاسای پاراستنی بەرهەمە ناوخۆییەكان فەرەزەن شتێك لێرە دەسەلات درایە دەسەڵاتی تایبەتمەندو وەزارەتی كشتوكاڵ وەنیە، لەوێ هەتا ئەگەر مەسەلەن بۆ هەرێم مەمنوع بێت داخڵ بێت بەس ئەو ماددە بچێت بۆ عێراق وە عێراق بەكتابی ڕسمی و بەڕێگای ئسوڵی خۆی داوا بكات ئەوە شتێكی ترەو مەسمووعە ئەوەی شتێكی مەمنوع بێت لە هەرێم بێت مەسەلەن موخەدەرات یان چەك و تەقەمەنی و ئەو شتان بەڵێ حەتمەن دەگیرێ.

سەبارەت بە تەعریفی دادگای گومرگی بكەین لەم یاسایەدا بەڕێزان ئەم دادگایە لەو یاسایەدا ژمارە(٢٣)ی ساڵ١٩٨٤ هاتووەو باسكراوە زۆر ماددەیە و بە تەفصیلی باسكراوە ئەم یاسایە زۆر زۆر دور و درێژە(٢٧١) ماددەیە لەگەڵ ئەو تەعریفاتانەی كە لەگەڵ ئەو ماددە بەسەریا هاتووە بە تەفصیڵ لەوێ باسی كەلوپەل و كاڵاو ئەو شتانە كراوە بە تەفصیلی باسی سزاكان و غرامە و پێبژاردن و ئەوانە كراوە بەتەفصیڵ باسی مەحكەمەی مختص كە باسە گومرگییە ئیختساسی مەحكەمە چییە لە ماددە(٢٤٦، ٢٤٧) بەدواوە هەمووی دەست پێكراوە ئەم یاسایە زۆر دوروو درێژە ئەوە نییە یاسایەكی ئاسانە وەكو ئەوەی لە عێراق ئێمە دێین باسی كاڵا دەكەین وە

لێرەبین کالا پێناسە بکەین، ئەگەر تەماشای ئەو یاسایە بکەین کاڵا لەوێ تەعریف کراوە زۆر زۆر بەجوانی و بەدەقیقی باسی بیڤاعە کراوەو هەر نەوعەیەکی کاڵاو تاك و تایف، لەسەر ئەم یاسایە بەس حەزدەکەم وەکو مەعلومات ئاماژە پێبدەم جگە لە دوو، سێ قراری مەحکەمەی ئیتحادی لەسەر ئەم یاسایە دەرچووە دێین چەند یاسای ترمان هەیە کە چەند یاسا تەعدیلی ئەم یاسایە کراوە بە نموونە وەکو مەعلومات ئەگەر جەنابتان حەزدەکەن دواتریش سەیری بکەن قانوونی ڕەقەم (٣٧)ی ساڵی١٩٨٥ تەعدیلی یەکەمی لەسەرکراوە، ڕەقەم (٤٣)ی ساڵی ١٩٨٦ تەعدیلی دووەمی لەسەرکراوە، ڕەقەم (٥٦)ی ساڵی ١٩٨٨ تەعدیلی سێیەمی لەسەرکراوە، ڕەقەم (٧٦)ی ساڵی ١٩٩٤ تەعدیلی چوارەم کراوە دیسان دێین ڕەقەم (١٠)ی ١٩٩٨، ڕەقەم (١٠)ی ساڵی ٢٠٠٠، ڕەقەم (١١)ی ساڵی ٢٠٠٣، ئینجا ڕەقەم (١٠)ی ساڵی ٢٠٠٢ تا ژمارە (١٠٣)ی ساڵی٢٠٠١ هەشت جار ئەم یاسایە تەعدیل کراوە زۆر زۆر بە تەفصیلی باسی دادگاو سزاکان و پێبژاردن و بیڤاعە باسکراوەو تێدا هاتووە.

سەبارەت بە پێشنیارەکانی کاك چیاو کاك کاروان و مامۆستا جەمال، وابزانم یەعنی لاریمان نیە، مەعقولە ئەگەر ئیزافە بکەین بۆ برگەی چوارەم.

سەبارەت بە پرسیاری کاك ڕێبوار، بەڵێ هەر بەپێی تەعریفی بیڤاعە فەقەرە(٣) لە ماددەی(١)ی ئەم یاسایە باسکراوە ئەوانەش دەگرێتەوە هەتا بەرهەمی حەیوانی و سناعی ئەو شتانە هەمووی دەگرێتەوە.

کاك بختیار پرسیارێکی کرد، کاك بختیار مەسەلەن دەستەی وەبەرهێنان یان هەر وەزارەتێك ئیعفای گومرگی بۆ هەندێك کاڵاو ئەوشتانە موافەقەی دابێت هیچ کێشەیان نییە لەگەڵ ئەم یاسایەو بەدەر دەکرێن ئەوانە ناتوانین بڵێین ئەوانە کاڵای قاچاغن، چونکە بەپێی یاسا ئیخفای بۆ دەرچووەو هیچ کێشەنیەو مەشمول نابن بەم یاسایە.

سەبارەت بە کەسی شایستە، ئەوە هاتووەو لە ماددە(٣)یش هاتووە کەسی شایستە ئەوەیە کە هەواڵ دەر ئەو مەعلوماتانە دەگەیەنن ئەوانەیە، بۆیە لێرە پێویستمانە چونکە لە ماددە(٣)دا هاتووەو دیارە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

فەرموون ماددەی(٢) بخوێننەوە، فەرموو کاك جلال.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی(٢):

یەکەم: هەردوو وەزارەتی ناوخۆو کاروباری پێشمەرگەو دەزگای ئاسایشی هەرێم و بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگەکان دەسەڵاتیان هەیە بۆ گرتنی یەکەم ئەو کاڵایانەی کە بەقاچاغ پێکردن ئامادەکراون لەگەڵ ئامرازی بەکارهاتوو لە گواستنەوەیان دا.

دووەم: کاڵای قەدەغەکراو: وە گرتنەکە لێرە ئەڵێ گرتنی کاڵای قەدەغەکراو، گرتنەکە لێرە ڕەشدەکەینەوە تەنها چونکە لەسەرەوە هاتووە تەنها کاڵای قەدەغەکراو دەمێنێتەوە.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان بۆ گفتووگۆ کردن لەسەر ئەم ماددەیە هەر بەڕێزێك ئەیەوێت ناوی خۆی تۆمارکات بابفەرموێت؟ بۆ گفتووگۆ لەسەر ئەم ماددەیە ئەم بەڕێزانە ناویان نووسیوە ( کاك مەم، کاك د. عثمان، کاك سیروان، کاك مسلم، بدریە خان، کاك د. اسماعیل، کاك بەڵێن، کاك عثمان سێدەری، کاك دیاری، شیرین خان، کاك علی، کاك کاروان، کاك شاخەوان، کاك حاجی سفین، کاك چیا، کاك د. ڕێبوار، سەوسەن خان کاك شێخ ظاهر، گوڵستان خان، لیزا خان، کاك د. زێدان، حسیبە خان، نجاة خان، مامۆستا ابوبکر)، کاك حاجی سفین فەرموو.

**بەڕێز سفین اغا عمر اغا:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢) دەڵێ ئەو کاڵایانەی کە بەقاچاغ پێکردن ئامادەکراون لەگەڵ ئامرازی بەکارهاتوو لە گواستنەوەیان دا، وشەی ئامراز هەر سەیارەو ئەوشتانە دەگرێتەوە، بەڵام ئەگەر بێی تەماشا بکەین لە بەینی هەرێمی کوردستان و ئێران بە وڵاغ و ئەوشتانەش قاچاغی دەکرێتن، ئایا ئامراز وڵاغ و ئەوشتانەش دەگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك چیا.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

تێبینیا من ل سەر ماددا دووێ بیت هەردوو وەزارەت، ناوخۆ و کاروباری پێشمەرگە و دەزگای ئاسایشی هەرێم و بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگەکان دەسەڵاتیان هەیە بۆ گرتنی من ڤێرە شتەك دی زێدە کرێتن، دەسەڵاتیان هەیە بۆ دەست بەسەرگرتنی، چونکی گرتن ئیحتماله بۆ شەخس بێتە بەکارهێنان بەس بۆ کاڵا دەست بەسەرداگرتنی باشترە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك ڕێبوار.

**بەڕێز ڕێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە جیاوازی هەیە لەنێوان ئەوەی کە کاڵایەك ئامادە بکرێت بۆ قاچاغ پێکردن، هەروەها کاڵایەك قاچاغچیاتی پێکراوە، بۆیە ئەوەی کە ئامادە ئەکرێت ئەو کاڵایەی بۆ قاچاغ پێکردن گرینگە وشەی بەڵگە هەبێت بۆ ئەوەی بسەلمێنرێت کە ئامادەکراوە بۆ قاچاغ پێکردن، من پێشنیار دەکەم بەو شێوەیەی لێبکرێت فەقەرەی یەکەم یان خاڵی یەکەم: ئەو کاڵایانەی کە بە بەڵگە سەلمێنراون بۆ قاچاغ پێکردن ئامادەکراون لەگەڵ ئامرازی بەکارهاتوو لە گواستنەوەیان دا، بەڵام پرسیاریش لێرە ئەوەیە ئایا دەزگای ئاسایشە یان ئەنجوومەنی ئاسایش ئەو سلاحیەتەی هەیە لە پێشنیازە یاسایەکە هاتووە دەزگای ئاسایش، ئایا ئەنجوومەنی ئاسایشە یان دەزگای ئاسایش؟ زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو سەوسەن خان.

**بەڕێز سەوسەن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لەسەر بڕگەی یەکەم تێبینیم هەیە، لە ڕاستیدا پێم باشە بڕگەی یەکەم بەم شێوازەی لێبکرێت: ئەو کاڵایانەی کە بۆ قاچاغ پێکردن ئامادەکراون لەگەڵ ئامرازی بەکارهاتوو لە گواستنەوەیان بکرێتە، ئەو کاڵایانەی کە بۆ قاچاغ پێکردن ئامادەکراون لەگەڵ ئامرازی بەکارهاتوو کە بۆ گواستنەوەیان بەکار دەهێنرێت یان ئامادەکراون، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك عثمان.

**بەڕێز عثمان علی سمایل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی (٢) یەکەم کە دەڵێ ئەو کاڵایانەی کە بەقاچاغ پێکردن، واتە خۆیان لە ئەساسدا قاچاغ نین، بەڵام قاچاغیان پێوە دەکرێت ئەوە یەك، هەروەها پاشان لە ماددەی (١) هەموو تەرکیزەکە لەسەر نەبوونی ڕەسمیات و باج و غەرامە بوو، ئێمە یاسا بۆ هاووڵاتیان دەردەکەین بابڵێین ئەو کاڵایە زیان بەخشانەن کە بەبێ مۆڵەت یان بەبێ دانی باج و غرامە ئەو کات باشتر دەبێت کە ئێستا بە موودهەمی بێت وەکو ئەوە وایە کە ئێمە لە خەمی حکومەت بین بۆ کۆکردنەوەی باج و غەرامەو زەریبەکان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك سیروان.

**بەڕێز سیروان فرج محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢) نازانم ڕێککەوتە لەگەڵ د. ڕێبوار یەك ئەگرینەوە لە ماددەی (١) پشتگیری ئەو دەکەم لە ماددەی (١) ئەو کاڵایانەی کە بۆ قاچاغ پێکردن ئامادەکراوە لەگەڵ ئامرازی بەکارهاتوو ڕەنگە تەوسیفێکی تری بۆ بکرێت ئامادەکراون، ئەی ئەو شتەی کە لەناو سەیتەرەکانا ئەگیرێت یەعنی ئەوە لە ڕێگایە ئەبێت شتێکی بۆ بدۆزیەوە، یەعنی تەمەڵوس نەکات ئەو کەسەی کە قاچاغچیە ئەو مادانەی کە قاچاغچی پێوە دەکرێت، ئێستا لەم ماددەی (١)دا بە ڕوونی نووسراوە لە مەخزەنێکا خەڵك شتی ئامادەکردووە دەستی بەسەرا ئەگیرێت، ئێ ئەگەر بە ڕێگاوە بوو لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر لە سەیتەرەکەیا ئەڵێت تۆ یاساو دەرکردووە بۆ ئەو شوێنەی کە ئامادەکراوە ئەوەتا من هینم پێکردووە، لەبەر ئەوە من پێشنیاز ئەکەم بڕگەی ( دووەم) هەر لەناو یەکا بێت، چونکە ماددەی قەدەغەکراو وە ئەو مادانەی کە ئامادەکراوە لەگەڵ وشەی قاچاغچیەتی پێوە دەکرێت پێی زیادبکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك اسماعیل.

**بەڕێز اسماعیل علی طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بسم الله الرحمن الرحيم، من دوو تێبینێت هەی، تێبینیا یەکێ ئەز بینم تەداخولەکا هەی تەبعەن پێشتر هەردوو وەزارەت وەزارەتا ناڤخۆ (پاشی دی فرات باوە عەتفینا دەزگایەت ئاسایشێ) دەزگا ئاسایشێ دەزگایەکا تەبیعی وەزارەتا داخلی یەعنی ڤێت ئەڤە تشتەکی دی بیتن ئیمکانە ئەو چاوا هاتیە موداخەلە کرن، یە دوویێ ئەز دبینم یا باشتر حەوجە نێنە کردبا نوقتا ئێکی و نوقتا دوو یێ یا ئەوەلی گوتبا کالا قەدەغەکراو و ئەو کالایانەی بۆ قاچاغ پێکردن پێتڤی ناکات ببیتە دوو خاڵ پتر بەر خەڵکی بەرزەفت ببیتن، دوماهیکا لسەر بەعسێ ئامرازێت ڤەگهۆستنێ کەتن ئامرازێ هەی قاچاغچی خودانێ ئامرازێیە وی هەی کرێ گرتیە یێ کرێ کری کاش هەردووکا گریت ئەو شوێش گریت کە کرێیە گرتیە ئامراز سەیارەکا یا گەراجی گرتی و قاچاغچیا پێدکەت دێ ئەو دەست بسەر سەیارا کرێ ژ هێتە گرتن یان ژ نە؟ ئەڤە پرسیارەکە بۆ لیژنا تایبەتمەند، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك ابوبکر.

**بەڕێز ابوبکر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتگیری قسەکەی کاك د. ڕێبوار دەکەم کە ئەنجوومەنی ئاسایش گشتگیر ترە، چونکە دەزگای ئاسایش بەشێکە لە ئەنجوومەنی ئاسایش، دووەم ئێمە پاسەوانی سنووریشمان هەیە کە پێم باشە لە ڕاستیا ئەوە بە هەماهەنگی لەگەڵ پاسەوانی سنوور، یەعنی هەردوو وەزارەتی ناوخۆو کاروباری پێشمەرگە ئەوانیش داخڵ بە پرۆسەکە ببن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمدحەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو لیزا خان.

**بەڕێز لیزا فلك الدین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لێرە پرسیارم دیسان ئاراستەی لیژنەی پەیوەندیدارە لیژنەی یاسایی بەتایبەت، ئایا ئەی بۆ باسی ئەو کالایانەیان نەکردووە کە بەقاچاغ هێنرابن، تەنها ئەو کالایانەی کە ئامادەکراوە بۆ بەقاچاغ بردن باسکراوە، دەتوانن بڕگەیەکی تریش لە ماددەی دووەم زیادبکەن، ئەگەر پێیان باش بێت بەم شێوەیە ئەو کالایانەی کە بەقاچاغ هێنراون لەگەڵ ئامرازی بەکارهاتوو لە گواستنەوەیان دا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو نجاة خان.

**بەڕێز نجاة شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

پاڵپشتیا ئاخافتنێت د. اسماعیل دكەم كو دوو ئێك ببێتە ئێك، هەروەسا بۆم وازح نینە یەكەم چەوا یەعنی چونكی ڤێرا ئیك وەختدا دوو تاوانا دكەتن، یەعنی ماددەی قاچاغ و ژی چێدكەت یەعنی دوو وەختدا ژبەر هەندێ ڕوون نیینە ئەگەر بهێتە ڕوونكرن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك دیاری.

**بەڕێز دیاری انور حمە رحیم:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەرەنجەكەی من لەسەر ماددەی (٢) بڕگەی یەكەمە بەڕێز سەرۆكی لیژنەی یاسایی هیوادارم دواجار وەڵامێكی ڕوونی هەم سەرەنجەكەم بدەنەوە، ماددەی (٢) بڕگەی یەكەم دەڵێت ئەو كاڵایانەی كە بۆ قاچاغ پێكردن ئامادەكراون لەگەڵ ئامرازی بەكارهاتوو لە گواستنەوەیان دا، بابزانین كاڵای قاچاغ چییە، كاڵای قاچاغ لە ماددەی (١) لە بڕگەی (سێیەم) پێناسەكەی بەم جۆرە هاتووە.

ئەڵێ: ئەو كاڵایانەیە كە هێنان و بردنیان پێدەكرێت بەبێ دانی ڕەسم و باجی گومرگی بەپێی حوكمی یاسا بەركارەكان، پرسیارەكە ئەوەیە ئایا چۆن ئەكرێت بڵێین مەسەلەن تۆمەتێك تاوانێك بدرێتە پاڵ لایەنێك یان كەسێك بەهۆی ئەمە لەچی ئەڵێ كە ئامادەكراون، بۆ نموونە ئەگەر ئەو لە شوێنەكەی خۆیا كۆمەڵێك ماددەی هەیە كۆمەڵێك كالای هەیە ئەم كاڵایانە تۆ چووزانی ئەمە قەراری داوە كە باج و ڕسوماتی بۆ نەدات، یەعنی تۆ چۆن ئەتوانی هەر لەڕووی قانوونیەوە كە ئەو تاوانەكەی نەكردووە تۆ یەكسەر تاوانباریكەی بەوەی كە ئەم بابەتە ئەو كەسە بەتەمایە باج و ڕسومات نەدات، بۆیە پێشنیاز دەكەم دەستكاری بڕگەی (یەكەم)ی ماددەی (٢) بكرێت وای لێبكرێت كە ئەو كاڵایانەیە كە بەقاچاغ دەگوازرێنەوە یاخود هاوردەو هەناردە دەكرێن لەگەڵ ئامرازی بەكارهاتوو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو شیرین خان.

**بەڕێز شیرین امین عبدالعزیز:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٢) دیارە قسەكانی من كرا، بۆیە پشتگیری لە بەڕێزان ( كاك چیا، كاك سیروان، كاك دیاری) دەكەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك كاروان.

**بەڕێز كاروان عبدالرحمان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

هەڵبەت ماددەی (٢) بڕگەی یەكەم و دووەم هەردووكی ئەشكالی هەیە لە ڕاستی دا ئەمە كێشەی ئەوەمان نییە كە كاڵایەك لێرە ئامادە دەكرێت بۆ بەقاچاغ بردن كێشەمان ئەوەیە كە ئەو

کاڵایانەی بەقاچاغ دەیانهێنن ئەمە کێشە گەورەکەیە کە دەبێت تەرکیزی لەسەر بکەین، کۆمەڵێك کاڵامـان هەیە کە لەدەرەوە دەیـانهێنن وەکـو دەرمـان وەکـو شـیر و خـۆراك، یەعنـی کۆمەڵێـك مەوادی تریش کە داخڵی نـاو هەرێمـی کوردسـتان دەکـرێن کە ئەمـانە مەشـاکیلی گەورەیـان بـۆ خەڵك دروست کردووە، باشە تـۆ کـاڵایەك کە لەنـاوخۆی هەرێمـی کوردسـتانە وەکـو ئەوەی کـاك دیاری باسیکرد جارێ نیەتەکە ئەوەیە کە ڕەنگە لە شـارێکەوە بـۆ شـارێکی تـر بیگـوازێتەوە ئەوە پێویست بە باج و ڕسومات هەر ناکات ئەصڵەن کێشەمان بـۆ دروسـت دەکـات لەسـەر ئەوەی کە چۆن بزانین دەقیقەن تەحدیدی ئەوە بکەین کام کاڵایە لەدەرەوەی هەرێمی کوردستان بەقاچـاغ دەهێرنرێـت وە کامەیـان دەنێـردێنە دەرەوەی هەرێمـی کوردسـتان، بـۆ ئەوەی کە چـۆن بتـوانن وەزارەتەکان دەستی بەسەرا بگرن سـەبارەت بە بـڕگەی دووەم مەبەسـتم یەعنـی بـڕگەی یەکەم ئەوەیە کە زیاتر ئەم بابەتە بابەتێکی داخڵیە یەعنی شمولی ناوخۆ دەکات ئەی بۆ دەرەوە، ئەگەر کاك بژار بتوانێت وەڵامێکمان بداتەوە سوپاسی دەکەم، بـۆ بـابەتی دووەم بـڕگەی دووەم گرتنـی کـاڵای قەدەغەکـراو و قاچـاغ، پـێم وایە قاچـاغی بـۆ زیادبکرێـت دووبـارە هەرچەنـدە لە بـڕگەی یەکەم هاتووە، چونکە دووبارە تەرکیزەکە لەسەر کاڵای قاچـاغە ئینجـا مـامەڵە پێکـردن ئەی ئەو کاڵایانەی کە دەیهێنن کاك بەڵێنیش لە ماددەی پێشوو ئاماژەی پێکرد ئەو کاڵایانەی کە دەیهێنن و مامەڵەی پێوە ناکرێـت، یەعنـی شـتێکی زۆر هەیە لە هەرێمـی کوردسـتان کە لەدەرەوە هێنـراوە بەقاچاغیش هێنراوە مامەڵەشی پێوەناکرێت بەکـاردەهێنرێ مـامەڵە پێکـردن و بەکارهێنـان دوو شتی جیاوازن چۆن موعالەجەی ئەمە دەکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك بەڵێن.

**بەڕێز بەڵین اسماعیل حاجی ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

دیارە من پێش ئەوەی لەسەر بڕگەی یەکەم قسە بکەم هەنێك پێشنیاز کرا لەسەر ئەوەی دەزگـای ئاسایشی هەرێم یان ئەنجوومەنی ئاسایشی هەرێم بێـت کە لە ڕاسـتیا دەزگـای ئاسـایش ئێسـتا سـەر بە ئەنجـوومەنی وەزیـرانە، بەڵام ئەنجـوومەنی ئاسـایش ڕاسـتەوخۆ بەسـتراوەتەوە بە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، یەعنـی لە ڕووی هەیکەلـیەتەکەیەوە پـێم وابێـت تـێکەڵاویەك هەیە، بەڵام ئەوە لیژنەی قانوونی ئەوە یەکلای کاتەوە دروستە، بڕگەی یەکەم ئەوەی باسـکرا بـۆ سـەلمانی ئەم مەوادە ئەم کـاڵایە بـۆ قاچـاغ پێکـردن ئامـادەکراوە قوڕسـە لەبەر ئەوە دەقیـق ڕێکارەکانی هەردوو وەزارەتی ناوخۆو کاروباری پێشمەرگەو بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگەکان ڕوون بێت، ئەو کاڵایانەی کە قاچاغی پێوە دەکرێت لەگەڵ ئامرازی بەکارهـاتوو لە گاسـتنەوەیان دا فەقەت یەعنی ئەو کاتەیە کە تۆ مەوادەکە لە کاتی قاچـاغ پێکردنەکەیـا ئەگـری جـا بـۆ بـردنە دەرەوەیە یان بۆ هێنانە هیچ گرفتێك درووست ناکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك ظاهر.

**بەڕێز ظاهرمحمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢) خاڵی یەکەم: یەکەم ئەو کاڵایانەی کە بەقاچاغ پێکردن ئامادەکراون لەگەڵ ئامرازی بەکارهاتوو لە گواستنەوەیان دا، پێشنیار دەکەم بەم شێوەیەی لێبکرێت هەموو ئەو کاڵایانەی کە بۆ قاچاغی کردن ئامادەکراون لەگەڵ ئامرازی بەکارهاتوو لە گواستنەوەیان دا و ئەو شوێنانەی کە تێیدا کۆکراوەتەوە یان تێیدا ئامادەکراوە شوێنەکەش تێیدا زیادبکرێت، خاڵی دووەم: گرتنی کاڵای قەدەغەکراو گرتنەکە بکرێتە دەست بەسەراگرتنی کاڵای قەدەغەکراو، هەروەها پشتگیری برای بەڕێزیش (کاك چیا و کاك د. ڕێبوار) دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو گوڵستان خان.

**بەڕێز گوڵستان باقی سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پرسیارەك من بۆ لێژنا پەیوەندیدار هەیە، لیژنا یاسایی بە بۆچوونا من ژرویێ دارشتنێڤە ئەم دا تەمام نینە ئیجا ژبەر هندێ ل شینا هەردوو وەزارەتی ناوخۆ و کاروباری پێشمەرگە هەردوو ببیتە هەر یەك لە وەزارەتی ناوخۆ و کاروباری پێشمەرگە ئەو (و) دناڤبەرا کاروباری پێشمەرگە، دەزگای ئاسایشی هەرێم ببیتە (لەگەڵ) یەعنی ب ڤی رەنگی بێتە خاندن هەر یەك لە وەزارەتی ناوخۆ و کاروباری پێشمەرگە لەگەڵ دەزگای ئاسایشی هەرێم و بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگەکان دەسەڵاتیان هەیە بۆ گرتنی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

(د.زیدان)، فەرموو.

**بەڕێز زیدان رشید خان اودل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە ماددەی (٢) تێڕوانینێکی جیاوازم هەیە، ئەگەر سەیری دەزگا ئەمنییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەین سەر بە هەر وەزارەتێك بن رەنگە لە داهاتوودا گۆڕانکاری بکرێت بۆ نمونە پێشتر فرۆکەخانەکان راستەوخۆ سەر بە دەزگاکانی ئاسایش بوون، بەڵام ئێستا لەڕووی ئیدارییەوە سەر بە وەزارەتی گواستنەوە و گەیاندنن، یان دەتوانین بڵێین لە داهاتوو ئەگەر وەزارەتی شارەوانی پۆلیسی گەشتوگوزاری دانا ئەو پۆلیسە دەسەڵاتی گرتنی ماددەیەکی قاچاغی لە گەشتیار نابێ، بۆیە دەکرێ بڵێین لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێم دەسەڵاتی گرتنیان هەیە، بۆ هەموو لایەنەکان بێ لە بواری ئەمنی و پێشمەرگە دەسەڵاتیان پێ بدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

(حسیبە)خان، فەرمووو.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ ماددەی دووەم لە دوا دێرەکەی کە (دەسەڵاتیان هەیە بۆ گرتنی) بکرێتە (دەسەڵاتیان هەیە بۆ دەست بەسەرداگرتنی) بڕگەی یەکەم هەموو لەپێش ئەوە زیاد بکرێت بەم شێوەیە (هەموو ئەو کاڵایانەن کە سەلمێنراون بۆ قاچاغپێکردن ئامادەکراون لەگەڵ ئامرازی بەکارهاتوو لە گواستنەوەیاندا پشتگیری کاك (شێخ ظاهر) دەکەم ئاماژە بە شوێنیش بکرێت، شوێنی زیاد بکرێت، بڕگەی دووەمیش (مامەڵە پێکردنی کاڵا قەدەغەکراوەکان بەپێی حوکمی یاسا بەرکارەکان) بەم شێوەیە بنووسرێت لە جیاتی ئەوەی کە تەنها ئاماژە بە کاڵای قەدەغەکراو کرایە، پشتگیری (د.زیدان)، کاك (د. رێبوار)، کاك (چیا)، کاك (شێخ ظاهر)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (علی)، فەرموو.

**بەڕێز علی حمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خواری گەورە و میهرەبان، راستیەکەی من کە کۆی یاسا چەند جارێك دەخوێنمەوە هەست ناکەم کێشەکە بە دیاریکراوی دیاریکرابێت چیە تا یاسای بۆ دیاری بکەین، (٩٥%) قاچاغی لە کوردستان مونەزەم دەکرێت، موئەسەساتی حوکمڕانی لەپشتە، نەك ئەوەی تۆ بێی دیاری بکەی، بۆیە ئەگەر لەم مادده وردبینەوە بەرپرسیاریەتی دەبێ دیاری بکەی، نەك بڵێی دەسەڵاتیان هەیە، بۆ نمونە هەموو خاڵە سنوورییەکان دەزگاکانی ئاسایش، هێزەکانی ئاسایش بەتەنیا بەرپرسن لەوەی دەتوانن رێگری لە هەموو کاڵایەکی قاچاغ بکەن، بۆیە دەبێ بڵێی (هێزەکانی ئاسایش بەرپرسن لە هێنانە ژوورەوە کاڵای قاچاغ)، کە دەڵێی دەسەڵاتیان هەیە سێ موئەسەسەمان ریز کردووە دەسەڵاتیان هەیە، وشەی (دەسەڵاتیان هەیە) فۆڕمێك لە ئیختیاری پێوە دیارە، یەعنی دەسەڵاتیان هەیە بیگرن، بەڵام ئەگەر نەیگرت چی؟ بەڵام دەقیق ئەوەیە ئەگەر دەزگاکانی ئاسایش کۆنترۆڵی خاڵە سنوورییەکان بکەن دڵنیا بە (٩٥%) قاچاغی کۆتایی پێ دێت، ئەمە جگە لەوەی لە ماددەکانی دواتر لە سزاکاندا دەبێت بچینەوە سەری، ئایا ئەگەر ئەم دەزگایانە خۆیان ئەو موئەسەسانە خۆیان بەشێك بن لە پرۆسەی قاچاغی چیان بەرامبەر دەکرێت، بۆیە من پێشنیار دەکەم بکرێتە ئەوەی (هێزەکانی ئاسایش بەرپرسن لە رێگری لە هێنانە ژوورەوە و بردنە دەرەوەی قاچاغ) چونکە بە تەنسیقی ئەوان نەبێت هیچ بارێك نایەتە دەرەوە، دیسان تەئکید دەکەینەوە کە لەگەڵ وشەی (کاڵاش)، (شمەك) زیاد بکەین (سلع)، واتا هەر کاڵا نییە سەیاری (سلع)ە، وا نییە؟ سەیاری بە قاچاغ دێت (سلع)ە، بۆیە ئەو دوو سەرنجەم هەبوو، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك (عثمان سێدەری)، فەرموو.

**بەڕێز عثمان کریم سوارە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢) بڕگەی یەکەم ئەو کاڵایانە بکرێت بەو کاڵایانەی کە بە قاچاغ گواستنەوەیان پێ دەکرێت لەگەڵ وەسائیلی گواستنەوەیان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (شاخوان)، فەرموو.

**بەڕێز شاخوان رؤوف مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٢) هەردوو وەزارەتی ناوخۆ و کاروباری پێشمەرگە و دەزگای ئاسایشی هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگەکان دەسەڵاتیان هەیە بۆ گرتنی، ئێمە پێشنیار دەکەین لەبەر ئەوەی ناوی هەردوو وەزارەتی ناوخۆ و پێشمەرگە هاتووە، وا باشترە ئەوەی ئاسایش وای لێبکرێت بکرێت بە (ئەنجومەنی ئاسایش) خاڵێکی دیکە لەسەر پاسەوانی سنووریشی بۆ زیاد بکرێت، پشتگیری مامۆستا (ابوبكر) دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (مسلم)، فەرموو.

**بەڕێز مسلم عبدالله رسول:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

قسەکەی من لەسەر ماددەی (٢) بەراستی ئیزافەکردنی بڕگەیەکە کە زیاد بکرێت بە خاڵی سێیەم کە تیایدا ئاماژە بەوە بکرێت دەستگیرکردنی ئەو کەسەی کە خاوەنی کاڵایەکەیە، ئەو کاڵایەی کە قاچاغە مامەڵەی پێوە دەکرێ و هاوردە و هەناردەی پێوە دەکرێت چونکە بەراستی ئەگەر ئاماژە بە کەسی خاوەن کاڵای قەدەغەکراو نەکرێت پێم وا بێت ئەو کارە دووبارە دەکرێتەوە، دەبێت سزای بۆ دیاری بکرێت، راستە لە ماددەی (٣) لە خاڵی (٧) ئاماژەی پێوە کراوە، بەڵام لێرە کە ئاماژە بە وەزارەتی ناوخۆ و کاروباری پێشمەرگە و دەزگای ئاسایشی هەرێم و بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگەکان کراوە کە دەچێتە بابی قەدەغەکردنی ئەو کاڵایەی کە دەهێنرێت، ئاماژە بە بڕگەیەکی زیادکراو بکرێت کە کەسی خاوەنی کاڵا قەدەغەکراوەکە هاوردە و هەناردەی پێوە دەکرێت کە زیاد دەکرێت لەو ماددەیەدا، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، (بدریە) خان، فەرموو.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی (٢) هەردوو وەزارەتی ناوخۆ و کاروباری پێشمەرگە و دەزگای ئاسایشی هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی گشتی گومرگەکان دەسەڵاتیان هەیە بۆ گرتنی، بۆ گرتنی پشتگیری لە (حسیبە) خان دەکەم، دەست بەسەرداگرتنە، من پرسیارەك ئاراستەی لیژنەی پەیوەندیدار و لیژنەی یاسایی دەکەم ئایا بۆ دەسەڵات نەدراوە بە کوالیتی کۆنترۆڵ و کوالیتی دەرمان؟ پشتگیری لە قسەکانی (د.زیدان) دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان، لێژنەی تایبەتمەند، فەرموون.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چەند پرسیارێك ئاراستە کراون پێویستە وەڵامیان بدەین، یەك لەوانە بەڕێز کاك (حاجی سفین) پرسیارێکی کرد، بەڵام لێرە نییە، مهم ئەو پرسیارەی کردی بەڵێ دەگرێتەوە، چونکە ئەویش وەسیلەی نەقلە، بەڕێز (د.ریبوار) پێشنیار سەبارەت بە بڕگەی یەکەم یەعنی مەعقولە دەتوانین لەگەڵ لێژنەش دواتر گفتوگۆ بکەین قابیلی ئیزافەکردنە، ئەوی تریش دەزگای ئاسایشە، تێبینیەکی تر باسکرا کە بۆ ئەو کاڵایانەی کە ئامادەکراون، بەڵام قاچاغیان پێوە نەکراوە بۆ باس دەکەن، حوکمی لەسەر دەدەین، دێین ئیحالە دەکەین، بەڕێزان ئاماژەشم پێدا لەم یاسا ژمارە (٢٣)، (١٩٨٤)ی عێراقی یاسایەکی تەفصیلە (٢٧٠) مادده لەگەل (٧) جار تەعدیلی یاساکە لەگەڵ سێ بڕیاری مەحکەمەی ئیتحادی، یاسایەکی زۆر زۆر بەرفراوانە لەوێ شروعیش تێدا هاتووە تاوانە، تاوانە کەسەك شتێك بۆ قاچاغی ئامادە بکات بە نیازە، بەڵام لە نەتیجە تەحقیق نەبو تاوانە و سزاش وەردەگرێت، یەعنی بەپێی ئەو یاسایەش بێت بەڵێ حەتا ئەگەر ئامادەش بکات، بەڵام نەیکرد هەر تاوانەکە ئەنجام بدات، ئەم یاسایە، یاسای عێراقی (ضبط أمول المسربة) هەر ئی عیراقی کە پێش چەند ساڵێك دەرچووە وەکو تەکمیلە و تەرجومەیەکی بچوکی یاسای ژمارە (٢٣)ی (١٩٨٤)ە مەعقول نییە ئەو ماددەیە بە حەوت مادده و هەشت ماددەبێ جێگای یاسای (٢٣)، (١٩٨٤) بکات کە (٢٧٠) دوو سەد و حەفتا ماددەیە، ئەم یاسایە هەیە، هەموو شتێك لەوێ تەفصیل کراوە، بەس نیطاقی تطبیق کردنی ئەو یاسایە لە خاڵە سنورییەکانە ئینجا دێین، بۆ لێرە دەڵێین لە ماددەکانی تر کە لێژنەیەك پێك دێت لە هەر پارێزگایەك یان ئیدارەیەکی سەربەخۆ ئەوەی کاك (علی) باسی کرد، فەرەزەن قاچاغچی کراوە مەسەلەن ماددەیەك هاتووە دەتوانین مەسەلەن هەر هاووڵاتییەك دەتوانی ئەو هەواڵە بداتە ئەو لێژنە دەچن دەستی بەسەردا دەگرن و دەفرۆشن و مکافەئەش دەدەنە کەسی هەواڵدەر و کەسانی شایستە، یەعنی ئەوە بۆ ئەوەیە ئەگەر ماددەیەك بە نیازە بچێتە دەرەوە یان لەدەرەوە هاتووە ناو بازاڕ بۆ ئەوەی بەپێی ئەم یاسایە بێت ئەم لێژنەیە بتوانێ بێت تەعامول لەگەڵ ئەو مادده کە بە قاچاغ هێنراوە بکات، پرسیارێکی تر ئاڕاستە کراوە لای بەڕێز (د. اسماعیل) ئاسایش سەر بە وەزارەتی ناوخۆ نییە، بڕگەی پێنجەم لە مادده (٣) باسکراوە، یەعنی حەتا ئەگەر وەسیلەی نەقل ئی ئەو کابرایەش بێت یان خاوەندارییەتییەکەی بۆ بگەڕیتەوە یان بەکرێش گیرابێت لە بڕگە (٥) ماددەی (٣) دا هاتووە و مەشمول دەبی و ئەویش دەستی بەسەردا دەگیرێت، جارێکی تر تەئکید لەسەر ئەمە دەکەمەوە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان، دەست بەسەرداگرتن مصادەرەیە، مصادرە مەوزوعێکی ترە، گرتن مەوزوعێکی ترە، یەعنی لە قانووندا دوو شتی زۆر زۆر زۆر لێك جیان، نابێت بە هیچ شێوەیەك بێین لەشوێنی گرتن پێشنیار بکەین بڵێین با مصادەرە بێ، مصادەرە مەوزوعێکی ترە، ئەوە نییە بە پێشنیار ئەمە بێ و ئەوە بێ، چونکە قانوونەکە ڕەفز دەبێت، دەگەڕێتەوە، سەقەت دەردەچێ ئەمە مەسئولیەتی ئێمەیە لێژنەی قانوونی لێژنەی مەعنی و مەسئولیەتی هەموو ئەندام پەرلەمانە، بۆیە یەعن تکایە ئەمە ناکرێت لەڕووی قانوونی و دەستوورییەوەش ناکرێت،

سەبارەت بە پرسیارێکی تری کاك (کاروان)، بەڵێ کاك (کاروان) هەردووکیان دەگرێت، هێنان، بردنیش، وەکو پێشتریش باسکرا ئەگەر بۆ هەناردەکردن و (استیراد)، (تصدیر)بێ، هەردووکیان دەکرێت بەبێ ئەم یاسایە، پرسیارێکی دیکە کاك (دیاری) ئەوەیە دەڵێت چۆن دەزانن ئامادەکراوە یان بەبێ دانی باج و رسوم، پرسیاری جەنابت ئەوە بوو کاك (دیاری) دەڵێ چۆن نیەتی دەزانن ئەمە دەچێ باج و رسومی پێویست نادات، وە نییە؟ ئێمە راستە بەس فەرەزەن ئەوە لەشوێنێکە مەنتیقەی جوگرافی تەحەکوم دەکات، فەرەزەن لە خاڵی سنووری نییە، لە مەنتیقەیەکی ترە بۆ قاچاغ دەڕوات، ئێ ئەوە دیارە یەعنی بۆ ئەوەی تەهریبە و بۆ ئەوەی دان و باج و رسوماتی گومرگی نەدا دیارە، حەتا ئەگەر لەناو مەنطقەی گومرگی چونکە لە یاساکەدا هاتووە، حەتا لەوێش بێ ئەگەر چوار مەرحەلەی تێپەڕی لە خاڵی کۆتایی دیارە کە هیچ وەصڵ و وصوڵاتی نییە، هیچ پارەی نەداوە بە ئیجرائاتی قانوونی نەهاتووە، بەنیازە تیپەرێت بە مەسەلەن سنوورێکی تریش ئەویش دەگرێتەوە، ئامادە کراوە دەڵێم شروعیش هەیە تاوانە، ئامادەکراوە شروعە لەم یاسایەدا ئەوەی ئامادە دەکات، بەنیازە بیکات تاوانە، حەتا نەتیجەش تەحقیق نەبێت تاونە، شروع هاتووە ئەمە تاوانە یەعنی، جارێکی تر ئاماژەی پێدەدەم بڕگەی سێزدەیەم لە مادده (١) لە یاسای ژمارە (٢٣)ی (١٩٨٤) تەعریفی بیظاعة کراوە بەم شێوەیە دەڵێ (كل مادة أو منتج طبيعي أو حيواني أو زراعي أو صناعي) هەمووی دەگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (کاروان)، فەرموو.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

وێڕای دەست خۆشی زۆرم بۆ بەڕێزان لێژنەی یاسایی و ناوخۆ بۆ ئامادەکردنی پرۆژە یاساکە، بەڵام لە راستیدا چەند جارێك کاك (د. بژار) ئاماژەی بەوە کرد کە یاساکە خۆی زۆر تێر و تەسەلە ئەگەر یاساکە زۆر تێر و تەسەلە بۆچی یاساکە خۆی ئینفاز ناکەین؟ یەعنی بۆ خۆمان بە دوورنەگرین لەو هەموو روونکردنەوە و مەطاطیبوونە لەو پرۆژە یاسایەی بە تەعدیلەوە کردوومانە، بۆ یاسا ئەصڵەکە ئینفاز ناکەینەوە پەرلەمان کە مافی ئەومان هەیە بە پەیڕەو، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (بژار)، فەرموو.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەو یاسایە خۆی لێرە هەیە نافزە، یەعنی ئەوەی گومرگی لێرە هەیە، نافزە کاری پێدەکرێت، هیچ کێشەیەکیش نییە، بەس عیراقیش بە یاسایەکی تر پێویستە بۆ؟ چونکە هەندێ مادده هەیە لەناو بازاڕە، گومرگ خاڵە حدودییەکان عەلاقەتیان نییە بەناو بازاڕی مەسەلەن بەغداد یان هەولێر یان دهۆك یان سلێمانی، ئەم یاسایە دروستکردنی لێژنەیەکە لەهەر پارێزگا و ئیدارەیەکی سەربەخۆ ئەگەر ئەو یاسای تریش هەیە، ئەو یاسایە ئەصلییە لێرەش لە ماددەکانی تر دەگەینێ،

ئەگەر تەداخولیان کرد لە ئیشی قانوونی ئەوەی (٢٣)ی ساڵی (١٩٨٤) ئەفزەڵیەت بۆ ئەو قانوونەیە، کار بەم قانوونانە دەکرێت ئەوەی ئێستا، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، بەڕێزان ماددەی (٣)، فەرموون.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٣):

یەکەم: لە هەر پارێزگا و ئیدارەیەکی سەربەخۆ لیژنەیەك بە سەرۆکایەتی جێگری پارێزگا یان جێگری سەرپەرشتیار پێك دێت بە ئەندامیەتی نوێنەری هەر یەك لە وەزارەتەکانی ناوخۆ، کاروباری پێشمەرگە، داریی و ئابووری، بازرگانی و پیشەسازی، دەزگای ئاسایشی هەرێم و داواکاری گشتی.

دووەم: لیژنە ئەم ئەرکانەی خوارەوە لە ئەستۆ دەگرێت:

١-وەرگرتنی ئەو کاڵایانەی بەپێی حوکمی ماددەی (٢)ی ئەم یاسایە گیراوە.

٢- خەمڵاندنی بەهای کاڵای دەست بەسەر داگیراو بەپێی نرخی بازاڕ بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان.

٣- رادەستکردنی کاڵا گیراو بە فەرمانگەی پەیوەندیدار.

٤- دەست بەسەر داگرتن و فرۆشتنی ئەو کاڵایانەی گیراون کە بەهاکەیان کەمترە لە (٥٠٠٠٠٠٠) پێنج ملیۆن دینار و دابەشکردنی بڕە پارەکە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە ئەوانەی بەهاکەیان لەو بڕە زیاترە بۆ دادگای گومرگی تایبەتمەند رەوانە دەکات.

٥- فرۆشتنی ئەو کاڵایانەی گیراون بە زیادکردنی ئاشکرا دەبێت بەپێی حوکمەکانی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٢١) یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی موڵك و ماڵی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان-عیراق ئەگەر بۆ لیژنە سەلمێنرا کەوا بە قاچاغی ئامادەکراوە.

٦- فرۆشتنی ئامرازی گواستنەوەی کاڵای گیراو بە زیادکردنی ئاشکرا بەپێی حوکمەکانی یاسای بەرکار لە هەرێم پاش ئەوەی حوکمی دەرچوو لەدوای پەیوەست بە کاڵای گیراو پلەی بنبڕ وەردەگرێت.

٧- رەوانەکردنی قاچاچی وئەو کەسەی مامەڵە دەکات بە کاڵای قەدەغەکراو شوفێری ئامرازی گواستنەوەی کاڵای گیراو و ئەوەی لەگەڵیان بەشدار بووە بۆ دادگای گومرگی تایبەتمەند و ئازاد ناکرێن لە راگرتن تاوەکو حوکمێکی بنبڕ لە داواکەیاندا دەرنەچێت.

٨- خەرجکردنی پاداشت و ئەو بڕانەی لە هەردوو ماددەی پێنجەم و شەشەمی ئەم یاسایەدا هاتوون بۆ کەسانی شایستە پاش ئەوەی حوکمەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت.

سێیەم: سەرۆکی لیژنە دەسەڵاتی پیادەکردنی حوکمی ماددەی (١٩٤)، یەکەم (ب) لە ماددەی (٤)ی گومرگی ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٨٤) دەبێت بۆ مەبەستی جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

چوارەم: ئەو کاڵایانەی دەگیرێن بەپێی یاسای گومرگی بەرکار لە حوکمەکانی هەردوو بڕگەی یەکەم و دووەمی ئەم ماددەیە بەدەر دەکرێن.

پێنجەم: حوکمەکانی ئەم یاسایە بەسەر ئامرازی بەکارهاتوو لە گواستنەوەی کاڵای گیـراو بەکـرێ گیرابێت یان خاوەنداریەتی بۆ قاچاغچیەتی بگەڕێتەوە جێبەجێ دەکرێت.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ بەڕێزان بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ماددەی (٣) هەر بەڕێزێك دەیەوێت با ناو تۆمار بکات، یەك رونکردنەوەشـتان بـدەمێ هـیچ بڕێکێـك وەرنـاگرین دانیشـتنەکان بەردەوام دەبێـت تـاوەکو هەردوو راپۆرت تەواو دەبێت جا لەناو فراکسۆنەکان و لێژنە تایبەتمەند حیسابی خۆتان بکەن بۆ چوونە دەرەوە، ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێت گفتوگۆ بکەن لەسەر مـاددەی (٣)، کـاك (د.اسـماعیل)، مامۆستا (ابوبکر)، (سەرچنار) خان، کاك (مم)، (مژدە) خان، کاك (کاروان)، کاك (عثمان سێدەری)، کاك (رزگار)، کاك (دیار)، کاك (دابان)، کاك (علی حمە صالح)، (شیرین امین) خـان، کـاك (یاسـین)، (روپاك) خان، کاك (شاخوان)، کاك (حـاجی هەڵکەوت)، (د.ریبـوار)، (سوسـن) خـان، کـاك (چیـا)، (نجات) خان، کاك (هێڤیدار)، (لیزا) خان، کاك (شـێخ ظـاهر)، (حسـیبە) خـان، کـاك (جمـال)، کـاك (جمال)، فەرموو.

**بەڕێز جمال حویز مصطفی:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـاددەی (٣)، دووەم، بـڕگەی دووەم نوسـراوە (خەملانـدنی بەهـای کـاڵای دەستەبەسـەرداگیراو بەپێی نرخی بازار بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان)، مـن پـێم باشـە وای لێبکرێـت (بەهـای کـاڵای دەستەبەسـەرداگیراو بەپێـی نرخـی بـازار دەخەملێنرێـت بە هەمـاهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان)، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (رزگار)، فەرموو.

**بەڕێز رزگار محمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

مـاددەی (٣) بـڕگەی یەکەم، کە لێـژنەیەك پێـك دێـت بە سەرپەرشـتی جێگـری پارێزگـا و ئیـدارە سەربەخۆکان لە ناوخۆ، پیشمەرگە و دارایی و ئابووری و بازرگانی و پیشەسازی، پێشنیار دەکەم لێـژنەی کشـتوکاڵیش زیـاد بکرێـت لەبەر ئەوەی ئەوانەی کە هـاوردە دەکـرێن بەتـایبەتی لە خـاڵە سنوورییەکان و وە زیاتر ئەوانەی کەرەستەی کشتوکاڵین، هەر مـاددەی (٣)، بـڕگەی (٤) کە بـاس لەوە دەکات ئەگەر ئەو کەرەستانەی دەستی بەسەردادەگیرێت کە لە پێنج ملیـۆن دینـار کەمتـرە بەراستی ئەوە، بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان یەعنی خەڵك هەیە لەو خـاڵە سـنووریانە ئۆتـۆمبیلێکی پێیە دەبەیەك بەنزین دەهێنێ یان با بڵێـین فەردەیەك بـرنج بـۆ خـۆی دەهێنـێ ئەم شـتانە حەقە ئەمە وا نەبێت کە لە پێنج ملیۆن دیناریش کەمتر بێت هەر دەستی بەسەردا بگیرێت وە رەچاوی ئەوە بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، (شیرین) خان، چۆتە دەرێ، کاك (یاسین)، فەرموو.

**بەڕێز یاسین خضر طە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٣) خاڵی حەوت دەڵێ (ڕەوانەکردنی قاچاغچی وئەو کەسەی مامەڵە دەکەن بە کاڵای قەدەغەکراو شوفێری ئامرازی گواستنەوە) مەخصەد لەو شوێنە چییە؟ جاری وا کەسێك ئەوە ڕوونکردنەوەی نەداوە، کەسێك لە گراجەکییە تۆ شتێکی پێدا دەنێرییەوە ئەو فەقیرە نازانێ قاچاغە یان قاچاغ نییە، یەعنی کێ تاوانبارە؟ حەق وایە ساحێب ماڵەکە تاوانبار بێت، نەك ئەو سایەقەی، ئەگەر مەعامەلەچی بێ و ئی خۆی بێ قەیناکە، بەڵام مەسەلەن سایەق تەکسییەکە یاخود کەسێکی نەزانە یان دوکاندارێکە شتێکی لەلا دادەنرێت لەبەر ئەوەی ئێمە زۆر دۆسیەمان لە مەحکەمەی هەیە خەڵك هەبووە گوێزی بە کەسێکی دا ناردۆتە ناو سجن کەچی گوێزەکە ماددەی مخەدەراتی تێدا بووە، کابرا ئاگاشی لێنەبووە، ئەوجا وا چاکە ئەو کەسانە نەگرێتەوە کە یەعنی پێیان ڕادەسپێردرێ یان ئاگایان لێنەبێت، سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، ( ڕوپاك) خان، فەرموو.

**بەڕێز ڕوپاك احمد رحمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددە (٣)، لە خاڵی چوارەم، دەستبەسەرداگرتن و فرۆشتنی ئەو کاڵایانەی بە قاچاغ هاتوون گیراون، (قاچاغ) زیاد بکرێت لێرە، هەروەها لە حەوتەم لە بەشی کۆتایی کە دەڵێ ڕەوانەکردنی قاچاغچی و ئەو کەسەی مامەڵە دەکات بە کاڵای قەدەغەکراو شوفێری ئامرازی گواستنەوە و کاڵای گیراو ئەوەی لەگەڵیاندا بەشدار بووە بۆ دادگای گومرگی تایبەتمەند و ئازاد ناکرێن لە ڕاگرتن یەعنی مەبەست چییە (ئازاد ناکرێن لە ڕاگرتن)؟ داوای ڕوونکردنەوە دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس، ئەو سەرنجانە بنوسن لیژنەی تایبەتمەند، (سوسن) خان، فەرموو.

**بەڕێز سوسن محمد میرخان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

چەند تێبینییەکم هەیە لەسەر بڕگە و ماددەکان، لە بڕگەی یەکەمدا پێشنیار دەکەم نووسراو لە هەر پارێزگا و ئیدارەیەکی (سەربەخو) بکرێتە (سەربەخۆ)، کە لیژنەیەك بە سەرۆکایەتی جێگری (پارێزگار) نەك (پارێزگا)، لە بڕگەی چوارەم پێشنیار دەکەم کە (ڕەوانە دەکات) بکرێتە (ڕەوانە دەکرێت) لە ڕستەی کۆتایی، لە بڕگەی حەفتەم کە نوسرایە (ڕەوانەکردنی قاچاغچی و ئەو کەسەی مامەڵە دەکات بە کاڵای قەدەغەکراو شوفێری ئامرازی گواستنەوەی کاڵای گیراو ئەوەی لەگەڵیدا بەشدار بووە بۆ دادگای گومرگی تایبەتمەند، خۆی لە ڕێزمانی کوردیدا بەو شێوازە یەعنی فعل نایەتە پێشەوە بۆیە پیشنیار دەکەم بەو شێوازەی لێبکرێت (قاچاغچی و ئەو کەسەی مامەڵە دەکات بە کاڵای قەدەغەکراو و شوفێری ئامرازی گواستنەوەی کاڵای گیراو و ئەوەی لەگەڵیاندا بەشدار بووە بۆ دادگای گومرگی تایبەتمەند ڕەوانە بکرێت وە ئازاد ناکرێت تا لە ڕاگرتن تاوەکو حوکمی بنبڕ لە داواکەیان بۆ دەربچێت) نەك (دەرنەچێت)، لە بڕگەی سێیەمدا

پێشنیار دەکەم لە راستیدا دەسەڵاتەکە بدرێتە ئەنجومەنەکە بۆچی سەرۆکی لیژنە دەبی بڕیار بدات لیرەدا، ئەگەر لیژنەی یاسای روونکردنەوەیەکمان لەسەر ئەوە پێبدەن من وا پێشنیار دەکەم کە بدرێتە ئەنجومەنەکە دەسەڵاتەکە نەك سەرۆك، لە بڕگەی پێنجەمدا لە راستیدا ناڕوونییەك هەیە لێرە یەعنی دەڵێ (حوکمەکانی ئەم یاسایە بەسەر ئامرازی بەکارهاتوو لە گواستنەوەی کاڵای گیراو بەکرێ گیرابێت یەعنی کاڵای گیراو بەکرێ گیرابێت یان خاوەنداریەت بۆ قاچاغچی بگێڕێتەوە جێبەجێ ناکرێت، من پیشنیار دەکەم کە بەو شێوازەی لێبکرێت (حوکمەکانی ئەم یاسایە بەسەر ئامرازی بەکارهاتوو لە گواستنەوەی کاڵای گیراو) یان ئەو بەکرێ گیراوە زیاتر بۆ مرۆڤ بەکاردێت بۆیە من پێشنیار دەکەم کە بکرێتە (ئەوەی کە ئامرازی گواستنەوەی بۆ بەکاردێت)، چونکە لە راستیدا رستەکە زۆر ناڕێکە لێرە، دوای ئەوەش بکرێتە (یاخود)، یاخود خاوەنداریەتی بۆ قاچاغچی بگێڕێتەوە جێبەجێ ناکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (حاجی هەڵکەوت)، فەرموو.

**بەڕێز هەڵکەوت أنور خلیفە:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (٣) فەقەرەی (٢) خاڵی سێ هاتووە دەڵێ (رادەستکردنی کاڵای گیراو بە فەرمانگەی پەیوەندیدار) بۆی هەیە کاڵایەك پەیوەست بێت بە دوو فەرمانگەوە دوو فەرمانگە لە یاساکە لەو کاتەدا کاڵا گیراوە بە کام فەرمانگە دەدرێت، لەبڕگەی هاتوو ئیشارەی پێنەدراوە، بۆیە پێویست بە روونکردنەوە زیاتر دەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، (نجاة ) خان، فەرموو.

**بەڕێز نجاة شعبان عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت ماددا (٣) برگا دوێ، دووەم، ل گەڵ پێنجەم هەم ئەکا بەرێ خۆ بدەینی خەملاندن دیڤ یاسایا فرۆشتن و کرێدانا مولك و مالێ دەولەتی ژمارى (١)ی ساڵا (٢٠٢١) ئەو خەملاندنێ ژی دکاتن وە هەروەسا دفرۆشیتن ژی ل بەر هندێ تبیا پێنج و دوو ئێك و دوو بگرن بشێوەکی کو ل بەر هندێ ئیشارەتا یاسا فرۆتن و بەکرێدانی ماڵ و مولکی دەولەت دای ل بەر هندێ تبیا هەردوو ئێك و دوو بگرن وە سیاغەتەك بێتە کرن چونکی ل وێرێ ژی خەملاندن تێدا کرن، ئەگەر هاتوو چوو پێنجا مشکی خو ما دێرا دوماهیکێ ئەگەر بۆ لیژنا سەلمێنرا کە ئەوە بە قاچاغی ئامادەکراو هەکا بەو شێوەی لێبهێتن (ئەگەر بۆ لیژنا سەلمێنرا کەوا بە قاچاغ پێکردن ئامادەکراوە) بۆچی؟ چونکی ل ماددا دوێ، یەکەم وەسا ناوڤێ لێهاتی قاچاغ پێکردن ئامادەکراو، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، کاك (چیا)، فەرموو.

**بەڕێز چیا حمید شریف:**

**بەڕێز سەرۆکێ پەرلەمانی.**

من تێبینیەك سەر خالا ئێکەم هەبی لەهەر پارێزگا و ئیدارە ئیدارەیەکی سەربەخۆ ڤێرێ من پێ باشە ببتە ئیدارە سەربەخۆیەکان چونکە ئیدارە سەربەخۆ وە هەر وەسا لێژنەیەك بە سەرۆکایەتی جێگای پارێزگا پارێزگار پارێزگا نە دروستە پارێزگار بیتن یان جێگری سەرپەرشتیار ڤێرێ وازح نینە جێگر من پێباشە ڤێرێ جێگری سەرپەرشتیار بێتە گۆرین بۆ جێگری سەرپەرشتیاری ئیدارە سەربەخۆیەکان چونکی سەرپەرشتیار ڤێرێ معلوم نینە کا سەرپەرشتیاری چی بۆیە سەرپەرشتیاری ئیدارە سەربەخۆیەکان تێبینیا من یا دوویی هەوەسانە ئەف ماددا (٣٠) دێ تەناقوزەك گەڵ ماددا دوو دا تێتە کرنێ بۆ نموونە ماددا دوو ناڤێ وەزارەتا هاتیە وەزارەتا نافخۆ کاروباری پێشمەرگەو دەزگای ئاسایشی هەرێم و بەرێوەبەرایەتی گشتی گۆمرگەکان بەلێ ماددا سێ دا بەرێوەبەرایەتی گشتی گۆمرگەکان نەهاتیە من پێ باشە ئیزافە لسەروان وەزارەتێ نافخۆ کاروباری پێشمەرگە دارایی و ئابووری بازرگانی و دەزگای ئاسایشی هەرێم بەرێوەبەرایەتی گشتی گۆمرگەکان بێتە ئیزافە کرن چونکە خالا دوو لای ئێمە بەعس هاتیە کرن خالا سێ هاتیە بیرکرن هەروەسا خالا حەفت خەرجکردنی پاداشت و ئەو بڕانەی کە لەهەردوو ماددانەی (٥، ٦) هاتووە من پێباشە ڤێرێ وێ بڕا پادارشتێ بێتە دەست نیشان کرن مەسەلەن ٥% وی باهایە ١٠%، ١٥% چونکە ئەڤە دێ بیت هاریکاریەك بۆ هەر فەرمانبەرەکی یان پۆلیسەکی یان ئاسایشەکی کۆ کارێ خۆ دروستای رێڤەبربیت و دەست نیشان کردنا رێژێ، زۆر سەپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو کاك هیڤیدار.

**بەڕێز هیڤیدار احمد سلیمان:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی پێنجەم فرۆشتنی ئەو کاڵانەی گیراون بە زیادکردنی ئاشکرا دەبێت بە پێی حوکمەکانی یاسایی ژمارە ساڵی ٢٠٢١ یاسای فرۆشتن و بە کرێ گرتن و بە کرێدانی ماڵ و مۆلکی دەولەت لە هەرێمی کوردستان ئەگەر بۆ لێژنە سەلمێنرا کەوا بە قاچاخی ئامادەکراون ئەی فرۆشی باشە ئەگەر هاتوو ئەم ماددەیە ئیکسپایەرە یان بە کەلکی بەکارکردن نایێتن ئەبێت مەسەلەن ببەیە تاقیگە پشکینینی بۆی بکەی وە حەقی پشکینینەکەشی لەسەر ئەو بێتن کە کاڵاکەی بە قاچاخی هێناوە ئینجا بفرۆشی نەك هەرچی قاچاخی بابەتم گرت و دەستم بەسەردا گرت و ئیکسەر بفرۆشم ئەم بابەتە لێی زیاد بکرێتن باشە لە لێژنەی یاسایی ئەم بابەت لێی زیاد بکرێتن یەعنی ئەمە دەبیت پشکینینی بۆی بکرێتن ئەگەر خۆراکە یان بابەتێکی کە پێویستی بە پشکینین هەیە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو لیزا خان.

**بەڕێز لیزا فلك الدین صابر:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

لە ماددەی سێ بڕگەی دووەم خاڵی چوار هەمان تێبینم هەیە ئەوەی کاك هیڤیدار باسی کردو روپاك خانیش باسی کرد لەوەی کە پێویستە ئەو لەپێش لە دوای وشەی کاڵە وشەی یان بە قاچاخ بۆی زیاد بکرێت یان ئەوە بەو شێوەیە نەمێنێتەوە، چونکە ئێمە لە پێناسەکان باسی کاڵامان کردووە کاڵامان هەیە کە قەدەغە پێکراوە کاڵامان هەیە کە بە قاچاخ هێنراوە ئێ تۆ ئەگەر کاڵایەك قەدەغەت کردبێت چۆن دێی خۆت معاملەی پێوە دەکەی کەواتە سەرەتا خۆت پێشێلی ئەم یاسایە ئەکەی بۆیە پێشتر پێم باشە لە دوای ئەو وشە ئەو کاڵایەی قاچاخ بۆی زیاد بکرێت، هەروەها هەروەکۆ کاك هیڤیداریش باسی لەوە کرد ئەگەر ئەو ماددەیەش بەقاچاخ هاتووە بە تایبەتی ئەو مادانەی کە خۆراکین کە بۆ بەرهەمە کشتوکاڵی و بەرهەمە حەیوانییەکانن ئەوانە ئەبێت پشکینیان بۆی بکرێت ئەگەر ماوەی بەسەر چووبێت ناکرێت تۆ بی فرۆشیتەوەو هەرناکرێت تۆ بیخەیتە ناو بازارەوە معاملەی پێ بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك اسماعیل.

**بەڕێز اسماعیل علی طە:**

**بەڕێز سەرۆکێ پەرلەمانی.**

بسم الله الرحمن الرحیم، من چەند تێبینەیەك هەبوون تێبینیا ئێکێ دەست پێکێ یەکەم دیماهیکێ داواکارێ گشتی ێ ئینای ئەوژی یێ کریە ئەندام ڤێ لێژنێ دا ئەز بینم تەبیعەتێ یێ داواکارێ گشتی گەڵ تەبیعەتێ یێ ڤێ لێژنێ گەلەك موختەلفە تەبیعەتێ لێژنێ ئیدارایە ئەڤە قەزاییە قەزایی و ئیداری یەعنی ئەز نابینم یەعنی تشتەکێ دروست گەڵ دابیتن فە پێتی ڤی ناکەتن ئەز پێشنیارکەم داواکارێ گشتی بێتە راکرن تێبینیامن یا دوو، خالا دوو بێژیتن خەملاندنی بەهای کاڵای دەست بەسەر داگیراو ئەگەر نە کاڵا تنێ بیتن ئامرازژی گەل بیتن ئەو ئامراز ئامرازێ قاچاخ چیاتێ بیت هەر نەفسی تشتێ جارەکادی ئەزێ دووبارە کەم پرسیاراخۆ ئەو ژێ دێ بیتە خەملاندنی بەهای کالای دەست بەسەر گیراو وە ئامرازی گواستنەوە یان نە خالا شەشێ رەئسەن یێ گوتی فرۆشتنی ئامراز دێ چاوا فرۆشن ئەگەر خەملاندن بۆ نەهێتە کرن یەعنی ڤێت بەری وێ خەملاندن هەبێت پاشی بێتە فرۆتن ئەز پێشنیار کەم بێژم خەملاندن و فرۆشتنی خەملاندن تەقیم کەڤیتە بەری فرۆتنێ تێبینیامن یا دیماهیکێ بن خالا هەشتێ دا سێهەم بێژیت سەرۆکی لێژنە دەسەڵاتی پیادە کردنی حوکمی ماددەی (١٩٤) یەکەم بە لە یاسای گۆمرکی ژمارە (٢٣)ی ١٩٨٤ دەبێت ئەز حەسکەم تەئکید کەن، چونکو ئەز چوومە زڤریمە قانوونا ئەسلی ماددێ (١٩٥) نەکۆ یێ سەلاحیاتێت داینێ یێت گۆمرکی نە (١٩٤) کا بلا تەئکیدەکێ بکەن وێ ماددی (١٩٤) ئان (١٩٥)، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك ابوبکر.

**بەڕێز ابوبكر عمر عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

من هەست دەكەم مەهامی ئەم لێژنەیەمان زۆر فراوان كردووە لە خاڵی وەرگرتن و خەملاندن و رادەست كردن و دەست بەسەرداگرتن بۆیە بەرای من خەملاندن ئیشی ئەم لێژنەیە نیە ئەوە ئیشی لایەنی پەیوەندی دارە وەك چۆن چونكە بەشێكە لە رێكار وەك چۆن وەكو ئەوەی كە پەیوەندی بە حوكمەوە هەیە حەوالەی دادگای تایبەتمەندیەكە دووەم ماددەی یەك بڕگەی حەوت رەوانە كردن یان حەوالەكردنە، بەرای من چوار تەرەفی باس كردووە وە قاچاخچی ئەو كەسەی معاملەی پێوە دەكات شوفێری ئامرازی گواستنەوەو ئەوانەش كە لەگەڵیان بەشدارن هەر چواریان ئەمە بكرێت بە دوو بڕگە حەوالە كردنی ئەوانە نەك رەوانە نەكردنی بۆ دادگای تایبەتمەند بكرێت بە دوو فەقەرە ئەمە فەقەرەی یەكەم دووەم ئەوەی كە دەڵێت ئازاد ناكرێت لە راگرتن واتە ئەم كارە قابل بە كەفالەت نییە مەشمول بە كەفالەت نییە، بۆیە بووترێت ئازاد ناكرێن ئازاد كردن بە بارمتە نایان گرێتەوە ئەمانەیان ئیفراج دەبن یان مەحكوم دەبن ئەو دوو رێگەیە بەرای من خاڵی پێنجەم زیادە، چونكە لە بڕگەی شەشە ماددەی یەك هاتووە كە باس لە ئامرازی گواستنەوە دەكات، بۆیە ئەو بڕگەیە لابرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حمەصالح/ جێگری سەرۆكی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو كاك مەم.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**

سەبارەت ماددەی (٣) بڕگەی (١) فعلەن وەكو ئەندامێكی بەڕێز پێشنیازی كرد سەربەخۆیەكانی بۆی ئیزافە بكرێت وەمن پێشنیاز دەكەم ئەو لێژنەی كە پێك دەهێنرێت وەزارەتی كشتوكاڵ بۆی زیاد بكرێت بەتایبەتی وەرزی بەرهەم هێنانە ئەوقەدەغەكراوەكان رادەگەینرێت ئەوكات نوێنەریان هەبێت لە نیو لێژنەكە بڕگەی یەكەم هاتووە بەنسبەت بڕگەی دوو خاڵی دوو خەملاندنی بەهای كاڵەی دەست بەسەرداگیراو نرخی بازاری بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار، دیسان لە لە هەردوو لێژنەی بەڕێز دەپرسم لایەنی پەیوەندیدار كێیە ئەو خەملاندنە دەكات بۆمان روون كەنەوە لەناو یاساكە نازانین بەرچاوامان رووشەن نییە لایەنی پەیوەندیدار كێیە، خاڵی (٣) رادەست كردنی كاڵای گیراو دیسان گیراو نە كاڵای دەست بەسەردا گیراو پێم وایە گیراوی نە بە فەرمانگەی پەیوەندیدار دیسان فەرمانگەی پەیوەندیداریش مان بۆمان روون كەنەوە وەچ بەرێوەبەرایەتی كشتوكاڵە بەرێوەبەرایەتی گومرگە بەرێوەبەرایەتی ئیلا ئاخیری ئەو هەموو فەرمانگە كامەیانە پەیوەندیدارە، بۆ نموونە كتێبی قاچاخ دەهێندرێت ئایە دەدرێتە بەرێوەبەرایەتی كتێبخانە گشتیەكان یان چی لە خاڵی شەشەمی بڕگەی دووەم فرۆشتنی ئامرازی گواستنەوەی كاڵای گیراو دەست بەسەردا گیراو، یەعنی بە زیادكردنی ئاشكرا بە پێی ئەو حوكمەكانی بەیاسای كار لە هەرێم پاش ئەوەی هەمووی دەرچۆ بە بڕوای ئەم خاڵە غەردی لێ دەكرێت هەندێجار كاڵایەكی قاچاخ دەهێندرێت لە رێی ئۆتومبێلێكەوە دەهێندرێت دەگوازرێتەوە شوفێرەكەی نازانێت پێ دەوترێت ئەوە بارێكمان هەیە، یەعنی نازانرێت دەبێت ئەم مەسەلەیە روونبكرێتەوە ئەلێرەیە كە ئۆتومبێلەكەشی دەخرێتە ناو مەزادەوە دەفرۆشرێت

ئەوە بە بڕوای من غەدرێکە لە ئامرازەکەی دەکرێت یەعنی لەو شێوەیە لە ماددەی شەشەم وەکو چوون لە بڕگەی پێنجەم تەماشابکەن لە خاڵی شەشەم بڕگەی پێنجەم دا لە گواستنەوەی کالای بەکرێ دیسانەوە ئەوە تەئکیدی لێدەکرێت لە ئامرازی بەکار هاتووەکەی کە بۆیە هۆی گواستنەوەی کە بەنسبەت بڕگەی سێیەم ئەندامانی بەڕێز وە لێژنەی پەیوەندیدار هەردوو لێژنەی پەیوەندیدار سەرۆکی لێژنە دەسەڵاتی پیادەکردنی ماددەی (١٩٤) یەکەم بێ هەیە بەراستی بە پێی یاسای ناوبراو دەسەلاتێکی بێ شومار ئاماژەی پێکراوە ئەلێرەیە ئەم یاسایە یاسی ناوبراو کە پێشتر من ئاماژەم پێکرد لە موداخلێکی پێشوویا دەسەڵاتێکی بێ شومارە بە پێ بڕگەی (١٩٤) بڕگەی یەك بێ دەسەڵاتێکی زۆر دراوەتێ، بۆیە پێم وایە تەرجمە کردنی ئەم دەسەڵاتە بۆ سەرۆکی لێژنەکە جێگری پارێزگا یان جێگری یەکەم یان جێگرێکی سەرپەرشتیارییە دەسەڵاتێکی زۆرە وە لەگەڵ ئەوەیە نیم وە ئەو ماددەیە واتێدەگەم ماددەی (١٩٥) بێ لە دەسەڵاتەکە کەمترە ئەگەر تەماشای بکەن، بەنسبەت بڕگەی چوار ئەو کاڵایانەی دەگیرێن بە پێی یاسای گومرگی بەرکار لە هەردوو حوکمەکانی بڕگەی (١، ٢) ئەما ماددەیە بەدەردەکرێن وابکرێت ئەو قاچاخانەی دەستیان بەسەردا دەگیرێت بەپێ ئەوە دەردەکرێن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس کاك مەم بە پێی ماددەی (٨٨) بیرتان نەچێت دوو دەقەتان هەیە ئەگەر دوای بە نووسین بدەنە لێژنەکە، فەرموو مژدە خان.

**بەڕێز مژدە محمود محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێ بڕگەی یەك لەهەر پارێزگایەك و ئێدارەیەکی سەربەخۆ لێژنەیەك بە سەرۆکایەتی جێگری پارێزگا یان جێگری سەرپەرشتیار پێك دێت سەرپەرشتیاری ئیدارە سەربەخۆییەکان، یەعنی ئەویشی تێبکرێت هەروەها بەرێوەبەرایەتی تەندروستی وەزارەتی تەندروستیشی بۆی زیاد بکرێت ئەزیەت نەبێت چونکە ئێمە باس لە وەزارەتەکانی ناوخۆ کاروباری پێشمەرگەو دارایی و ئابووری و بازرگانی پیشەسازی و دەزگای ئاسایشی هەرێم داواکاری گشتی و تەندروستیشی بۆی زیاد بکرێت، پێشنیاردەکەم لەو بڕگەیەدا لە ماددەی سێ بڕگەی دوو لە خاڵی دوو خەملاندنی بەهای کاڵای دەست بەسەرداگیراو بە پێی نرخی بازار بەهەمان هەماهەنگی لایەنە پەیوەندیدارەکان، ئەو لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەزیەت نەبێت لێژنەی بەرێز تەعریفێکی بۆمان بکات مەبەستی کێویە لە خاڵی سێیەم رادەست کردنی کاڵای گیراو بکرێتە رادەست کردنی کاڵای دەست بەسەرداگیراو بە فەرمانگەی پەیوەندیدار ئەزیەت نەبێت ئەو پەیوەندیدارەش ئەگەر تەعریف بکرێت سوپاستان دەکەم روونکردنەوەیەکمان پێی بدەن خالی دیکەم ماوە لە خالی چوارەمیش بەهەمان شێوە دەست بەسەرداگرتن و فرۆشتنی ئەو کاڵایانەی کە گیراون گیراو بۆ مروڤ دەبێت بکرێتە دەست بەسەر داگیراون، لە خاڵی پێنجەم هەمان شت دووبارە کراوە فرۆشتنی ئەو کاڵایانەی گیراون بکرێتە فرۆشتنی ئەو کاڵایانەی دەستیان بەسەردا گیراوە، خاڵی شەشەم فرۆشتنی ئامرازی گواستنەی کاڵای گیراو ئەویش بکرێتە دەست بەسەردا گیراو، بێگومان لە بڕگەی شەشەم هەست ناکەن یەعنی گوناحێك دەکرێت بەرامبەر

کەسێك کە ئامێری گواستنەوەکەی دەفرۆشرێت لە کاتێدا لەوانەیە ئەو نەزانێت کە ئەو کاڵایەی پێتی قاچاخە یاخود موادێکی خراپی تێدا شاراوەتەوە، یەعنی ئەو بێگوناهە بۆچی ئامێرەکەی ئەو بفرۆشرێت، هەر لە خاڵی شەشەدا کاڵای گیراو بکرێتە کاڵای دەست بەسەردا گیراو، لە خاڵی حەوت هەمان شت دووبارە کراوەتەوە کاڵای گیراو، خاڵی چوار ئەو کاڵایانەی کە دەستیان بەسەردا دەگیرێت بەپێی یاسای گۆمرگی بەرکار لە حوکمەکانی بڕگەی (١، ٢) ئەو ماددەیە بەدەر دەکرێن وەلە خاڵی پێنجەمیش هەمان شت کاڵای گیراو هەیە بەو شێوەیە لێبکرێت حوکمەکانی ئەم یاسایە بەسەر ئەم ئامرازە بەکار هاتووی ئەم کالای دەست بەسەردا گیراو کە بەکرێ گیرابێت یەعنی بەو شێوەیە لێبکرێت، زۆرسوپاس.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

والله من کۆمەڵێك سەرەنجی گشتیم هەیە لەسەر ئەم ماددەیە بەو پێیەی لە نزیکەوە ئاگاداری پرۆسەی قاچاخین لە کوردستان دا چۆن دەکرێت، بەراستی داڕشتنی ئەو ماددەیە بەم شێوەیە لە ١% رێگری لە قاچاخ ناکات بە عەمەلی....

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

پێشنیارەکانت.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئێستا پێشنیارەکان دەکەم من دەیان جار بە پارێزگاو سەرۆکی ئەنجومەن و ئیدارەکانم گوتووە دەسەلاتمان بەسەر خاڵە سنووری و قاچاخدا نییە، چ جێگری بکریتە سەرۆك، من پێشنیاردەکەم سەرۆکی دەزگای ئاسایش لەو ناوچەیە بەرێوەبەری گشتی ئاسایش سەرپەرشتی بێت بۆ قاچاخ بە دوو فلتەردا تێپەردەبێت یەك لە دەروازەکەیە کە دەرگایەکە پێی دەوترێت دەزگای ئاسایش دەکرێتەوە بارەکان بە تەنسیق دێن، دووەمیان لە بازگەکان لە بازگەکان بەبێ مەنەفێست و ئەوراق داخل دەبن، ئیتر جگە لەم دوو رێگەیە رێگەی تر نییە بۆ قاچاخ، یەعنی هیچ سەیارە هەیە بە بازگە تێپەرنەبێت، بۆیە ئەبێت بە مەسئولیەت دیاری بکرێت سەرۆکی دەزگای ئاسایشە بکرێت بە سەرۆکی ئەم لێژنەیە، سەبارەت بە رادەست کردنی کاڵای گیراو بەفەرمان دووجۆرە کاڵاهەیە یەکیان ئەوەیە بۆ گومرگ نەدا بە قاچاخ دەهێنرێت یەکیان ئەوەیە بەیاسا رێگا پێنەدراوە، واتە شتێك کە بەیاسا رێگا پێ نەدرابۆ چۆن ئەتوانێت بەکاربهێنرێت، من نموونەیەکی وازحم لەبەردەستدایە (١٦٠٠٠) هەزار سەیارەی خوار مودێل بە تەنسیق داخل کرا هیچ گرفتی نەبوو، هاووڵاتیەك پێنچ سەیارەی هێنا یەکەم مودێلەکەی لە خوار بۆ ویستی بەگومرگەوە پێنچ سەیارە کە گیرا وەزارەتی دارایی بۆ خۆی بەکاری هێنا، ئێستا مەسەلەن لەوانەیە رسمەکەی دەردەکەوێت جیکلاسێك هەیە نووسراوە دارایی ئەوە هی هاووڵاتیەك بۆ گیرا خوار موديل بوو، باشە بوو بە قانوون بۆ هیچ هاووڵاتییەك نییە داخلی بکات، بەڵام بۆ موئسەساتی حوکمی ئەمە رەوابێت هێلکە بۆ بەقانوون بۆ هیچ هاووڵاتییەك نییە داخلی کات، بەڵام ئەگەر یەکێ داخلی کرد موئەسەساتی حوکمی بی کرێ و بیفرۆشێتەوە و دواتریش

هاووڵاتی لە نەتیجە بەکار دەهێنرێت، بۆیە ئەمە دەبێت شتی قەدەغە کراو شتی رێگا پێ نەدراوی لێی جیا بکرێتەو..

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك علی پێشنیارەکانت بۆ بڕگەکانی ئەم ماددەیە چییە.

**بەڕێز علی حەمە صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیارەکانم ئەوەیە کە کاڵای قەدەغە کراو ئەبێت لە ناو ببرێت نەك بەکار بهێنرێتەوە، دوو سەرۆکی دەزگای ئاسایش یان بەرێوەبەرایەتی گشتی ئاسایش سەرۆکی ئەو لێژنەبێت بۆ ئەوی بەرپرسیاریەتی هەڵبگرێت نەوەکو جێگری پارێزگار کە بچووکترین دەسەڵاتی بەسەر بازگەکاندا نییە وەهەر دەڵێن رەبتی بە ئێمەوە نییە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك دابان.

**بەڕێز دابان محمد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورەو میهربان، سەبارەت بە ماددەی سێ بڕگەی یەك زۆر پێویستە وەزارەتی کشتوکاڵ وەزارەتی تەندروستی جێگەی بکرێتەوە، لەم رۆژانەیا بەڕێزێك لە پێنجوین تەلەفۆنی بۆکردم وتی کاك دابان چەند ئاژەڵێك گیراوە، یەعنی تەسوەر ناکەی بەچ شێوازێکی نامرۆڤانە لەناو ئەبرێن، یەعنی بۆ نموونە جوجەڵە و ماسی و مانگاو ئەو ئاژەڵانەی کە بە قاچاخ گیراوە بەبێ هیچ رێکارێکی زانستی لەناو دەبردرێن ئەخرێتە ژێرخۆڵەوە و ئاگریان پێوەئەنرێ و ئەسوتێنرێن، یەعنی بۆ ئەمە چونکە خەملاندنی تێدایە مادەم و فرۆشتن و لەناوبردنی تێدایە، پێویستە لێژنەی لایەنی کەم نوێنەرێکی کشتوکالیشی تێدابیت بۆ واهیشتمان خواردەمەنی تەندروستی تێدابیت، ئەوەی کە کاك هیڤیدار باسی کرد خراب نییە یەعنی ئەبێت هەم کشتوکاڵ و هەم تەندروستی تێدابێت، لە خاڵی چوارەم باسی ئەو بڕە کراوە کە پێنج ملیۆن دینارە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان هیچ بارێکی قاچاخ لە کوردستان یەعنی لە سەد ملیۆن دینار کەمتر نییە، ئەمە مەگەر خەڵك بە کەرو بار شت بێنێت بای پێنج ملیۆن دینار بێت، قسەکە لەسەر ئەوەیە ئەم رێژەیە زیاد بکرێت بۆ (١٥) ملیۆن دینار ئەم بڕە زیاد بکرێت بۆ (١٥) ملیۆن دینار، چونکە ئەو کاتە ئەگەر ئەمە نەکرێت سەد لەسەدی ئەو بارانە یان ئەو کەیسانە کە دەگیرین رووبەرووی دادگا ئەکرێتەوە ئەو کاتەش تەزاخۆمێك دروست ئەکات، بۆیە رێژەکە بەرزبکرێتەوە بۆ (١٥) ملیۆن دینار زۆر باشترە، خاڵێکی تر ئەوەیە لێرە لە ماددەی پێنج باس لە فرۆشتن ئەکات من هیچ خالێکم نەبینی باس لە لەناوبردن بکات لە لایەنی کەم ئەگەر هەبێت فەقەرەکانی تر ئەبێت بێتە لێرە جێگای بکرێتەوە، یەعنی لەناوبردن بەشێك بێت نەك ئەوەی کە هەموو ئایتم و کاڵایەك، یەعنی بفرۆشرێت ئەگەر لەناویش ببرێت بە شێوەیەکی زانستی ئەبێت باس بکرێت کە لەناو ببرێت و بۆ جیکلاسەکەشی پشتیوانی کاك علی دەکەم یەعنی راستە خواردن موادی خواردن بەکەڵك نایەت لەناو ئەبرێت، بەڵام لەکاتێکە سێ ئۆتومبێلێك کە حکومەت لەبەر ئەوەی

کوالێتەکەی باش نییە بە کەڵکی هین نایێت داخل دەکرێت، بەڵام جارێکی تر بەکار دەهێنرێتەوە یەعنی ئەوە تێکەڵەیەکی تێدایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

من لە بڕگەی دووەم خاڵی (٤، ٧، ٨) تێبینم هەیە، خاڵی چوار لەراستیشدا دووبارەی ماددەی چوارە خۆی لە ئەساسدا لە ماددەی چواردا هاتووە پێویست ناکات لێرە هەبێت...

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

توزێك دەنگت بەرزکەرەوە.

**بەڕێز کاروان عبدالرحمن عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەسەرچاو، خاڵی چوار دووبارەی ماددەی چوارە لێرەش دووبارە باس کراوە یان تێکەل بکرێت یان ئەوەتە لابرێت، لێرەدا خاڵی هەشت بەهەمان شێوە خۆی ئاماژە بە ئەوە کراوە کە لە یاساکەدا ماددەی (٥، ٦) دیاری کراوە بۆچی دووبارە لێرە هەمان بێت وە سەبارەت بەئەوەی کەی مەم و کاك یاسینیش باسیان کرد ئەو کەسەی کە ئامرازی گواستنەوەکەی پێیە ئەمە یەکێکە لەو مەترسیانەی کە لە یاساکەدا هەیە، بەراستی پێتان بلێم چونکە ئێمە قەزیەمان هەیە ئێستا خەڵك هەبوو خۆیان لە پارچە ئاسنێك یان داوە پێی نەیزانیوە چییە کەسێك یەکێك لە خاڵە سنوورییەکان داویەتی گەشتووتە ناوشار ئاسایش دەوری داوەو گرتوویانە ئەمە بۆ شتی تر بەکار دەهێنرێت، رەنگە کە ئەو کەسەی کە ئامرازی گواستنەی پێیە بابەتێك دەگوازێتەوە یاخۆد کاڵایەك دەگوازێتەوە یاخود شتێك دەگوازیتەوەلە ڕاستیدا ئەم نازانێت کە ئەمە قاچاخە یان رەنگە نەزانێت ئەمە چەند مەترسیدارە رەنگە بۆ شێوازی زۆر مەترسیداریش بەکار بهێندرێت، بۆیە من پێشنیازدەکەم کە موعالجە بکرێت کەس نەزانێت چۆن جارێ ئیسپات دەکرێت کە نەزانێت چۆن ئیزبات دەکات کە زانیویەتی، بۆیە ئەمە یان موعالجە بکرێت یان لابرێت کە لەم بڕگەیە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك رێبوار.

**بەڕێز رێبوار عبدالرحیم عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ئەمن پرسیاری ئەوە دەکەم لە لێژنەی یاسایی لە کاتی ئامادەکردنی ئەم پێشنیازە یاسایە ئایا بەراورد کراوە بە دەقەکانی یاسایی سزادانی عێراق زۆر گرنگە، چونکە باس لە پێبژاردن ئەکات، باس لە سزادان ئەکات وەئەگەر بەراوورد کراوە، ئایا بۆ مەسەلەی پێبژاردن ئەکات بۆ سزادان ئەکات ناکۆکیەك دروست ناکات لە لەگەڵ یاسای سزادانی عێراقی، ئەوە پرسیارێکی سەرەکیە هیوادارم وەڵاممان بدرێتەوە لەلایەن لێژنەی یاسایی، و سەبارەت بڕگەی سێ باس لەوە ئەکات کە رادەست کردنی کاڵای گیراو بە فەرمانگەی پەیوەندیدار کە لێرە مەبەستی فەرمانگە دائیرەکەیە، دائیرەی مەعنی بەڵام بۆ خۆی هەڵەیە کە بلێی فەرمانگە، چونکە لە بنچینەدا ئێمە چەند فەرمانگەیەکمان هەیە یان چەند دائیرەیەکمان هەیە ناوی فەرمانگەیە وەکو فەرمانگەی

پەیوەندییەکانی دەرەوە، فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون و زانیاری و ئیلا ئاخیری، بۆیە واباشە بکرێت بەرادەست کردنی کاڵای گیراو بەلایەنە پەیوەندیدارەکان، چونکە مەرج نییە هەموو فەرمانگەیەك لایەنی پەیوەندیداربێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو کاك زاهر.

**بەڕێز ظاهر محمد علی حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی سێ خاڵی دوو لێژنە هەموو ئەو کارانەی خوارەوە لە ئەستۆ لەخۆ دەگرێت، پێشیاردەکەم لەهەر شوێنێك لێرە وشەی گیران هەبێت بکرێتە دەست بەسەردا گرتن، بڕگەی حەوت ڕەوانە کردنی قاچخچی و ئەو کەسەی معامەلەی دەکات بە کاڵای قەدەغەکراو شوفێری ئامرازی گواستنەوەو کاڵای گیراو ئەوەی لەگەڵیاندا بەشدار بووە بۆ داگای گومرگی تایبەتمەندو ئازاد ناکرێت لە ڕاگرتنی تاوەکو حوکمێکی بن بڕ لە داواکاندا دەرنەچێت، من پێشنیار دەکەم بەراستی ئەوە جیا بکرێتەوە لەوەی کە کەیسَك کە علمی هەبێت ئەو کاڵایە قاچاخەو وەهەر ئامرازی گواستنەوەش تێدا بەکاربێنێت ئەوا لێرە عقوبەکەی وەکو عقوبەی قاچاخچیەکەی وایە، بەڵام ئەگەر کەسێك علمی نەبێت یەعنی ئەوە ئەو وشەیە لێرەبە موتلەقی هاتووە ناکرێت پێویستە جیاوازی بکرێت لە نێوان ئەو دوو حالەتە و وشەی حوکمیش بنبڕ بکرێت حوکمی بنبڕ خاڵی پێنج بەهەمان شێوە بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان حوکمەکانی ئەم یاسایە بەسەر ئامرازی بەکار هاتووی گواستنەوەی کاڵای گیراو بەکرێ گیرابێت یاخود خاوەندارێەتی بۆ قاچاخچیەتی بگەرێتەوە جێبەجێ بکرێت، لێرەش پێشنیاردەکەم بەراستی جیاوازی بکرێت لە نێوان ئەوەی کە خاوەن ئامرازی بە کرێ گیراو کە بەکارهاتوو بۆ گواستنەوەی کاڵای قاچاخ نەزانێت کە کاڵاکە قاچاخە بەلکو ئەگەر سەلمێندرا کە زانیاری هەیە و علمی هەیە کە کاڵەکە قاچاخە لەگەڵ ئەوەش ئامرازەکەش بە کرێ دا لێرەدا پێویستە بە هەمان سزای قاچاخچی وەربگرێت، چونکە لەوانەیە زۆر حالەتی وابووە، مەسەلەن یەکێك لێرە داوای گواستنەوەی شتێك لە شوفێرێك بکات لە شارێك بۆ شارێکی دیکە، بەڵام شوفێرەکە علمی نەبێت کە ئەو شتەی دەیگوازێتەوە قاچاخە یاخود کاڵای قەدەغە کرا،وە بۆیە پێویستە جیاوازی بکرێت و نەسەکە بە موتلەقی هاتووە و ئەو موتلەقیەکەش وادەکات کە ئەو کەسە ئەگەر علمی هەبێت و یان نەبێت هەرسزابدرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرمووو حسیبە خان.

**بەڕێز حسیبە سعید ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بە نسبەت ماددەی سێ بڕگەی دوو پێشنیار دەکەم خاڵی یەکەم و دووەم بکرێنە یەك بەم شێوەیە وەرگرتنی ئەو کاڵایانەی بە پێی حوکمی ماددەی دوو ئەم یاسایە دەستیان بەسەردا گیراوەو رادەست کردنیان بە لایەنە پەیوەندارەکان، بۆ ئەم بڕگەیە پشتگیری دکتۆر ڕێبوار دەکەم و لە خاڵی چوار دەست بەسەرداگرتن و فرۆشتنی کاڵای قاچاخی گیراو لە جیاتی ئەو

کاڵایانەی کە گیراون کە بەهایەکانیان کەمتر نییە لە پێنج ملیۆن دینار هەتا ئاخیری، خاڵی پێنج فرۆشتنی هەمووی ئەو ئەو کاڵا قەدەغەکراوە دەست بەسەر داگیراوەکان زیادکردنی ئاشکرادەبێت بە پێی حوکمەکانی یاسایی ژمارە یەك تا کۆتای خاڵی شەشەم فرۆشتنی ئامرازی گواستنەوە و کاڵا و شتومەکی دەست بەسەرداگیراو، ئینجا تاکۆتاییەکەی بنووسرێتن، خاڵی حەوت پشتگیری کاك کاروان و کاك شێخ ظاهر دەکەم سەبارەت بە شوفێرەکە پێویستە بی سەلێمێندرێت ئەو کات سزای یاسای بەسەردا جێبەجێ بکرێت، بڕگەی چوارەم بەم شێوەیە لێبکرێت ئەو کاڵاو شتومەکانەی کە دەست بەسەردا دەگیرێن بە پێی یاسای گۆمرگی بەرکار لە حوکمەکانی هەردوو بڕگەی (١، ٢) ئەم ماددەیە بە دەردەکرێن بڕگەی پێنج حوکمەکانی ئەم یاسایەش بەسەر ئامرازی بەکارهاتوو لە گواستنەوەی کاڵاو شتومەکی گیراونە قەدەغە کراو بەکرێ گیرابێت یان خاوەنداریەتی بۆ قاچاخچیەتی بگەرێتەوە و جێبەجێ بکرێت، لەم خاڵەش دوبارە پشتگیری کاك شێخ ظاهر دەکەم بەوەی پێویستە ئەم بابەتە سەلماندنی تێدابێت، ئینجا حوکمە یاسایەکانی بەسەر جێبەجێ بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح/ جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو سەرچنار خان.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

منیش لەسەر ماددەی سێ چەند تێبینەیەکی یاسایم هەیە، سەبارەت بە بڕگەی یەکەم ئەو ئەندامانەی کە دانراون لەو لیژنەیە داواکاری گشتی لە کۆتایی هاتووە داواکاری گشتی سرووشتێکی قەزایی هەیە وە دەزگایەکی رەقابیە ناکرێت بکرێت بە ئەندام لە لیژنەیەکە کە هەموویان ئەو ئەندامانە تەبیعەتێك و سرووشتێکی ئیداریان هەیە یەعنی کارەکانیان جیاوازە ..

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

یەعنی پشتگیری لە راکەی دکتۆر اسماعیل دەکەی.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەلێ ئەمە خاڵی یەکەم، خاڵی دوو سەبارەت بە برگەی شەشەم تەبعەن کە دەسەڵاتەکانی لیژنە کە هاتووە لێرە ئەڵێت خەملاندن و فرۆشتن بەس خەملاند و فرۆشتنی لە کاڵا هێناوە کە دێتە سەر خاڵی شەشەم فرۆشتن لە ئامرازی گواستنەوە و باسی خەملاندنی تێدانییە، ئەبێ ئیزافەی خەملاندنەکەی بۆ بکرێت، چونکە دەبێت بخەملێنرێت ئینجا بفرۆشرێت، خاڵی سێیەم وەکو کاك مەمیش باسی کرد یەعنی سەرۆکی لیژنە کە ماددەی (١٩٤) بڕگەی یەك وای هێناوە لە یاسای گومرگی ئەوە سەلاحیەتی مەحکەمەی گومرگە، یەعنی ناکرێت سەلاحیەتی مەحکەمەی گومرگ بگرێت بدرێت بە لێژنەیەك، ئەکرێت ماددەی (١٩٥) سەلاحیەتی موەزەفی گومرگی بدرێتێ بە سەلاحیەتی مەحکەمەی گومرگ فراوانە، بە قەناعەتم ئەو ماددەیەش ئەبێت بگۆرێت لە رووی قانوونییەوە، خاڵیکی تر تایبەت بە ئەو برگانەی کە هاتووە بەم پێنج خاڵەکە هاتووە ئەو چوارەم ببورە بیرم نەبوو باسی بکەم، خاڵی چوارەم لەگەڵ ماددەی چوار هەریەك شتە ئەکرێت یان ئەم لابرێت یان ئەو لابرێت یا ماددەی چوار زیاد ئەبێت، چونکە ناکرێت لە دوولاوە بهێنرێتەوە

ئەگەر لە حالەتێکە پرسیارێکیش بۆ لێژنەی تایبەتمەند ئەگەر ئەم لیژنەیە نەیتوانی هەڵسێت بە کارەکانی خۆی یەعنی استغلالی بە واجباتی وەزیفی خۆی کرد ئێرە هیچ ماددەیەکی ئیقابی یان بلێن سزای نەهاتووە بۆیان ئەبێت بگەرێنەوە بۆ یاسا بەرکارەکان، یەك سەرەنجیشم هەیە لەسەر کۆی یاساکە تەبعەن هەروەکو لە راپۆرتی لێژنە هاتووە ئەڵێت بەرکارکردنی ژمارە یاسای (١٨) ساڵی ٢٠٠٨ کە یاسایەکی عێراقی و فیدراڵییە پێویستی بە بەرکارناکات، زۆربەی ئەم ماددانەی کە من دیراسەم کردووە رێك تەرجومەی ئەو یاسایەی هێناوە یا ئەبێت ئەو یاسایە ئیلغابکرێتەوە، چونکە یاسا بەرکارە لە پارێزگاکان، چونکە ئەو لێژنانە دروست ئەبن بە سەرۆکایەتی جێگری پارێزگار وە ئیش لەسەر ئەو بابەتە ئەکرێت و ئەم یاسایەش دەرئەچێت ئەبێت بە دوو یاسا، یەعنی هەر گرفت بۆ جیهەتی جێبەجێ کردن دروست ئەبێت یا ئەبێت ئەو یاسایە ئیلغابکرێتەوە کار بەمە بکرێت، یان ئەبێت چارەنووسی دیاری بکرێت و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو بدریە خان.

**بەڕێز بدریە اسماعیل محمود:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددە سێ بڕگەی یەك من پشتگیری لە قسەکانی کاك دابان و دکتۆر اسماعیل ئەکەم وە بڕگەی دوو سەبارەت بە خاڵی یەکەم وەرگرتنی ئەو کاڵانەی بە پێی حوکمی ماددە دوو ئەم یاسایەی گیراون، پشتگیری لە مژدە خان و ئەو بەڕێزانە ئەکەم کە بکرێت بە دەست بەسەرداگرتن، سەبارەت بە خاڵی چوار لە بڕگەی دوو کە دەڵێت دەست بەسەرداگرتن و فرۆشتنی ئەو کاڵایانەی کە قاچاخن، پێشنیار دەکەم کە قاچاخێکی بۆی زیاد بکرێت ولە خاڵی پێنج بە هەمان شێوە فرۆشتنی ئەو کاڵانەی دووبارە کە قاچاخ نێکی بۆی زیاد بکرێت، سەبارەت بە خاڵی شەشەم پشتگیری لە مامۆستا ابوبکر دەکەم کە پێشنیار دەکەم ئەو خاڵە لابرێت، سەبارەت بە خاڵی حەوت رەوانە کردنی قاچاخچی ئەو کەسانەی معامەلە دەکات بۆ ئەو کاڵانەی قەدەغەکراو شوفێری ئامرازی گواستنەوەی کاڵای گیراو ئەوەی کە لەگەڵیاندا بەشدار بووە بۆ دادگای گومرگی تایبەتمەند و ئازاد ناکرێت لە راگرتنی تاوەکو حوکمێکی بنڕ لە داواکەیاندا دەرنەچێت، من هەمان پێشنیاری ئەو بەڕێزانەی کە کردیان ئاڕاستەی لێژنەی پەیوەندیدارو لێژنەی یاسایی دەکەم کە دەلێت بە کەفالەت ئازاد ناکرێت، ئایا ئەمە پێچەوانە نییە لەگەڵ یاسای سزادانی عێراقی، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك دیاری.

**بەڕێز دیاری انور حەمە رحیم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوا، هیوادارم جارێکی دیکە یەعنی رەچاوی ئەوە بکرێت لە رێزبەندی بەتایبەتی ئەم بابەتە کە موناقەشەکردنی بڕگەو ماددەکانی، یەعنی پێشنیازە یاساێکە بۆی هەندێ جار بەشێکی ئەو سەرنجانە ئەوترێت، واتە هەر نەخرێنە دوای دوای دواوە لە ماددەیەکی دیکە لە بڕگەیەکی دیکە بەشێکە لەوانە لە پێشەوە یان زۆرتر دەرفەتیان پێ بدرێت، لەسەر ماددەی سێ، یەکەم

دەڵێت لە هەر پارێزگایەك و دائیرەکی سەربەخۆ بۆ لیژنەیەك بە سەرۆکایەتی جێگری پارێزگار یان جێگری سەرپەرشتیار پێك دێت بە ئەندامییەتی نوێنەری هەریەك لە وەزارەتی ناوخۆ، لێرە پێشنیاز دەکەم بۆ بەرێوەبەری گشتی ئاسایش پشتیوانی قسەکانی کاك علی دەکەم، هەروەها بەرێوەبەری گشتی پۆلیس تێدابێت وە هەروەها لە کۆتایی دەڵێت کاروباری پێشمەرگەو دارایی و ئابووری بارزگانی و پیشەسازی پشتیوانی هەریەك لەو بەرێزانە دەکەم کە داوایان کرد وەزارەتی کشتوکالیش بۆی زیاد بکرێت، هەروەها ئەمەی بۆی زیاد بکرێت لە کۆتاییدا نوێنەری هەر وەزارەتێکی دیکە کە پەیوەندیداربێت بە دۆسیەکەوە، خاڵی دوو لیژنە ئەم ئەرکانەی خوارەو لە ئەستۆ دەگرێت، خالی دوو دەڵێت خەملاندنی بەهای کاڵای دەست بەسەر داگیراو بە پێی نرخی بازار بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدارو لیژنەی پسپۆر لە خەملاندن، واتە لیژنەی پسپۆر لە خەملاندنی بۆ دیاری بکرێت یان بە نموونە نوێنەری هەر لیژنەی خەملاندن لە وەزارەت و پەیوەندیدارانەی کە لێرەدا ناویان هاتووە، خاڵی چوار یەعنی هەر پێشنیاز دەکەم ئەم بابەتە بەراستی لابرێت پێنج ملیۆن دینار، یەعنی بەراستی هەموو ئەوەی کە ووتراوە ئامێری گواستنەوەکە لەگەڵی دەستگیر دەکرێت لە بەشێکی زۆر بڕگەو ماددەکانە ئەوە پارەیەکی زۆر زۆر دەکات وە ئەمە پێویست بەوە ناکات هەمووان خۆیان بچن بیخەملێنن، ئەگەر پێنج ملیۆن دینار کەمتر بۆ بیفرۆشن و من پێشنیاز دەکەم ئەوە هەر لابرێت، بڕگەی پێنج حوکمەکانی ئەم یاسایە بەسەر ئامرازی بەکار هاتوو لە گواستنەی کاڵای گیراو بەکرێ گیرابێت یان خاوەنداریەتی بۆ قاچاخچیەتی بگەرێتەوە جێبەجێ دەکرێت، پێشنیاز دەکەم ئەمەی بۆی زیاد بکرێت دوای ئەوە لە دادگا یەکلایی بۆوە کە خاوەنی ئامرازی گواستنەوە بەشێك بووە لە قاچاخەکە، یەعنی ئەو بابەت بابەتێکی زۆر گرنگە، یەعنی پشتیوانی لە بەشێکی زۆر لەو هاورێیانە دەکەم کە ئاماژەیان پێکرد، بۆ نموونە زۆر جار ئەوانی دیکە باج و روسومات یان داوە بۆ نموونە لۆرییەك هاتووە، بەڵام لە ناوییەوە قاچاخچیەکە بابەتێکی خستوەتە ناو سەیارەکەوە دووجار بۆ ئەبێت ئامێری گواستنەوە کەو شوفێرەکەش بەهەمان شێوە سزا بخۆن وە پشتیوانی هەریەك لە خاتوو لیزاو کاك دابان و کاك رزگار و کاك مەم دەکەم، زۆر سوپاس.

**بەرێز هێمن احمد حەمە صالح / جێگری سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك دیاری تەنها روونکردنەوەیەك، بەرێزان ئێمە هەموو جارێك لە خوێندنەوەی ناوی ئەو بەرێزانەی کە ناو تۆمار دەکەن هەوڵ و تەوازنێك رابگرێت لە نێوان فراکسیۆنەکان لە ناوخۆدی فراکسیۆنەکان بە پێی پسپۆرییەکان و جەنابیشت بە پێی ماددەی (٩١) بڕگەی سێ هەموو ئەو رایانە ئەخرێنە دەنگدان کە ئەندامێك پێشکەشی کردووە، پشتیوانی سێ ئەندامی پەرلەمان جگە لەو دووانەی ئەخیر ئەگەر پشتیوانیشت نەبێت راکەت دەخرێتە دەنگدان بەلێ ئەو ئیمتیازەشتان هەیە، فەرموو کاك عوسمان.

**بەرێز عثمان علی سمایل:**

**بەرێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پشتیوانی لە وتەکانی کاك چیا وکاك دابان دەکەم کە لیژنەی کشتوکاڵ و هەروەها تەندروستی بۆی زیاد بکرێت، بۆ بڕگەی یەکەم وە هەروەها پشتیوانی لە قسەکانی کاك مەم برهان دەکەم، کە لەبڕگەی یەکەم شەشەم پشتیوانی لە قسەکانی سوسن خانیش ئەکەین کە بڕگەی پێنج بەو

شێوەیە لێبکرێت، ئەگەر لە کۆتاییدا نووسراوە بۆ لێژنە سەلمێندار کەوا بە قاچاخی ئامادەکراوە ئەو کەوابێ هیچ زەروور نییە بەبۆچوونی من بکرێت کە سەلێمندرا بۆ قاچاخی ئامادەکراوە نەك کەوابوو وهەروەها پشتیوانی لە قسەکانی کاك کاروان و کاك شێخ ظاهر دەکەم لە بڕگەی حەوت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز: د. ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

کاك شاخوان فەرموو.

**بەڕێز شاخوان روؤف مصطفى:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

پێشنیار ئەکەم لە لە، مادده سێ بڕگەی دوو خاڵی دوو تەعریفی گومرگی زیاد بکرێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز: د. ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

سوپاس، فەرموو کاك جلال.

**بەڕێز جلال محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بەناوی خوای گەورە دیارە تێبینیەکان زۆر بوون، هەروەها بە سەریعی لە ماددەی سێ لە بڕگەی یەك پێدادێم، دیارە زۆر لەو بەڕێزانە ئاماژەیان بەوە دا کە لێژنەی کشتوکاڵی لەگەڵ بێت یا لێژنەی تەندروستی، مەسەلەن ئەندامێکی تەندروستی لەگەڵ بێت، ئێمە پێش هەموو شتێك لە قانوون ئەو قانوونەی ئێستا لەبەردەستانە بۆ هەموو بابەتێکی یاسایی بەرکارمان هەیە، ئێمە لە قانوونی عقوباتی عێراقی ئیستیعانە بەخەبیرمان هەیە، یەعنی لە ئسوڵ و لە عقوبات لە ئسول دیاری کردووە، دیارە میکانزمی تەتبیقاتی عقوباتە ئیستیعانە بە خەبیر هەمانە، کەواتە ئەگەر یەکێك کە نەقسیش بوو لەناو لێژنەکە ئەوکاتە لە زەمی ئیستعانە بە خبیر پەیوەندیەکی لایەنی مەسەلەن پەیوەندیدار رەنگە شتێك مەوادەکە مەوادێکە کیمیایی بێت خەبیرێکی بواری کیمیایی بانگ ئەکەی بۆ ئەوەی هاوکاری لێژنەکە بێت، کەواتە مەرج نییە هەمووی تێدابێت ئەشێ ئەوەشی زۆر زەرووره برادەران ئاماژەیان پێدا بابەتی کشتوکاڵ ئەمە زیاد بکرێت دواتر لە ئامادەکردنی راپۆرتە ئەوی کاك مەم باسی کرد دیارکردنی لایەنی پەیوەندیدار لە لایەنی پەیوەندیدار دیارە کە دوای ئەوەی لێژنەکە پێك دێت حەسەب ماددەکەیە ئەو بابلێن کە کاڵاکە دەستی بەسەردا گیراوە ئەشێت مین زمنی شتێکی ئەمنی بێت ئەو کاتە لایەنی پەیوەندیدار لەو دۆسیە ئەمنیە یان مەسەلەن شتێکی دارایی و ئابووری بێ لەو کاتە لایەنی پەیوەندیدار دائیرە مەعنیەکەی وەزارەتی دارایی و ئابوورییە لەو سنوورە، کەواتە لایەنە پەیوەندیدارەکە ئەگورێت بە پێی کاڵای بەکار هاتوو یەعنی بۆ ئەوەی بابەتێکی تر کە زۆربەی بەڕێزان ئاماژەیان پێدا ئەوەیە کە ئەسەلمێت یان ناسەلمێت بنووسن برگەیەك زیاد بکەن، ئەگەر سەلمێندرا ئێمە تەئکید دەکەینەوە ئسولی مەحاکەماتی جەزائی مان هەیە لە ئسولی مەحاکماتی جەزائی شتێك هەیە کە مەبدەئێك هەیە تەسبیت کراوە، ئەویش ئەوەیە هەموو بابەتێك رێکاری خۆی هەیە بۆ سەلماندن ئەگەر کەسێك نە سەلمێنرێت کە دەستی تێدا هەبووە، کەواتە ئیجرائاتی لەگەڵ ناکرێت ئەمە کە ئەنووسرێت بۆ ئەوانەیە کە پاش تەحقیق و تەواو بوونی تەحقیق و سەلمێنرا،

بەڵام لە مەرحەلەی تەوقیـف بـۆ ئەو مەرحەلەیە مـوودەیەکی کـاتی ئەگیرێـت کە لێـژنەك بـۆی دەرکەوت یان مەحکەمەی گومرگ بۆی دەرکەوت ئەم کەسە بەریـئە هەر لە مەرحەلەی تەحقیـق ئازادی ئەکات، خاڵێکی تر کە زۆر قسەی لەسەر کرا ئازاد ناکرێت لە راگرتن ئەمە مەبەسـتی لێـرە ئەوەیە لە قانوونی عقوباتیش تەئکید لەسەر ئەوە دەکاتەوە زۆربەی ئەو ماددانەی جینایاتن واتە تاوانەکان گەورەن لە مەرحەلەی تەحقیق بەکەفالەت بە بارمتە ئازاد ناکرێن هەتـا کەیسـەکە یەك لا ئەبێـتەوە یـان شەخسـەکە ئیفـراج ئەبێـت یـان شەخسـەکە حـوکم ئەبێت، هەروەك چـۆن لە ماددەکەی (٤٠٥، ٤٠٦، ٤٢٩) یەعنی زۆر ماددەی جینایات مان هەیە لە قانوونی عقوبات هەتـاوەکو کەیسەکە یەکلایی نەبێتەوە کەسەکە موکەفل ناکرێت، یەعنی بە کەفالەت ئازاد ناکرێت لێـرەش بە هەمان شێوە ئازاد ناکرێت، لە مەرحەلەی تەحقیق بە بارمتە یەك بەڕێز ئاماژەی بەوەدا تاوەکو حوکمێکی بنبڕ بێ ئەوەی یاسایەکی زیادە لابرێت تـاوەکو حـوکمی بنبـڕ بـابەتێکی تـر بـاس کـرا ئەڵێ بۆچی داواکاری گشتی بابەتێکی بـابلێن سیفەیەکی قەزای هەیە لەگەل دکتـۆر اسـماعیل و سـەرچنار خـان باسـیان لەو کـرد بـۆ لەگەل ئەم بەڕێـزانە هـاتوون جێگـری پارێزگـارو کە ئەوانە سـیفەتێکی ئیـداریان هەیە، عـادەتەن داواکـاری گشـتی خـۆی هەر لەوە بـۆ تەحقیقـی عەدالەتە، چونکە داواکاری گشتی بێلایەنە تەحقیق لە کاتێـك کە لە لێـژنەیەك لە کەیسێك بەشـدار ئەکـات هەم تەرەفی بابلێن ئەو کەسەیە کە مودەعیە وە هەم تەرەفـی ئەو کەسـەیە مـودەعی عەلـیەیە، یەعنـی هەر دوو تەرەفەکە بـۆیە بـوونی داواکـاری گشـتی بـۆ تەحقیقـی عەدالەتە وە ئـێمە لە هەرێمی کوردستان تەجروبەی ئەم حالەتە زۆرە زۆربەی زۆری لێژنەی ئیـداریەکان لە پارێزگاکـان ئەگەر ئێوە موتابعەتـان کردبێـت داواکـاری گشـتی وجـودی هەیە، کەواتە داواکـاری گشـتی ئەوە ناگەیەنێت کە ئەوەیە خۆ ئەگەر ئێوە جیاکاری وەربگرن سیفەتێکی ئەمنی ئەو کەسی وەزارەتی ناوخۆ لە لێژنەکەیە لەگەل کەسێك لە وەزارەتـی کشـتوکاڵ ئەوانـیش سـەد لە سـەد ئەوەکەیـان جیاوازە لە یەکتری، بۆیە ئەوەی کە هـاتووە لێـرە ئەوەیە یەك بـابەتی تـر لە بـڕگەی چـوارەم زۆر باسـکرا دەسـت بەسـەردا گـرتن و فرۆشـتنی ئەو کاڵایـانەی کە گیـراون زۆربەی ئەم بەڕێـزانە ئاماژەتان بەوە دا کە بڵێن کە بەقاچاخ گیراون شەرت نییە کاڵاکە قاچـاخ بێـت بگیرێـت ئەشـێت قاچاخ نەبێت، بەڵام لە دەرەوەی سەیتەرەی بابلین بـازگەی ئەمنـی هاتبێـت لەو حـالەتە ئەو کـاڵا کاڵاکەی وەکو خۆی، مەسەلەن رەنگە موبایل بێت ئەسلەن رێـگە پێـدراوە بەس کە لە شـوێنێکی نارێك رێگە پێـدراوە لەو کـاتە کـاڵاکە ئەوە دیسـانەوە ئەچێـتەوە سـەرئەو خـاڵەی کە گیـراوە کە یەعنی زەبت ئەکرێ، بۆیە ئەمەش خالێکی تر بۆ کاك دکتۆر رێبوار ئامـاژەی بەوە دا کە ئایـا لێـرە وەکـو لێـژنەی یاسـایی بـاس لەوە کـرا ئەم یاسـایە کە هـاتووەتە بەردەسـت قـانوونی عقوبـاتی عێراقی تاچەند هەیەو وە دژی یەك هەیە بۆ قانوونی عقوباتی عێراقی، بە تەئکیـد ئـێمە زۆربەی زۆری ئەو شتانەی کە برادەران فەراغی ئەزانن ئێمە لە زۆربەی یاساکانی تـر ئەگەڕێـتەوە بۆسـەر قانووناتی عقوباتی عێراقی، چونکە قانووناتی عقوبـاتی عێراقـی وەکـو دایکـی قانوونەکـانی تـر وایە هیچ تەجروباتێکی ئەوەی کە ئێمە درکمان پێـی کردبێـت دیـارە ئـێمەش ئینسـانین و رەنـگە حالەتێك هەبێت و درکمان پێ نە کردبێت، بەڵام هیچ تەزاروبێك بۆ قانووناتی عقوبـاتی عێراقـی وجودی نییە لەناو ئەم یاسایە وەلە هیچ یاسـایەکی تـر ناکرێـت تەزاروب هەبێـت لە بەینـی دوو قانوون ئیلا دەبێت موعالەجە بکرێ و، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس بەرێزان لێژنە قسەتان هەیە، بەڵێ کاك بژار.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکێ پەرلەمانی.**

دووبارە دەست خوشی لە ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان دەکەین ئەوەی بەرامبەری فرۆشتنەکە دەتوانین بکەینە بڕ، بڕی بەرامبەر عیلاج دەبێت، سەبارەت ئەوەی کاك چیاش راستە خۆی کە باسی تەشکیل کردنی لێژنە دەکات دەڵێت لە مادده دوو دەڵێت هەر پارێزگاو ئۆ ئیدارە سەربەخۆییەکان، کەواتە لێرەش ئیدارە سەربەخۆیەکان ئیزافە بکەین، بەرێز سەرۆکی پەرلەمان ببورە مولاحەزەیەکم کرد ئێستا بەس بۆ ئەوەی لە پرۆتوکۆلیش تەسجیل بێت لەو مادده دوو کە باسی تەشکیل کردن دەکات کە دەڵێت جێگری پارێزگارە رائیك کەمە، چونکە جێگری پارێزگا نییە، جێگری موحافزە ئەو رائە، چونکە بۆ ئەوەی پێویستە ئیزافە بکەین هەر لەسەر قسەی ئەوەی کاك چیاش بەلێ پێویستە ئیدارەی سەربەخۆش لێرەش ئیزافە بکەین، چونکە لە مادده دوو دا هیە لەو سنوورەی کە ئەو لێژنەیە لێی تەشکیل دەکرێت پێشنیارەکانی تر هەمووی مەعقولن قابلی گفتوگۆن بەرچاو وەردەگرین ان شاءالله، زۆر سوپاس.

**بەڕێز: د. ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس ماددەی دوای ئەوە ماددەی هەشت.

**بەڕێز عبدالناصر احمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکێ پەرلەمانی.**

ماددەی (٨): دادگای گومرگی تایبەتمەند بە شێوەی خێرا دەڕوانێتە ئەو داواکانی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیان گرێتەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

بەلێ ماددەی دوای ئەوە ماددەی نۆ.

**بەڕێز عبدالناصر احمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکێ پەرلەمان.**

مادده (٩): پێویستە لەسە ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، کاك مەم فەرموو.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکێ پەرلەمان.**

لایەنە پەیوەندیدارەکان لێژنەی یاسایی بۆمان روون کاتەوە با بەرچاومان رووشەن بێت کێ و کێ جێبەجێ ئەکات؟ وەزارەتی ناوخۆیە، بازرگانییە، کشتوکاڵە لە گەلیا ئەوانی دیکەیە ئەو لایەنە پەیوەندیدراەکان ئەوەمان بۆ روون کەن، زۆر سوپاس.

**بەڕێز هەلکەوت انور خلیفە:**

**بەڕێز سەرۆکێ پەرلەمان.**

ماددەی نۆ دەڵێت پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن، ئەگەر ئەنجومەنی وەزیرانی تێدابیت پێویست بە لایەنەکانی تر بۆچی ئەکات، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

بەلێ زۆر سوپاس ئەو پرسیارانەیان هەیە بەڕێز سەرۆکی لێژنەی یاسایی.

**بەڕێز بژار خالد عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکێ پەرلەمانی.**

کە لێرە دەنووسین پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران لایەنە پەیوەندیدارەکان تەبیعی زۆر لایەنی پەیوەندیدار هەیە ئەگەر ئێستا مەسەلەن هەموویان تیعداد بکەین زۆر دەبێت، چونکە زۆر وەزارەت هەن مەعنین، ئێستا مەسەلەن لەم یاسایەدا وەزارەتی دارایی هاتووە وەزارەتی ناوخۆ هاتووە وەزارەتی پێشمەرگە هاتووە دداگای گومرگی خۆی ساحب ئیخساسی لە مەسەلەن ئەوانە هەموویان دەگرێتەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکێ پەرلەمانی.**

داوای لێبوردن دەکەم مەبەست لەوەیە ئەو تەفاسیلەی ئاماژە پێ ئەکەن کە لایەنی پەیوەندیدار لە ڕێنمایی، یەعنی پێویست ناکات لێرە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ ماددەی (١٠) فەرموو.

**بەڕێز عبدالناصر احمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکێ پەرلەمان.**

ماددەی (١٠): وەزیری ناوخۆ بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزیری دارایی و ئابووری ڕێنمایی ئاسان بۆ جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەردەکات.

**بەڕێز: د. ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

بەلێ کێ قسەی هەیە؟ بەلێ کاك مەم،

**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**

**بەڕێز سەرۆکێ پەرلەمان.**

تێبینیەکی زۆر بچکۆلە لەسەر ئەوەی وشەی هەماهەنگی تەواو نییە لە رووی زەمانینەوە وە زایدەن ئەوە لەگەڵی زیادە کە وتت هەماهەنگی وەزیری دارایی کافی بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

جوابتان هەیە بەڕێز لێژنەی یاسایی، بەلێ ماددەی (١١) بەڕێزان.

**بەڕێز عبدالناصر احمد علی:**

**بەڕێز سەرۆکێ پەرلەمان.**

ماددەی (١١) کار بە هیچ دەقی یاساو بڕیارێك ناکرێت لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە دا ناکۆك بێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

ماددەی (١١) بەلێ سەرچنارخان.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکێ پەرلەمان.**

ئێمە یاسایی ژمارە (١٨) ساڵی ٢٠٠٨ مان هەیە کە حالیەن یاسایەکی فیدڕالیەو بەرکارە وە نازانیشم هەر بلێین تەرجومەی ئەو یاسایە کراوە، بەم یاسایە دانراوە نازانم حوکمەکانی پێچەوانە بێت با مەسیری ئەو یاسایەش دیاری بکرێت، بلێ کاری پێ ناکرێت وە حالیەن کاری پێی ئەکرێت لە موحافەزەکانە بەرکارە لێژنەی لەسەر دروست کراوەو جێگری موحافزیش لەناو لێژنەکەدا بۆیە......

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

ئینفاز نەکراوە، مادەم ئینفاز نەکراوە.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکێ پەرلەمانی.**

پەیوەندی بە سنوورەکانەوە هەیە، پێویست بە ئینفاز ناکات لە پەرلەمانە خۆی راستەخۆ ئۆتوماتیکیەن ئینفازە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

ئەو نەصەی کە لەناو قانوونی هەلبژاردنی ئێمە هەیە هەرچی قانوونێك لە عێراق دەردەچێت ئەبێ پەرلەمانی کوردستان موافەقەتی لەسەر بکات ئیشی پێ ئەکەین.

**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**

**بەڕێز سەرۆکێ پەرلەمان.**

وەکو یاسایی ئەمەی نیشتمانی وەکو یاسایی، یەعنی ئەمانە وەکو وتوم کە فیدرالین پێویست بە ئینفاز ناکات وەکو یاسایەك جێبەجێ ئەکات.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

سەرچنار خان ئەوە ڕێك موتەرجەمەی هەندێك لە کوردێك نراوە ئەگینا ئەو ئەمە جێبەجێ ئەکات، ئەگەرنا نابێتە بەدیل، بەلێ ماددەی (١٢).

**بەڕێز ڕۆژان محمد کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

ماددەی (١٢) ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی وەقائیعی کوردستان دا جێبەجێ دەکرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

بەلێ ماددەی دوای ئەوە هۆیەکانی دەرچوواندن.

**بەڕێز ڕۆژان محمد كريم:**
**بەڕێز سەرۆكێ پەرلەمانی.**
هۆیەكانی دەرچوواندن بۆ ڕێگری كردن لە قاچاخچیەتی و لە پێناو دەست بەسەردا گرتنی ئەو كاڵانەی معامەلەكردنیان لە بازارە ناوخۆیەكان دا قەدەغە كراوە وە بە مەبەستی ئاشكرا كردنی ئەو تاوانانەی حوكمەكانی ئەم یاسانە دەیان گرێتەوە ئەو یاسایە دەرچووێندرا، زۆر سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن /سەرۆكی پەرلەمان:**
كێ قسەی هەیە لەسەر هۆیەكانی دەرچوواندن؟ بەلێ دكتۆر اسماعیل.
**بەڕێز اسماعيل علي طه:**
**بسم الله الرحمن الرحيم.**
**بەڕێز سەرۆكا پەرلەمانی.**
ئەز تێتگەهم كۆ ئێكیش ئەهداف و ئامانج و ڤێ قانوونێ كێم كرنا رووتینێ یە و وە لەز كرنە ئێكلایی كرنا هندەك دۆسێ یادا ژبەر هندێ لێژنێ سەلاحیاتێت یێت هرێز لێژنێ یێن داینە لێژنا چێكرن ژبەر هندێ ئەز بینم زروریە پێتڤیە هۆیەكانی دەرچوواندا ئیشارەت بۆ هندێ بێتە دان خالا ئەخیرێدا كۆ ئەو بێژیتن بەری ئەم یاسایە دەرچووێندرابێت ئۆ بێژیت مەبەستا كێم كرنا روتینێ ئو لەزكرن ئێك لای كرنا دۆسەیاندا ئەم یاسایە دەرچوێندرا، زۆر سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن /سەرۆكی پەرلەمان:**
بەلێ زۆر سوپاس سەرچنار خان فەرموو.
**بەڕێز سەرچنار احمد محمود:**
**بەڕێز سەرۆكێ پەرلەمانی.**
پشتگیری لە راكەی دكتۆر اسماعیل ئەكەم لەبەرئەوەی لە ماددەی هەشت هاتووە ئەڵێت بە سیفەتی ئیستعجال ئەروانێتە ناو هینەكان ئەوەی بۆ زیاد بكرێت كە مەبەستی كەم كردنەوەی رۆتین و خێراكردنی رایەكانی ئەم یاسایە دەرچوێندرا، زۆر سوپاس.
**بەڕێز مەم برهان محمد قانع:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
ئەم یاسایە لە پێناو دەست بەسەرداگرتندا نییە، یەكێك لە ئەركەكانی دەست بەسەرداگرتنە، بۆیە بۆ ڕێگری كردن لە قاچاخچیەتی و هەروەها دەست بەسەرداگرتنی ئەو كاڵانەی مەعمەلەكردنیان لە بازاری ناوخۆییەكاندا قەدەغە كراوەو بۆ ئاشكرا كردنی ئەو تاوانانەی ئەو حوكمانەشی یاسایە دەیان گرێتەوە ئەم یاسایە دەرچوێندرا ئا بەو ئێوەیە لێبكرێت رەنگە گونجاو تربێت، زۆر سوپاس.
**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسین/ سەرۆكی پەرلەمان:**
بەلێ زۆر سوپاس كاك شیخ ظاهر.
**بەڕێز ظاهر محمد علي حسين:**
**بەڕێز سەرۆكی پەرلەمان.**
هۆیەكانی دەرچوواندن بۆ ڕێگری كردن لە قاچاخچیەتی و لە پێناو دەست بەسەرداگرتنی ئەو كاڵانەی كە مەعامەلەیان لەناو بازارە ناوخۆییەكاندا قەدەغە كراوە مەبەستی ئاشكرا كردنی ئەو تاوانانەی حوكمەكانی ئەم یاسایە دەیان گرێتەوە ئەم یاسایە دەرچووێندرا، پێم باشە

سیاغەکەی بەم شێوەی لێبکرێت بۆ ڕێگری کردن لە کاڵای قاچاخ و قەدەغە کراو و دەست بەسەرداگرتن یان و ئاشکرا کردنی ئەو تاوانانەی کە حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە و سزادانی بکەرانیان ئەم یاسایە دەرچوێندرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڵێ زۆر سوپاس، زۆر سوپاس بۆ لیژنەی ناوخۆ، دکتور گیان فەرموو.

**بەڕێز محی الدین حسن یوسف:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سیاغەیەکم ئامادەکردووە بەکورتی باسی دەکەم بەمەبەستی ڕێگرتن و قەدەغەکردن و دەست بەسەرداگرتنی کاڵای قاچاخ و قەدەغە کراو و بنبڕکردنی هەناردەو هاوردەکردن و مەعامەلەکردنیان پێوە ودابین کردنی سەلامەتی و سەقامگیری بازاڕە ناوخۆییەکانی هەرێمی کوردستان ئەم یاسایە دەرچوێندرا، زۆر سوپاس.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن /سەرۆکی پەرلەمان:**

زۆر سوپاس دەست، بە جێبەجێ کردنی بڕگەیەکی تری بەرنامەی کار ئەکەین کە بریتەیە لە خوێندنەوەی دووەم بۆ پێشنیازە یاسایی هەمواری جێبەجێ کردنی یاسایی چاودێری کردنی ناوجەوانن ژمارە ٧٦ ساڵی ١٩٨٣ فەرموون بەڵێ داوا لە سەرۆکایەتی لیژنەی کۆمەڵایەتی دەکەین فەرموون کاروباری کومەڵایەتی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان رازین ڕاپۆرتی لیژنەی هاوبەش بکرێتە بنەما بۆ مناقەشە؟ بیکەن بە بنەما، یەکسەر ناونیشان.

**بەڕێز ڕۆژان محمد کریم:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

بۆ سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان.

بابەت/ ڕاپۆرتی لیژنەی تایبەتمەند کە ڕاستاندنی بۆ کراوە لەلایەن لیژنەی کاروباری یاسایی، لیژنەی کاروباری یاسایی ڕۆژی (٤) شەمە ڕێکەوت (٢٠٢٢/٥/٢٥) کاتژمیر (١١) کۆبوونەوەی خۆی ئەنجامدا بە مەبەستی پێداچوونەوە و داڕشتنی یاسایی و دڵنیابوون لە نەبوونی دەقەکان لەگەڵ دەستوور و یاسا کارپێکراوەکان، بەپێی حوکمەکانی مادده (٨٠، ٨٥) و بڕگەکانی (١، ٣) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان تایبەت بە ڕاپۆرتی لیژنەی کاروباری کۆمەلایەتی و داکۆکی لە مافی مرۆڤ، بۆ خوێندنەوەی دووەم سەبارەت بە پێشنیارە یاسای هەمواری جێ بەجێ کردنی یاسای چاودێری ناوجەوانانی ژمارە (٧٦ ی ساڵی ١٩٨٣ ) لیژنەی یاسایی ئەو داڕشتنەوەی خوارەوەی پێ پەسندە:

پێشنیازە یاسای هەمواری پیادەکردنی یاسای چاودێری ناوجەوانان ژمارە (٧٦ ی ساڵی ١٩٨٣)ی هەموار کراو لە هەرێمی کوردستان-عیراق.

**بەڕێز د.ڕێواز فائق حسێن/سەرۆکی پەرلەمان:**

ناونیشان بیخوێنەوە، کێ قسەی هەیە؟ شیرین خان و دکتۆر ڕێبوار.

**هەرێمی کوردستان - عێراق**
**پەرلەمانی**
**کوردستان - عێراق**

# پڕۆتۆکۆلەکان

# ١٢٧

سالّی/ ٢٠٢٢ – بەرگی سەدو بیست و حەفت

---

چاپی یەکەم/ سالّی ٢٠٢٣

# پێڕیست

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٧) ی خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – چوارشەممە ٢٠٢٢/٦/٢٢ ل ٥
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٨) ی خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – پێنج شەممە ٢٠٢٢/٦/٢٣ ل ١٣٧
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٩) ی خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە ٢٠٢٢/٦/٢٧ ل ٢٤٣
پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٠) ی خولی پێنجەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە ٢٠٢٢/٦/٢٩ ل ٢٨٥

**بەڕێز عباس فتاح صالح:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
راپۆرتی دەنگدان، لیژنەی کاروباری یاسایی و لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجوومەنی خۆجەییەکان، رۆژی دوو شەممە ریکەوتی (٢٠٢٢/٦/٢٠) کاتژمێر (١٠:٣٠)ی بەیانی، کۆبوونەوەی هاوبەشیان ئەنجامدا بۆ تاوتوێکردن و دارشتنەوەی ئەو پێشنیارانەی کە لەلایەن ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەشکراون، سەبارەت بە پێشنیازە یاسای گرتنی کاڵای قاچاخ و قەدەغەکراو لە مامەڵەپێکردن لە هەرێمی کوردستان_عێراق، لە دانیشتنی خوێندنەوەی دووەمدا دوای گفتوگۆکردن و تاوتوێکردن لیژنەکان گەیشتنە ئەم ئەنجامەی خوارەوە.
سەبارەت بە ناونیشان سێ پێشنیار هەیە.
پێشنیاری یەکەم: پێشنیازە یاسای گڵدانەوەی کاڵای قاچاخ و قەدەغەکراو لە مامەڵەپێکردن لە هەرێمی کوردستان_عێراق.
پێشنیاری دووەم: پێشنیازە یاسای دەست بەسەرداگرتنی کاڵای قاچاخ و قەدەغەکراو لە مامەڵەپێکردن لە هەرێمی کوردستان_عێراق.
پێشنیاری سێیەم: وەکو خۆی.
**بەڕێز د. رێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**
بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ناونیشان سێ پێشنیار هەیە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری یەکەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری دووەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (١) کەسی لەگەڵە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری سێیەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ پەسەندکرا، داوا لە ئەندامە بەڕێزەکانی پەرلەمان دەکەین بۆ مەبەستی دەنگدان بێنە ژوورەوە، ئەمە پەیوەستە بە قەدەغەکردنی کاڵای قاچاخ کە زۆرترین قسەی لەسەر دەکرێت لەم هۆڵی پەرلەمانە، جگەلە هەردوو لیژنەی وزە و لیژنەی تەندروستی داوا لە ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان دەکەین بۆ جێ بەجێکردنی پابەندیەکانیان لە ناو هۆڵی پەرلەمان بێنە ژوورەوە، ئەم یاسایە یاسایەکی گرنگە پەیوەستە بە قەدەغەکردنی کاڵای قاچاخ لە هەرێمی کوردستان کە زۆرترین قسەی لەسەر دەرکرێت، فەرموون.
**بەڕێز عباس فتاح صالح:**
**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**
سەبارەت بە ماددەی یەکەم هەشت پێشنیار هەیە.
پێشنیاری یەکەم: ماددەکە وەکو خۆی تەنها بڕگەی سێیەم و چوارەم بەم شێوەیەی لێبکرێت.
سێیەم: کاڵای قاچاخ ئەو کاڵایانەیە کە هێنان و بردنیان پێدەکرێت و بەبێ دانانی رەسم و باجی گومرگی بەپێی حوکمەکی یاسا بەرکارەکان.
چوارەم: کاڵا قەدەغەکراو ئەو کاڵایانەی کە مامەڵەی پێکردنیان لە بازاڕەکانی ناوخۆ و هەرێم قەدەغە دەکرێت لەلایەن دەسەڵاتە پەیوەندیدارەکانەوە.
پێشنیاری دووەم: ماددەکە وەکو خۆی تەنها بڕگەی چوارەم بەم شێوەیەی لێبکرێت.
چوارەم: کاڵای قەدەغەکراو ئەو کاڵایانەیە کە بەپێی حوکمی یاسا بەرکارەکان مامەڵەپێکردنیان لە بازاڕەکانی ناوخۆ و هەرێم قەدەغە دەکرێت.

پێشنیاری سێیەم: ماددەکە وەکو خۆی تەنها بڕگەی چوارەم بەم شێوەیەی لێبکرێت.
چــوارەم: کــاڵای قەدەغەکــراو ئەو کاڵایــانەیە کە لەلایەن دەســەڵاتە پەیوەندیــدارەکانەوە مامەڵەپێکردنیان بەپێی یاسا بەرکارەکان لە بازاڕەکانی ناوخۆی هەرێم قەدەغە دەکرێت.
پێشنیاری چوارەم: ماددەکە وەکو خۆی تەنها بڕگەی سێیەم بەم شێوەیەی لێبکرێت.
سێیەم: کاڵای قاچاخ ئەو کاڵایانەیە کە هێنان و بردنیان پێدەکرێت بەبێ دانـانی رەسم و بـاجی گومرگی بەپێی حوکمی یاسا و رێنماییە بەرکارەکان.
پێشنیاری پێنجەم: ماددەکە وەکو خۆی تەنها بڕگەی سێیەم و چوارەم بەم شێوەیەی لێبکرێت.
سێیەم: کاڵای قاچاخ ئەو کاڵا و شمەکانەیە کە هاوردە و هەناردەیـان پێـوە دەکرێـت لە دەرەوەی یاسا و رێنماییە بەرکارەکان.
چوارەم: کاڵای قەدەغەکراو ئەو کاڵایانەیە کە لەلایەن دەسـەڵاتە پەیوەندیـدارەکانەوە هـاوردە و هەناردەکردنیان لە بازاڕەکانیش قەدەغەیە.
پێشنیاری شەشەم: ماددەکە وەکو خۆی تەنها بڕگەی سێیەم بەم شێوەیەی لێبکرێت.
سێیەم: کاڵای قاچاخ ئەو کاڵایـانەیە کە هـاوردە و هەنـاردە دەکرێـت و بەبـێ مـۆڵەت و رەسـم و باجی گومرگی بەپێی حوکمی یاسا بەرکارەکان.
پێشنیاری حەوتەم: ماددەکە وەکو خۆی.
پێشنیاری هەشتەم: پێشنیاری هەردوو لیژنەی تایبەتمەند، بەپێی ئەو دەسـەڵاتانەی مـاددەی (٩١) بڕگەی چوارەم لە پەیڕەوی نـاوخۆی پەرلەمـانی کوردسـتان کە بە لیـژنەی یاسـایی و تایبەتمەنـد دراوە ئـێمە لە کۆبەنـدی ئەو بـژاردە پێشـنیارکراوانە لەلایەن ئەنـدامانی پەرلەمـان لە دانیشـتنی خوێنـدنەوەی دووەمـدا، ئەم پێشـنیارە دەخەیـنە روو، داوا دەکەیـن بخـرێتە دەنگدان، مـاددەکە وەکو خۆی تەنها بڕگەکانی سێیەم و چوارەم بەم شێوەیەی لێبکرێت.
سێیەم: کـاڵای قاچـاخ هەر کـاڵایەك کە لە دەرەوەی یاسـا و رێکسـازیە کارپێکراوەکـان لە هەرێـم بەبێ جێ بەجێکردنی پابەندی رەسم و باجی گومرگی هاوردە و هەناردە دەکرێـت یـان هێنـان و بردنیان.
چـوارەم: کـاڵای قەدەغەکـراو هەر کـاڵایەك بەپێــی یاسـا بەرکارەکـانی هەرێـم لەلایەن لایەنە پەیوەندیـدارەکانەوە مـامەڵە و ئـاڵوگۆڕ پێکردنیـان لە بازاڕەکـانی نـاوخۆی هەرێمـدا قەدەغە دەکرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێـزان ئەنـدامانی پەرلەمـان، سـەبارەت بە مـاددەی یەك هەشـت پێشـنیار هەیە، هەر بەڕێزێـك لەگەڵ پیشـنیاری یەکەمە تکـایە دەسـت بەرزکـاتەوە؟ کەس لەگەڵ نیـیە، هەر بەڕێزێـك لەگەڵ پێشنیاری دووەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵ نیـیە، هەر بەڕێزێـك لەگەڵ پێشـنیاری سێیەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵ نیـیە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشـنیاری چـوارەمە تکایە دەسـت بەرزکـاتەوە؟ کەس لەگەڵ نیـیە، هەر بەڕێزێـك لەگەڵ پێشـنیاری پێـنجەمە تکـایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێـك لەگەڵ پێشـنیاری شەشـەمە تکـایە دەسـت بەرزکــاتەوە؟ کەس لەگەڵ نیــیە، هەر بەڕێزێــك لەگەڵ پێشــنیاری حەوتەمە تکــایە دەســت

بەرزكــاتەوە؟ كەس لەگەڵ نيــيە، هەر بەڕێزێــك لەگەڵ پێشــنيارى هەشــتەمە تكــايە دەســت بەرزكاتەوە؟ پەسەندكرا، فەرموون ماددەى دووەم بخوێننەوە.

**بەڕێز شاخوان رؤوف مصطفى :**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەى دوو شەش پێشنيار هەيە.

پێشنيارى يەكەم: ماددەكە وەكو خۆى تەنها بڕگەى يەكەمى ماددەكە بەم شێوەيەى لێبكرێت.

يەكەم: ئەو كاڵايانەى كە بە بەڵگە سـەلمێنراون بـۆ قاچـاخ پێكـردن ئامـادەكراون لەگەڵ ئـامرازى بەكارهاتوون لە گواستنەوەيان.

پێشنيارى دووەم: ماددەكە وەكو خۆى تەنها پێشەكى ماددەكە بەم شێوەيەى لێبكرێت.

لايەنى پەيوەنديدارەكانى حكومەتى هەرێم دەسەڵاتيان هەيە بۆ گرتنى.

پێشنيارى سێيەم: ماددەكە وەكو خۆى تەنها لەگەڵ زيادكردنى بڕگەيەك بە زنجيرەى سێيەم.

سێيەم: خاوەنى ئەو كاڵايانەى كە لە هەردوو بڕگەى يەكەم و دووەمدا هاتوون.

پێشــنيارى چــوارەم: مــاددەكە وەكــو خــۆى تەنهــا دەســتەواژەى گرتنــى بكرێــت بە دەســت بەسەرداگرتن.

پێشنيارى پێنجەم: ماددەكە وەكو خۆى.

پێشنيارى شەشەم: پێشنيارى هەردوو ليژنەى تايبەتمەند، ماددەكە بەم شێوەيەى لێبكرێت.

مـاددەى (٢): هەر دوو وەزارەتـى نـاوخۆ و كاروبـارى پێشـمەرگە و دەزگـاى ئاسايشـى هەرێـم و بەڕێوەبەرايەتى گشتى گومرگەكان دەسەڵاتيان هەيە بۆ گرتنى.

يەكەم: ئەو كاڵايــانەى كە بــۆ قاچــاخ پێكــردن ئامــادەكراون لەگەڵ ئــامرازى بەكارهــاتوو لە گواستنەوەيان.

دووەم: كاڵاى قەدەغەكراو لەگەڵ ئامرازى بەكارهاتوو لە گواستنەوەيان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆكى پەرلەمان:**

بەڕێـزان ئەنـدامانى پەرلەمـان، سـەبارەت بە مـاددەى دوو شـەش پێشـنيار هەيە، هەر بەڕێزێـك لەگەڵ پيشـنيارى يەكەمە تكـايە دەسـت بەرزكـاتەوە؟ كەس لەگەڵ نيـيە، هەر بەرێزێـك لەگەڵ پێشنيارى دووەمە تكايە دەست بەرزكاتەوە؟ كەس لەگەڵ نيـيە، هەر بەڕێزێـك لەگەڵ پێشـنيارى سێيەمە تكايە دەست بەرزكاتەوە؟ كەس لەگەڵ نيـيە، هەر بەڕێزێـك لەگەڵ پێشـنيارى چـوارەمە تكـايە دەسـت بەرزكـاتەوە؟ (١) كەسـى لەگەڵە، هەر بەرێزێـك لەگەڵ پێشـنيارى پێـنجەمە تكـايە دەست بەرزكاتەوە؟ كەس لەگەڵ نييە، هەر بەڕێزێـك لەگەڵ پێشـنيارى شەشـەمە تكـايە دەسـت بەرزكاتەوە؟ پەسەندكرا، فەرموو ماددەى سێيەم بخوێننەوە.

**بەڕێز شاخوان رؤوف مصطفى :**

**بەڕێز سەرۆكى پەرلەمان.**

سەبارە بە مادده سێ شەش پێشنيار هەيە.

پێشنيارى يەكەم: ماددەكە وەكو خۆى تەنها بڕگەى يەكەم بەم شێوەيەى لێبكرێت.

يەكەم: لە هەر پارێزگا و ئيدارەيەكى سـەربەخۆكان ليـژنەيەك بە سـەرۆكايەتى جێگرى پارێزگـار يان جێگرى سەرپەرشتيارى ئيدارە سـەربەخۆكان پێكـدێت بە ئەنـداميەتى نـوێنەرى هەر يەك لە

وەزارەتەکانی ناوخۆ و کاروباری پێشمەرگە و دارایی و ئابووری و بازرگانی و پیشەسازی و دەزگای ئاسایشی هەرێم و داواکاری گشتی.
پێشنیاری دووەم: ماددەکە وەکو خۆی تەنها بڕگەی یەکەم بەم شێوەیەی لێبکرێت.
یەکەم: لە هەر پارێزگا و ئیدارەیەکی سەربەخۆ لیژنەیەك بە سەرۆکایەتی جێگری پارێزگار یان جێگری سەرپەرشتیاری پێکدێت بە ئەندامیەتی نوێنەری هەر یەك لە وەزارەتەکانی ناوخۆ و کاروباری پێشمەرگە و دارایی و ئابووری و بازرگانی و پیشەسازی و دەزگای ئاسایشی هەرێم.
پێشنیاری سێیەم: ماددەکە وەکو خۆی تەنها بڕگەی یەکەم بەم شێوەیەی لێبکرێت.
یەکەم: لە هەر پارێزگا و ئیدارەیەکی سەربەخۆ لیژنەیەك بە سەرۆکایەتی جێگری پارێزگار یان جێگری سەرپەرشتیار پێکدێت بە ئەندامیەتی نوێنەری هەر یەك لە وەزارەتەکانی ناوخۆ و کاروباری پێشمەرگە و دارایی و ئابووری و بازرگانی و پیشەسازی و کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو و تەندروستی دەزگای ئاسایشی هەرێم و داواکاری گشتی.
پێشنیاری چوارەم: ماددەکە وەکو خۆی تەنها دەستەواژەی گیراو بکرێت بە دەست بەسەرداگیراو.
پێشنیاری پێنجەم: ماددەکە وەکو خۆی.
پێشنیاری شەشەم: پێشنیاری هەردوو لیژنەی تایبەتمەند ماددەکە بەم شێوەیەی لێبکرێت.
ماددەی (٣):
یەکەم: لە هەر پارێزگا و ئیدارەیەکی سەربەخۆکاندا لیژنەیەك بە سەرۆکایەتی جێگری پارێزگار یان جێگری سەرپەرشتیاری ئیدارەی سەربەخۆ پێکدێت بە ئەندامیەتی نوێنەری هەر یەك لە وەزارەتەکانی ناوخۆ و کاروباری پێشمەرگە و دارایی و ئابووری و بازرگانی و پیشەسازی و کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو تەندروستی و دەزگای ئاسایشی هەرێم و داواکاری گشتی.
دووەم: لیژنە ئەم ئەرکانەی خوارەوە لە ئەستۆ دەگرێت.
١- وەرگرتنی ئەو کاڵایانەی کە بەپێی حوکمی ماددەکانی دووی ئەم یاسایە گیراون.
٢- خەمڵاندنی بەهای کاڵای گیراو بەپێی نرخی بازاڕ بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدارەکان.
٣- رادەستکردنی کاڵای گیراو بە فەرمانگەی پەیوەندیدار.
٤- دەست بەسەرداگرتن و فرۆشتنی ئەو کاڵایانەی کە گیراون بەهاکەیان لە پێنج ملیۆن دینار کەمترە، وە دابەشکردنی بڕی بەرامبەرەکەی بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە و رەوانەکردنی ئەو کاڵایانەی بەهاکەیان لەو بڕە زیاترە بۆ دادگای گومرگی تایبەتمەند.
٥- فرۆشتنی ئەو کاڵایانەی کە گیراون بە زیادکردنی ئاشکرا دەبێت بەپێی حوکمەکانی ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٢١)، یاسای فرۆشتن و بەکرێدانی موڵك و ماڵی دەوڵەت لە هەرێمی کوردستان_عێراق، ئەگەر بۆ لیژنە یەکلایی بووەوە کە کاڵای قاچاخن یان بۆ قاچاخی ئامادەکراون.
٦- فرۆشتنی ئامرازی گواستنەوەی کاڵای گیراو بە زیادکردنی ئاشکرا بەپێی حوکمەکانی یاسای بەرکار لە هەرێم پاش ئەوەی حوکمی دەرچوو لە داوای پەیوەست بە کاڵای گیراو پلەی بنبڕ وەردەگیرێت.

٧- ڕەوانەکردنی قاچاخچی و ئەو کەسانەی مامەڵە دەکەن بە کاڵای قەدەغەکراو و شۆفێری ئامرازی گواستنەوە و کاڵای گیراو و ئەوەی لەگەڵیان بەشداربووە بۆ دادگای گومرگی تایبەتمەند و ئازاد ناکرێن لە راگرتن تاوەکو حوکمێکی بنبڕ لە داواکەیان دەرنەچێت.

٨- خەرجکردنی پاداشت و ئەو بڕانەی لە هەردوو ماددەکانی پێنج و شەشی ئەم یاسایەدا هاتوون بۆ کەسانی شایستە لە پاش ئەوەی حوکمەکەیان پلەی بنبڕ وەردەگرێت.

سێیەم: سەرۆکی لیژنە دەسەڵاتی پیادەکردنی حوکمی ماددەی (١٩٤)ی یەکەمی (ب) لە یاسای گومرگی ژمارە (٢٣)ی ساڵی (١٩٨٤)، دەبێت بۆ مەبەستی جێ بەجێکردنی حوکمی ئەم یاسایە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ماددەی سێ شەش پێشنیار هەیە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پیشنیاری یەکەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری دووەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ (١) کەسی لەگەڵە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری سێیەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری چوارەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری پێنجەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری شەشەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ پەسەندکرا، فەرموون ماددەی چوار بخوێننەوە.

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی چوار دوو پێشنیار هەیە.

پێشنیاری یەکەم: ماددەکە لابرێت.

پێشنیاری دووەم: ماددەکە وەکو خۆی، تەنها دەبێت، بەهاکەیمان لاداوە بۆ ئاگاداریتان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ماددەی چوار دوو پێشنیار هەیە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پیشنیاری یەکەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵ نییە، هەر بەرێزێك لەگەڵ پێشنیاری دووەمە ماددەکە وەکو خۆی تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ پەسەندکرا، فەرموون ماددەی پێنج بخوێننەوە.

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی پێنج چوار پێشنیار هەیە.

پێشنیاری یەکەم: ماددەکە وەکو خۆی تەنها لەگەڵ زیادکردنی بڕگەیەك بۆ ماددەکە بە زنجیرەی پێنجەم بەم شێوەیەی خوارەوە.

پێنجەم: ئەگەر هەواڵدەر لە هەمان کاتدا فەرمانبەربوو جگەلە لە پاداشتە داراییەکە سوپاس و پێزانینێکی پێدەبەخشرێت.

پێشنیاری دووەم: ماددەکە وەکو خۆی تەنها بڕگەی دووەم بەم شێوەیەی لێبکرێت.

دووەم: پاداشتی هاتوو لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە بەپێی ئەو ڕێژانەی خوارەوە دابەش دەکرێت.

١- له (٦٠٪) بۆ هەواڵدەر.
٢- له (٤٠٪) بۆ ئەو کەسانەی هەڵساون بە ئاشکراکردن و گرتنی کاڵاکە.

پێشنیاری سێیەم: ماددەکە وەکو خۆی.

پێشنیاری چوارەم: پێشنیاری هەردوو لیژنەی تایبەتمەند ماددەکە وەکو خۆی تەنها بڕگەی یەکەم بەم شێوەیەی لێبکرێت.

یەکەم: هەواڵدەر ئەو کەسانەی کاڵای قاچاخ یان قەدەغەکراو ئاشکرا دەکەن یان دەیگرن پاداشتی داراییان پێ دەبەخشرێت بە رێژەی لە (٢٠٪)ی بڕی بەرامبەری یان بەهای کاڵای دەست بەسەرداگیراو، دوای دەرچوونی حوکمی بنبڕ لەلایەن دادگای تایبەتمەندەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ماددەی پێنج چوار پێشنیار هەیە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پیشنیاری یەکەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری دووەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری سێیەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری چوارەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ پەسەندکرا، فەرموون ماددەی شەش بخوێننەوە.

**بەڕێز شاخوان ڕؤوف مصطفى :**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی شەش پێنج پیشنیار هەیە.

پێشنیاری یەکەم: ماددەکە بەم شێوەیەی لێبکرێت.

یەکەم: وەزارەتی دارایی و ئابووری بڕی ئەو پاداشتەی بەپێی حوکمەکانی ماددەی (٥)ی ئەم یاسایە خەرج دەکرێت، لە ئەستۆ دەگرێت و سەبارەت بەو کاڵایانەی کە لەلایەن وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لە ناو دەبرێن شیاوی فرۆشتن نین.

دووەم: وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی دەتوانن رەفتار بە کاڵای قەدەغەکراو بکات کە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە رادەستکراون بە هەناردەکردنیان یان لە ناوبردنیان.

پیشنیاری دووەم: ماددەکە وەکو خۆی تەنها بڕگەی دووەم بەم شێوەیەی لێبکرێت.

دووەم: وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی دەتوانن رەفتار بە کاڵای قاچاخ بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە رادەستکراو بکات بە هەناردەکردنیان یان لە ناوبردنیان.

پێشنیاری سێیەم: ماددەکە وەکو خۆی تەنها بڕگەی دووەم بەم شێوەیەی لێبکریت.

دووەم: وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی دەتوانن رەفتار بە کاڵای قەدەغەکراو بکات بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە رادەستکراون بکات بە هەناردەکردنیان یان لە ناوبردنیان بە سەرپەشتی لیژنەی تایبەتمەند.

پێشنیاری چوارەم: ماددەکە وەکو خۆی.

پێشنیاری پێنجەم: پێشنیاری هەردوو لیژنەی تایبەتمەند ماددەکە وەکو خۆی تەنها بڕگەی دووەم بەم شێوەیەی لێبکریت.

دووەم: وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی دەتوانن بەپێی حوکمەکانی یاسای بەرکارەکانی هەرێم رەفتار بە کاڵای قاچاخ یان قەدەغەکراو بکات بە هەناردەکردنیان یان لە ناوبردنیان.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ماددەی شەش پێنج پێشنیار هەیە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری یەکەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری دووەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری سێیەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری چوارەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری پێنجەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ پەسەندکرا، فەرموون ماددەی حەوت بخوێننەوە.

**بەڕێز نزار ملا عبدالغفار:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی حەوت پێنج پێشنیار هەیە.

پێشنیاری یەکەم: ماددەکە وەکو خۆی تەنها خاڵی سێیەمی بڕگەی دووەم بەم شێوەیەی لێبکرێت.

دووەم: ٣- سوودی ئەو کاڵایەی کە لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە هاتووە لە بانکدا سپێردراوە بە ناوی شارەوانی پەیوەندیدار لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکاندا تۆمار دەکرێت.

پێشنیاری دووەم: ماددەکە وەکو خۆی تەنها خاڵی سێی بڕگەی دووەم بەم شێوەیەی لێبکرێت.

دووەم: ٣- سوودی ئەو کاڵایەی کە لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە هاتووە لە بانکدا سپێردراوە بە ناوی گەنجینەی گشتی تۆمار دەکرێت.

پێشنیاری سێیەم: ماددەکە وەکو خۆی تەنها خاڵی سێی بڕگەی دووەم لاببرێت.

پێشنیاری چوارەم: ماددەکە وەکو خۆی.

پیشنیاری پێنجەم: پێشنیاری هەردوو لیژنەی تایبەتمەند ماددەکە وەکو خۆی تەنها خاڵی سێ لە بڕگەی دووەم بەم شێوەیەی لێبکرێت.

دووەم: ٣- سوودی بڕی بەرامبەری ئەو کاڵایەی کە لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیەدا هاتووە لە بانکدا سپێردراوە بە ناوی شارەوانی پەیوەندیدار لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکاندا تۆمار دەکرێت.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ماددەی حەوت پێنج پێشنیار هەیە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پیشنیاری یەکەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری دووەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری سێیەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری چوارەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری پێنجەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ پەسەندکرا، فەرموون ماددەی هەشت بخوێننەوە.

**بەڕێز ذكرى احمد اسماعيل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی هەشت هیچ پێشنیارێك نییە ماددەکە وەکو خۆی.

ماددەی (٨):

دادگای گومرگی تایبەتمەند بە شێوەی خێرا دەڕوانێتە ئەو داوایانەی حوکمەکانی ئەم یاسایانەی دەیانگرێتەوە.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ماددەی هەشت هیچ پێشنیارێك نیە، ماددەکە وەکو خۆی هەر بەڕێزێکی لەگەڵە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ پەسەندکرا، فەرموون ماددەی نۆ بخوێننەوە.

**بەڕێز ذكرى احمد اسماعيل:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی نۆ دوو پێشنیار هەیە.

پێشنیاری یەکەم: ماددەکە بەم شێوەیەی لێبکرێت.

ماددەی (٩): پێویستە لەسەر ئەنجوومەنی وەزیران حوکمەکانی ئەم یاسایە جێ بەجێ بکەن.

پێشنیاری دووەم: ماددەکە وەکو خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ماددەی نۆ دوو پێشنیار هەیە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پیشنیاری یەکەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری دووەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ پەسەندکرا، فەرموون ماددەی دە بخوێننەوە.

**بەڕێز خديجه عمر طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی دە دوو پێشنیار هەیە.

پێشنیاری یەکەم: ماددەکە بەم شێوەیەی لێبکرێت.

ماددەی (١٠): وەزیری ناوخۆ بە هاوهەنگی وەزیری دارایی و ئابووری ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێ بەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەردەکات.

پێشنیاری دووەم: ماددەکە وەکو خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ماددەی دە دوو پێشنیار هەیە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پیشنیاری یەکەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ کەس لەگەڵ نییە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ پێشنیاری دووەمە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ پەسەندکرا، فەرموون ماددەی دوای ئەوە بخوێننەوە.

**بەڕێز خديجه عمر طه:**

**بەڕێز سەرۆکی پەرلەمان.**

سەبارەت بە ماددەی یازدە هیچ پێشنیارێك نیە ماددەکە وەکو خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان، سەبارەت بە ماددەی یازدە هیچ پێشنیارێك نیە، ماددەکە وەکو خۆی هەر بەڕێزێکی لەگەڵە تکایە دەست بەرزکاتەوە؟ پەسەندکرا، فەرموون ماددەی دوای ئەوە بخوێننەوە.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

ماددەی (١١) هیچ پێشنیارێك نییە وەك خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

دەست خۆش، ماددەی (١١) هەر بەڕێزێکی لەگەڵە وەك خۆی؟ هیچ پێشنیارێك نییە، پەسەند کرا، ماددەی (١٢).

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

سەبارەت بە ماددەی (١٢) هیچ پێشنیارێك نییە وەك خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

هەر بەڕێزێك لەگەڵ ماددەی (١٢) وەك خۆی؟ هیچ پێشنیارێك نییە، پەسەند کرا، هۆیەکانی دەرچوواندمان بۆ بخوێنەوە.

**بەڕێز خدیجە عمر طە:**

سەبارەت بە هۆیەکانی دەرچوواندن سێ پێشنیار هەیە:

پێشنیاری یەکەم/

بۆ ڕێگری کردن لە کاڵای قاچاغ و قەدەغەکراو و دەست بەسەردا گرتنیان و ئاشکراکردنی ئەو تاوانانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە و سزادانی بکەران، ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

پێشنیاری دووەم/

هۆیەکانی دەرچوواندن/ بە مەبەستی ڕێگەگرتن و قەدەغەکردن و دەست بەسەردا گرتنی کاڵای قاچاغ و قەدەغەکراو و بنبڕ کردنی هەنارده و هاوردەکردن و مامەڵە پێکردنیان و دابین کردنی سەلامەتی و سەقامگیری بازاڕە ناوخۆییەکانی هەرێمی کوردستان، ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

پێشنیاری سێیەم/ وەك خۆی.

**بەڕێز د. ڕێواز فائق حسێن/ سەرۆکی پەرلەمان:**

بەڕێزان، هۆیەکانی دەرچوواندن سێ پێشنیار هەیە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ یەکەمە؟ کەس لەگەڵ نییە، لەگەڵ دووەم؟ دوو ئەندامی بەڕێزی پەرلەمان لەگەڵە، هەر بەڕێزێك لەگەڵ سێیەمە؟ پەسەند کرا.

کۆی یاساکە (یاسای گرتنی کاڵای قاچاغ و قەدەغەکراو لە مامەڵە پێکردن لە هەرێمی کوردستان) دا دەخەینە دەنگدان، خۆزگە زۆرترین ئەندامی پەرلەمان لە ژوورەوە بوایە، بە دەنگی (٦٦) ئەندامی پەرلەمان پەسەند کرا، بەڵێ زۆر زۆر سوپاس بۆ بەڕێزان لە لیژنەی ناوخۆ، دەستتان خۆش بێ، ماندوو نەبن، ئێوە بڕۆن، داوا لە بەڕێزان لە لیژنەی شارەوانی دەکەین بفەرموون بۆ